# نەخشەڕێگای
# بنیاتنانی هاوڵاتیبوون و
# حکومڕانی ژیرانە
# لە عێراق

لەدەرئەنجامی دیالۆگی
عێراقی بۆ بنیاتنانی نیشتمان و
هاوڵاتیبوون (2018-2020)

# نەخشەڕێگای
# بنیاتنانی هاوڵاتیبوون و
# حکومڕانی ژیرانە
# لە عێراق

2021

# ناوەرۆك


## کورتکراوەی جێبەجێکاری 4

## سەرەتا 10

## چوارچێوەی گشتی عێراق 13

عێراق لە دوای جوڵانەوەی شۆرشگێری تشرین 13
پەتای کۆڤید نۆزدە و دەرهاوێشتەکانی 14
گرێبەستی کۆمەڵایەتی و یەکگرتووی نیشتمان 15
نوێنەرایەتی دیموکراسی و پرۆسەی سیاسی 16
سەروەری نیشتمانی لە هەڵومەرجی ناوخۆیی وجیهانی 17
گیروگرفتی ئابووری داهاتە نەوتیەکان 18
پەرەپێدان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی 19
چاکسازی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی 20

## بەشی یەکەم: ناسنامەی نیشتمانی وکەلتوری فرەیی 23

1. .ناسنامەی یەکگرتو و ئەدەبیاتی فرەیی 24
2. رۆشنبیری دایەلۆگ و رێزگرتن لە جیاوازیی 29
3. پاراستنی یاسایی کەمینەکان 35
4. رووبەڕووبونەوەی دەمارگیریی و پەروەردەکردن بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە 38
5. رووبەڕووبونەوەی گوتارەکانی رقلێبوونەوە 41

## بەشی دووەم: هاوڵاتیبوونی کاراو بنچینەی فرەیی 45

6. فرەیی و ئازادی رادەربرین و یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان 46
7. کۆمەڵی مەدەنی و رۆشنبیری پشتیوانی و لێپێچینەوە 49
8. بەشداری لاوان لە نوێکردنەوەی ژیانی سیاسی 53
9. توانای ئافرەت و بەهێزکردنی بەشداری لە ژیانی گشتی 56
10. بەشداری کەمینەکان لە ژیانی سیاسی 60
11. هۆزگەرایی و دەوڵەتی ماف و یاسا 62

## بەشی سێیەم: ئاشتەوایی و دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوە 65
12.ئاشتەوایی و پاککردنەوەی یادەوەری 66
13.کۆچ و تواناکان لە دەرەوە 70
14.کۆتایی هێنان بە ناخۆشی ئاوارەکان و مسۆگەرکردنی گەڕانەوەیان 73
15.گەڕانەوەی ئەو ئاوارانەی ئەگەری پەیوەندیان هەیە بە داعش 77

## بەشی چوارەم:گەشەپێدانی گشتگیرو بەردەوام 81
16.تەحەدا پەروەردەییەکان و نوێکردنەوەی پڕۆگرامەکان 82
17.خوێندنی باڵاو ڕاهێنانی لاوان بۆ بازاڕی کارکردن 85
18.تەندروستی و خزمەتگوزاری پزیشکی 88
19.تەندروستی دەروونی 91
20.پاراستنی ژینگەو دەرامەتە سروشتیەکان 95

## پاشکۆی ی ەك ە مە
ب ەشداربوانی گفتوگۆك ە 98

## پاشکۆی دووهم
دهزگا ڕێكخ ە ەرهكان 99

# کورتکراوەی جێبەجێکاری

## 1- میتۆدی دیالۆگ

ڕوانگەی ئەرکی نیشتمانی هاوبەش و ویستی دۆزینەوەی ڕوانینێکی هاوبەش؛ عێراق هەڵدەسێنێتەوە لە تەنگژە کەڵەکەبووەکانی، بۆ هەنگاونان بەرەو دەوڵەتی هاوڵاتی و حوکمڕانی ژیرانە، (33) سیوسێ کەسایەتی لە کەسایەتیە سیاسی و ئایینی و ئەکادیمیەکانی عێراق و سەرکردەکانی کۆمەڵی مەدەنی[1]، لە دیالۆگی نیشتمانی ڕاشکاوو ئامانجدار بەشداریان کردو ئەم بەڵگەنامەیەی لێ بەرهەم هات.

بۆماوەی دوو ساڵ لە میانەی چوار کۆنفڕانسەوە دیالۆگ بەردەوامی هەبوو، کۆنفڕانسەکە لە نێوان مانگی تشرینی یەکەمی 2018 و مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2020، بەسترا لە ماوەی دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ بۆ هەر خولێکی دیالۆگەکان، خولی کۆتایی دیالۆگ بەشێوەی ئەلیکترۆنی بەڕێوەچوو؛ ئەمەش بەهۆی دۆخی تەندروستی کە پەتای کۆڕۆنا سەپاندی. لەو کۆنفڕانسە لاوانی عێراق بۆیان هەبوو بەشداری تێدا بکەن بە گوێگرتن لە بیروبۆچوونی نوێنەرانیان لە بابەتەکانی دیالۆگەکە.

بەشداربوان بابەتەکانی دیالۆگەکەیان دیاریدەکرد، ئەو کێشانە زەقکرانەوەو دیاریکران کە بەربەستن لەبەردەم بنیاتنانی نیشتمان و هاوڵاتیبوون لە عێراق، لەمیانەی موداخەلە سەرەتاییەکانیان و نووسینەکانیان و گفتوگۆکان، ئامادەبوان بەشداریان کرد لە دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان، دواتر سیاسەتی گونجاو و ڕاسپاردەکانیان خستەڕوو بۆ ئەو گۆڕانکارییەی بانگەشەی بۆکراوە، لە کاتێکدا سەنتەری (رشاد للحَوكمة الثقافية)[2] تیایدا ئەزمونەکانی خۆی پێشکەش کرد، بەشێوەیەکی بێلایەنانە بەڕێوەبردنی دیالۆگەکان و نووسینەوەی ڕاپۆرتەکانی گرتەئەستۆ بەهاوکاری لەگەڵ ئەو دامەزراوە عێراقیانەی لەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە هاوبەش بوون[3].

ئەم ڕاپۆرتە بەرهەمی دیالۆگی ئاراستەی دووەمی (المسار الثاني) کەسایەتیە عێراقیە بەشداربووەکانە، بەبێ ئەوەی جیاوازیە هزری و سیاسیەکانی نێوانیان ڕەتبکرێتەوە. هەروەکو ئەم بەڵگەنامەیە لە دیاریکردنی پرسە چارەسەرکراوەکان هەوڵنادات بۆ گشتگیری (الشموليّة)، پێویست ناکات لەمبارەیەوە وەڵامی دیاریکراو پێشکەش بکرێت. پەرتوبڵاوی بابەتەکانی دیالۆگەکە و تێکەڵاویان لەگەڵ یەکتر،

1 بڕوانە: پاشکۆی یەکەمی ڕاپۆرتەکە: لائحة المشاركين والمشاركات في الحوار.

2 سەنتەری ڕەشاد(مركز رشاد للحوكمة الثقافية) سەربە دامەزراوەی (أديان للتنوّع والتضامن والكرامة الإنسانية)یە، کە لە لوبنان وەکو ڕێکخراوێکی ناحکومی تۆمارکراوە کە سەربەخۆیەو قازانج نەویستە..

3 لەو دامەزراوە عێراقیە هاوبەشانە: کورسی یونسکۆ لە زانکۆی کوفە بۆ پێشخستنی دراسات و دیالۆگ لەنێوان ئایینەکان لە جیهانی ئیسلامی، و کۆمەڵەی هیوای عێراق و دامەزراوەی (مسارات للتنمية الثقافية والإعلامية).

پێویستی کرد پشت ببەسترێت بە تێڕوانینێکی گشتگیر لە شیکردنەوە، لەگەڵ تەرکیز خستنەسەر بابەتی دیاریکراوو دانانی ڕاسپاردەی سیاسی بۆ چارەسەری کە پەیوەندی هەیە بە پرسەکانی هاوڵاتیبوون و گەشەپێدان و دادی کۆمەڵایەتی. بەڵام بابەتەکانی دیکە لە چوارچێوەی گشتی ئەو چاکسازییە باسکرا کە پێویستی بە دیالۆگی زیاترە بۆ چارەسەرکردنی.

## 2- چاکسازیی ڕیشەیی لە چوارچێوەی عێراق

بەشداربوانی دیالۆگەکە وایدەبینن کە جولانەوە نارەزایەتیە شۆڕشگێڕیەکان لە تشرینی یەکەمی ساڵی 2019 بە دروشمی «نیشتمانێکمان دەوێت»، بە هەنگاوێکی گرنگ دەژمێردرێت لە سەر گۆڕەپانی عێراقیدا، کە پێویستی بەوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت وەکو بنچینەیەک بۆ چاکسازی و بنیاتنانی داهاتوو، هەروەها گرنگی بەشداری لاوان (کچ و کوڕ) لە دروستکردنی بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا دووپاتکردەوە.

بۆ گەیشتن بە: «عێراقێکی مەدەنی دیموکراتی فرەیی، کە ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ و مافەکانی بگرێت، لە چوارچێوەی دەوڵەتی هاوڵاتی کە بنچینەی فرەییە بە ئاشتی بژیێت»[4]، ئەمەش تەنیا خواست و داواکاریی نییە، بەڵکو پابەندبوون (التزامُ)ێکە پێویستی بە هاوکاریی نێوان سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە: وەکو دەستە حکومی و سیاسیەکان و کۆمەڵی مەدەنی بە هەموو هێزەکانی لە ناو لاوان و ئافرەتان و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و ڕاگەیاندن و مەرجەعیەتە ڕۆحیەکان و هێزە ئابوریەکان، بەهاوکاریی لەگەڵ دەستەو کۆمەڵەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

ئەم ئاراستەیە پێویستی بە نوێکردنەوەی متمانەو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی هەیە لە نێوان عێراقیەکان خۆیان لە لایەک و هەروەها لە نێوان خۆیان و دەوڵەت لە لایەکی دیکە، هەروەها بەدیهێنانی کۆمەڵێک چاکسازی ژێرخانی (البنيويَّة) لە سیستەم و لە میکانیزمەکانی حوکمڕانی و پیادەکردنی حوکمڕانی و لە سیاسەتی گشتی و پیادەکردنی سەروەریی و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لەسەرتاپای خاکەکەی و لەسەر تەواوی پەیوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی بەمشێوەیەی خوارەوە:

- تەواوکردنی بنیاتنانی دامەزراوە دەستوریەکان، بەدیهێنانی ئەو چاکسازیانەی چارەسەری پرسە یەکلانەکراوەکانی دەستور دەکات، وەک تێکەڵاوبوون لە نێوان سیستەمی حوکمڕانی فیدراڵی و سیستەمی نامەرکەزی، هەروەها بەڕێوەبردنی فرەیی و مسۆگەرکردنی مافی کەمینەکان و بەشداری کارایان، سەرباری یەکلایی کردنەوەی دۆسیەی ناوچە جێناکۆکەکان.

4 کورتەی وۆرک شۆپی دیالۆگ لەگەڵ ژمارەیەک لە لاوانی عێراق لەسەرجەم پێکهاتەو ناوچەکان، کە (معهد المواطنة وإدارة التنوُّع في مؤسّسة أديان) ڕێکی خستبوو بە هاوبەشی لەگەڵ (كرسي اليونسكو في جامعة الكوفة لتطوير دراسات الحوار بين الأديان في العالم الإسلامي).

- بەهێزکردنی سەروەریی دەوڵەت لەسەر ئاستەکانی ناوخۆو دەرەوە، سوودوەرگرتن لە سەرکەوتن بەسەر تیرۆر بۆ بنیاتنانی ستراتیژیەتێکی عێراق لەڕووی ئەمنی و بەرگرییەوە بەشێوەیەک یەکپارچەیی نیشتمان بەهێز بکات، کە دووپاتی سەروەری دەوڵەتێکی بەهێز بکات، هەروەها یاسا لە سەروی هەموان بێت و عێراقیەکان بەڕاشکاوی پابەند بن بە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی لەسەروی هەر بەرژەوەندیەکی دەرەکی و ناوخۆی تایبەت بە گرووپێک.
- دژایەتیکردنی گەندەڵی کە دزە دەکاتە ناو قوڵایی دەوڵەت و کۆمەڵگا وەکو یەک، ئەمەش پێویستی بە پێشخستنی چەمکی خزمەتی مەدەنی و بەکارخستنی حکومەتی ئەلیکترۆنی هەیە، هەروەها بەهێزکردنی شەفافیەت و چاودێری و لێپێچینەوە، لەگەڵ بەهێزکردنی سەربەخۆیی دادوەریی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی و ڕێزگرتنی.
- کاراکردنی یاساکان و پرۆژە یاساکان و سیستەمەکانی هەڵبژاردن، هەروەها دانانی سیاسەتێکی نیشتمانی گشتگیر بۆ پرسە سەرەکیەکان و بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنی بۆ گەیشتن بە قوڵکردنەوەی هۆشیاری دیموکراتی و بەدیهێنانی دەستاودەستکردنێکی نەرمی دەسەڵات.
- پێشخستنی ستراتیژیەتێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە عێراق ئازاد بکات لەوەی تەنیا پشت بە نەفت ببەستێت، هەروەها گواستنەوەی وڵاتەکە لە ئابوری قازانج بۆ بەرهەمهێنەر، ڕووبەڕوونەوەی دەرهاوێشتەکانی پەتای کۆرۆناو بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی بەردەوام.

## 3 - ڕاسپاردە سیاسیە پێشنیازکراوەکان

### أ) ناسنامەی نیشتمانی و ڕۆشنبیریی فرەیی

بەشداربوانی دیالۆگ بەدرێژی گفتوگۆیان کرد لەبارەی ئەو بابەتە، پێنج ڕاسپاردەیان هەبوو جگەلەوەی پەیوەندی پێیەوە هەیە لە سیاسەتی جێبەجێکردن؛ بۆ گەیشتن بە:

← بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانی عێراق کە کۆکەرەوەی هەموو جۆرەکانی ناسنامە لاوەکیەکان بێت لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتمانی تۆکمە بەشێوەیەک یەکپارچەیی و فرەیی عێراق بپارێزێت و ڕێزگرتنی ناسنامە لاوەکیەکان لەڕووی دەستورو یاساو ڕۆشنبیریی بپارێزێت.

← ڕێزگرتنی مافی ئەوانی دیکە لە جیاوازی بۆچوون و پیادەکردنی ئازادی باوەڕو ئایین،

هەروەها پیادەکردنی هەڵسوکەوتی گفتوگۆو دەستگرتن بە بەهاکانی.

- «کەمینەکان» بتوانن سوود وەربگرن لە جیاکاریی ئەرێنی (التمييز الإيجابي)، بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریەکی کارا لە ژیانی گشتی.
- نەهێشتنی پلەبەپلەی دیاردەکانی دەمارگیریی و توندوتیژی و بەهێزکردنی ئاشتی کۆمەڵگەیی.
- کۆنترۆڵکردنی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوەو دانانی سنوورێک بۆی.

## ب) هاوڵاتیبوونی کارای بنچینە بۆ فرەیی

نەخشەڕێگای بنیاتنانی هاوڵاتیبوون و حوکمڕانی ژیرانە لە عێراق تەرکیزی لەسەر بەهێزکردنی هاوڵاتیبوونە، نەک تەنیا لەسەر ئاستی هۆشیاری نیشتمانی، بەڵکو لەسەر ئاستەکانی کارو بکەر کە بەشداریەکی بنیاتنەر بۆ هەموان لە ژیانی گشتی دەهێننە دی. لەبەرئەوە بەشداربوانی دیالۆگ شەش ڕاسپاردەی سیاسی دیکەیان داناوە کە هەوڵدەدات بۆ:

- یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان بە فرەیی ئینتیما ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریەکان و مسۆگەرکردنی ئازادی بۆچوون و دەربڕین و ناڕەزایی.
- شەفافیەت لە کاری دامەزراوە حکومیەکان؛ ئەمەش بۆ کاراکردنی لێپێچینەوەو پێشخستنی سیاسەتی گشتی و بەدیهێنانی لە میانەی پشتیوانی کۆمەڵی مەدەنی بەهاوبەشی لەگەڵ دامەزراوە گشتیەکان.
- بەشداری کارای لاوان لە ژیانی سیاسی و بەهێزکردنی دەرفەتی ئەو گۆڕانکارییەی کە تەماحیان تیایدا هەیە.
- باشترکردنی دۆخی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابوری و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئافرەتان؛ بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و زیاترکردنی بەشداری لە پێگەکانی دروستکردنی بڕیار و بەدیهێنانی ئاسایش و ئاشتي، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو شێوەیەکی جیاکاریی.
- بەدادپەروەریی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەمینەکان کە کورسیەکانی (کۆتا)یان پێدراوە، لەمیانەی پێشخستنی سیستەمی هەڵبژاردن تاکو بتوانن نوینەرایەتیەکی ڕاستەقینە بن لەو کورسیانە.
- بەهێزکردنی سەروەریی یاساو کارکردن بە دەقەکانی و جێبەجێکردنی بەسەر هەموان بەشێوەیەکی یەکسان، هەروەها بەرپەرچدانەوەی سەرهەڵدانی ناکۆکیە عەشایەریەکان.

## چ) ئاشتەوایی و دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوە

کۆمەڵگای عێراق – کە دەناڵێنێ بەدەستی توندوتیژی و ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ- پێویستی بە ئاراستەو ڕێچکەیەکی گشتگیر هەیە کە ئاشتەوایی کۆمەڵگەیی و دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوە بەدیبهێنێت. هەروەها ئەو ڕێچکەیە سەدان کوژراوو بریندارى شۆڕشی تشرين/ئۆکتۆبەر، و هەزاران بێسەروشوێنی شەڕی ناوخۆو توندوتیژی تائیفی دوای ساڵی 2003 لەخۆبگرێت. لێرەوە نەخشەڕێگاکە چوار ڕاسپاردەی هەیە لەگەڵ سیاسەتی جێبەجێکردن کە پێیەوە بەستراوە بۆ گەیشتن بە:

- ← لە میانەی بەدیهێنانی دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوەو نۆژەنکردنەوەی تەونی کۆمەڵایەتی، دووبارە بنیاتنانەوەی متمانە لە نێوان سەرجەم عێراقیەکان؛ ئەمەش بۆ هێنانەکایەی ئاشتی و سەقامگیریی میللي و بۆ گەیشتن بە سەقامگیریی سیاسی.
- ← گەڕانەوەی خێزانی ئاوارەکان و دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان لە زێدی خۆیان، هەروەها کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێیان و دوورخستنەوەی ڕوودانی گۆڕانکاریی لە دیموگرافیای شارەکانی عێراق بەشێوەیەک کە تەونی کۆمەڵگەیی عێراق و فرەییەکەی پارێزراو بێت.
- ← یەکخستنی ئەوەی پێیدەگوترێت «خێزانەکانی داعش» و منداڵەکانیان لەگەڵ تەونی کۆمەڵگەیی عێراق، ئەمەش دوای دووبارە ڕاهێنانەوەیان و پاککردنەوەی یادەوەرییان بەشێوەیەک کە ناسنامەی نیشتمانی و بڕاردەی ئاشتەوایی بەهێزبکات لەسەر ڕێچکەیەکی یاسایی دادوەریی دادپەروەرانە.
- ← دانانی سنوورێک بۆ کۆچی توانا عێراقیەکان کە ببێتەهۆی دووبارە بەیەک گەیشتنەوەی نیشتەجێ بووە عێراقیەکان و ئەوانەی لە هەندەران و تاراوگە دەژین، هەروەها هاندانیان و پاداشتکردنیان بۆ وەبەرهێنان لە عێراق و پشتیگرییان لە هەموو ئاستەکان.

## د) گەشەپێدانی گشتگیرو بەردەوام

گەشەپێدان بابەتێکی فراوان و تێکەڵاوە، بۆیە بەشداربوانی دیالۆگ تەرکیزیان لەسەر پێنج ناونیشان کردو پێنج ڕاسپاردەو سیاسەتی جێبەجێکردنیان خستەڕوو بۆ گەیشتن بە:

- ← بنیاتنانەوەی ژێرخانی سەرجەم قوتابخانەکان و دامەزراوە فێرکاریەکان و دووبارە

بنیاتنانەوەی ڕەگەزی بەهاکانی دەزگای پەروەردەیی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی و سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە.

- ← پەیرەوکردنی پێوەرە پیشەییە کاراکان بۆ پێشخستنی خوێندنی باڵا و چاکترکردنی کوالێتیەکەی، هەروەها بەستانەوەی بە بازاڕی کار.
- ← بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریە تەندروستی و خۆپارێزیە تۆکمەوگشتگیرەکان بۆ سەرجەم هاوڵاتیان ئەمەش بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی.
- ← بەهێزکردنی تەندروستی دەروونی لە میانەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەک کە کوالێتیەکەی بەرزبێت، هەروەها ڕاهێنانی کارمەندان کە بتوانن وەڵامی خێرایان هەبێت لە سەرتاپای وڵاتەکە.
- ← پاراستنی ژینگەو چاککردنی بە لادانی ئەو زیانەی بەریکەوتووەو چارەسەری بۆ بکرێت، هەروەها پاراستنی تەندروستی گشتی و دەرامەتی سروشتی و فرەجۆری زیندەیی و سروشتی کە گەشەپێدانی بەردەوام مسۆگەر دەکات.

# سەرەتا

## دەستپێشخەری دیالۆگی عێراقی بۆ بنیاتنانی نیشتمان و هاوڵاتیبوون

ئامانجی ئەم بەڵگەنامەیە بریتیە لە پەرەپێدان بە سیاسەتە گشتیەکانی پەیوەست بە پرسەکانی هاوڵاتیبوون وحکومرانی دادپەروەرانە لە عێراق، کە پێکهاتووە لە وەبەرهێنانی ئەرێنی بۆ فرەجۆری، بەڕێوەبردنی فرەیی، پابەندبوون بە گەشپێدانی گشتی و دادی کۆمەڵایەتی، کە بەرهەمی گفتوگۆی دوو ساڵ بوو ( 2018-2020) لە نێوان دەستەبژێران لە کەسایەتیە سیاسی و ئایینی و ئەکادیمی و سەرکردەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراق . بەشداربووانی گفتوگۆ لە هەردوو ڕەگەز پێکهاتبون بەسیفەتی خۆیان لە گفتوگۆیەك کە وابەستەی هیچ ئەجێندایەکی کەسی و دامەزراوەیی نەبووە بە ئامانجی دانانی کۆمەڵك پێشنیاز بۆ نەخشە ڕێگایەکی واقعحاڵ کە ڕێڕەوی بنیادنانی دەوڵەت بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی دەربازکردنی کۆمەڵگەی عێراق لە قەیرانەکانی و برینەکانی سارێژ دەکات.

ئەم دیالۆگە لە پێناوی خەمی نیشتمانی هاوبەش بۆ گەیشتن بە خوێندنەوەیەکی هاوبەش بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی یەکگرتوویی لە میانەی گوێگرتن لە دیدوبۆچوونی جیاواز و ئەزموونی جۆراوجۆر بەبێ لەکەدارکردنی جیاوازیە سیاسی و هزریەکانی بەشداربووان دەستپێکرد. لەگەڵ ئاڵۆزی خوودی بابەتەکە وئاسەواری واقعحاڵی پر لە تەنگژە،کە ڕووبەڕووی خوودی بەشداربووانی گفتوگۆکە بووەتەوە، بەڵام گفتوگۆکانیان لەناو کەش وهەوایەکی پر لە ڕاستگۆیی و بوێری ولێبوردەیی وبابەتی بەرێوەچوون وە مایەی سەرکەوتنی دیالۆگەکە و دەوڵەمەندبوونی ناوەڕۆکی بابەتەکە. بۆیە ئەم دەستپێشخەریە نیشانەیەکە و نموونەیەکە بۆ ڕۆڵی دیالۆگی ڕاشکاوانە و بەرپرسانە بۆ بنیاتنانی متمانە لە نێوان هاوڵاتیان و سەرکردەکان لە ژیانی گشتی و چارەسەری کێشەکان و دروستکردنی تێڕوانینێکی کۆکراوە بۆ بەرژەوەندی گشتی و پتەوکردنی ویستی هاوبەش بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە بە ئاسوودەیی.

ئەم هاوڵاتیبوونە لەسەر بنەمای فرەجۆری چوارچێوەی واتاداری درووستکرد بە ئاراستەی ئەو دیالۆگە. پێویستە ئەم چەمکە سەرەتا دان بە فرەیی دابنێت و دووربێت لە هەڵوێستی تاکلایانە و سیاسەتی یەکتر سڕینەوە وخوێندنەوەی تەونی کۆمەڵایەتی بە هەموو پێکهاتەکانی،هەروەها خوێندنەوەی تایبەتمەندیەکانی ئەو

پێکهاتانە وشارەزایەکانیان پێداویستەکانی جۆراوجۆر. لێرەدا ئەم فرەییە کورتناکرێتەوە تەنیا لە جیاوازی نەژادی وزمانەوانی و رەوشەنبیری وئایینی، بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی وجەندەری وهزری دیکەش دەگرێتەوە. ئامانج لەوە هێنانەدی دەوڵەتی هاوڵاتیبوون و نەهێشتنی جیاکاری وپێشێلکردنی مافی چینێك لە خەڵك بە هۆی ناسنامەکەی. بەڵکو لە فرەیی دەروانێن وەکو سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵکە و فاکتەرێکی گەشەپێدان وداهێنان.

دووەم: هاوڵاتیبوونی هاندەر بۆ فرەجۆری پێویستی بە بەشداربوونی دادپەروەرانەی هەموویان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی گشتی، بۆ سوودوەرگرتن لە دەرامەت وشارەزایی نیشتمان. هەرچەندە یەکسانی نێوان هاوڵاتیان بەدەر لە جیاوازیەکانیان بەردی بناغەیە بۆ دەوڵەتی هاوڵاتیبوون ، بەڵام پێویستە دڵنیابین کە سیستەمی حکومڕانی وئامرازەکانی دیموکراسیەت وسیاسەتە گشتیەکان وکەلتوری کۆمەڵایەتی رێگەنادات بە زاڵبوونی زۆرینەیەك یان کەمینەیەکی فەرمانرەوا بەسەر دەوڵەت وچارەنوسەکەی. لە ڕاستیدا ، سیستەمە دیموکراسیەکان، جگە لە یەکسانی هەلەکان، پیویستیان بە ڕێزبەندی هەیە بۆ بەدەستهێنانی پێوەری بەشداربوونی گشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

لە سەر ئەم بنەمایە، سەنتەری رەشاد بۆ بەڕیوەبردنی رەوشنبیری لە دەزگای ئەدیان[5] (مركز رشاد للحوكمة الثقافيه في مؤسسة أديان) هەڵسا بە بانگهێشتکردن بۆ ئەم دیالۆگە وهەرسێ کۆنفڕانسەکانی بەیروت[6] وبەغداد[7] وهەولێری[8] سازدا لەگەڵ سازدانی چوارەمین کۆنفڕانس[9] بە ئۆنلاین. هەروەها بەهۆینەبوونی سەقامگیری سیاسی لەعێراق ولوبنان لە دوای مانگی تشرینییەکەمی 2019 وبەرهەڵستی پەتای کۆڤید 19 ، کۆبوونەوەکان لەم ماوەدا پەکیان کەوت. بەڵام دیالۆگەکە بە شێوەی ئۆنلاین دووبارە دەستیپێکردەوە بۆ هێنانەدی ئەم بەڵگەنامەیە و ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پلانی کارکردن بۆ لایەنی پەیوەندیدار. هەوەها دڵگران بووین بۆ لەدەستدانی هاوڕپەیەك لە هاوڕێەکانی گرووپی دیالۆگ، ئەویش بەڕێز (هیشام الهاشمی) کە بوو بە قوربانی توندوتیژی کۆنترۆڵنەکراو و کرداری کپکردنی دەنگەسەربەخۆکان[10]. ناوبراو شارەزا بوو لە بابەتەکانی ئاسایش و توندڕەوی ولایەنگری بوێری دەوڵەتی هاوڵاتیبوون ودادپەروەری کۆمەڵایەتی ودژی گەندەڵی وپشك پشکێنەی تایفەگەریبوو.

سەنتەری رەشاد بۆ بەڕێوەبردنی کەلتووری ئەزموونی خۆی لە بەڕێوەبردنی دیالۆگ بە شێوەی بێلایەنانە پێشکەشکرد وگفتوگۆ لەگەڵ بەشداربووان ئەنجامدا لەناوەوەو دەرەوەی کۆنفڕانسەکان بە مەبەستی دانانی ئەم نەخشە رێگایە ( پوختەی گفتوگۆکان )، لەکاتێکدا کە خوودی بەشداربووان بابەتەکانی دیالۆگەکە دەستنیشانیان کرد وبەشداربوونیان ناوەڕۆکەکەیان دەوڵەمەندکرد. گفتوگۆەکان بە شێوەی زارەکی و بەنووسین و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕای فراوان بەڕێوەچوون.ئەم گفتوگۆیانە زەقترین

5 دەزگایەکی لوبنانی ناحکومیە، سەربەخۆ و بێلایەنە و قازانج نەویسە. بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە، دەزگای ئەدیان هاوکاری کردوە لەگەڵ لەگەڵ ئۆفیسی یونێسکۆ لە زانکۆی کوفە بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەکانی دیالۆگ نیوان ئایینەکان لە جیهانی ئیسلامیدا (كرسي اليونسكو في جامعه الكوفه لدراسات. حوار الاديان في العالم الاسلامي)، و رێکخراوی هیوای عێراق (جمعية الامل العراقية)، و دەزگای مەسارات بۆ پەرەپێدانی کەلتوری ومیدیایی (مؤسّسة مسارات للتنمية الثقافية والإعلامية)،و بەهاوکاری دارایی کڵێسای سوید.

6 کۆنفڕانسی بەیروت لە ڕێکەوتی 11-13 تشرینی یەکەمی 2018 سازکرا.

7 کۆنفڕانسی بەغداد لە ڕێکەوتی 21-22 کانونی یەکەمی 2018 سازکرا.

8 کۆنفڕانسی بەیروت لە ڕێکەوتی 20-22 حوزەیران 2019 سازکرا.

9 چوارەمین کۆنفڕانس بە ئۆنلاین بە سێ دانیشتندا سازکرا لە ڕێکەوتی 30،16،2 کانونی یەکەم 2020 .

10 هشام الهاشمی لە رێکەوتی 6 ی تەمووز 2020 لەناو ئۆتۆمبێلەکە لە بەردەم ماڵەکەی تیرۆرکرا.

گرفتەکانی بەردەم بنیاتنانەوەی نیشتمان وهاوڵاتیبوون لە عێراق دەستنیشانکرد.
هەروەها دارشتنی سیاسەتەکانی گونجاو بۆ ئەنجامدانی گۆرانکاری داواکراو وناردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵیان سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە وگۆڕینیان بۆ بەرنامەی جێبەجێکاری.
بابەتەکانی دیالۆگەکە جۆراوجۆربوون بەهۆی زۆری کێشە ئاڵۆزبووەکان.چونکە بابەتەکانی گەشەپێدان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەشداری سیاسی ، لە لایەکەوە، بەستراون بە پرسی ناسنامە و وابەستەی کۆمەڵایەتی وسازان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و لە لایەکی تر،بەستراوە بە پرسە دەستوریەکانی پەیوەست بە شێوەی دەوڵەتداری و سیستەمی حکومڕانی و بابەتی سەروەری. بەشداربووانی دیالۆگەکە ئاماژەیان بەو هەموو پرسانە کرد هەروەها لەسەر ئاستی سیاسەتە گشتیەکان وچاکسازیەکانی پێشنیازکراو رێککەوتن کە جەخت بکەنە سەر بابەتەکانی هاوڵاتیبوون وگەشەپێدان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ،هەروەها بابەتەکانی تر کە بوونەتە بەشێك لە چوارچێوەی گشتی ئەم چاکسازیە کە پێویستی بە ڕێڕەوی زیاتر هەیە بۆ چارەسەکردنی.
لەبەرئەوە، پاش پێشکەشکردنی چوارچێوەی گشتی عێراقکە پێکدێت لە چوارچێوەی واقعی وزیندو بۆ هەر دەستپێشخەری چاکسازی و گۆرانکاری ئەرێنی،ئەم بەڵگەنامە گرنگی بە چوار تەوەری سەرەکی دەدات: یەکەمیان چارەسەری بابەتی ناسنامەی نیشتمانی وکەلتوری فرەیی دەکات. دووەمیان ئاماژە بە بابەتی هاوڵاتیبوونی کارا وهاندەر بۆ فرەجۆری. هەروەها تەوەری سێیەم جەخت دەکاتە سەر سازان ودادپەروەری قۆناغی گواستنەوە. بەشی چوارەم وکۆتایی چارەسەری بابەتەکانی گەشەپێدانی گشتی وبەردەوام.
کەواتە ئامانجی ئەم بەڵگەنامە بریتی نیە لە دیارکردنی تەواوی بابەتەکان بۆ چارەسەرکردن یاخود تەنها وەڵامی ئەم بابەتانە بداتەوە بەڵکو بریتیە لە پێشکەشکردنی راسپاردە سیاسیەکانی پێشنیازکراو لە ناو چەندین خشتەی دیاریکراو، کە بیست بابەت لە خۆ دەگرێت. ئەم راسپاردانە ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنها وەسفی تیۆری بابەتەکان بەش ناکات بەڵکو پێویستە بەکرداری بەشداربێت لە دارشتنی نەخشە رێگایەکی جێبەجێکار بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکان. لەبەر ئەوەی ئەم بەڵگەنامەیە لە ئەنجامی دیالۆگێکی راستگۆ وبنیاتنەر هاتە دی، هیواداریین ببێتە هاندەرێك بۆ ئەنجامدانی چەندین دیالۆگ و هەماهەنگی تر لە نێوان دەسەڵاتە حکومیەکان وشارەزایان و کەسانی ئەکادیمی وکۆمەڵگەی مەدەنی بۆ مەبەستی بەدیهێنانی خواستەکانی لاوانی عێراقی و بەهێزکردنی هاوڵاتیبوون وپەرەپێدانی گشتی لە وڵات.

# چوارچێوەی گشتی عێراق

## عێراق لە دوای جوڵانەوەی شۆرشگێری تشرین

لە ساڵانی رابردوو جوڵانەوەکانی نارەزایی لە عێراقدا زۆربوون تا گەیشتە لوتکەی جوڵانەوەی شۆرشگێری نارەزایەکان لە مانگی تشرینی یەکەمی 2019 کە گۆرانکاریەکی ئەوتۆی هەبوو لەسەر گۆرەپانی عێراقی. ئەمەش دیاردەیەکی تازەیە کە پێویستە لێیبروانین وەکو بنچینەیەك بۆ چاکسازی و بنیاتنانی ئایندە، بۆ جەختکردن لەسەر بەشداریکردنی لاوان لە دروستکردنی بریارە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان.ئەم جوڵانەوەیە زۆربەی زۆری ناوچەکانی عێراقی گرتووتەوە وهێشتا بەردەوامە وتارادەیەك خەڵکێکی زۆر تێدا بەشداربووە وگشت چین وتوێژەجۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە پشتگیریان کردوە وهاوسۆیان بۆ دەربریوە. چونکە جوڵانەوەکە بریتی بوو لە راگەیاندنی داواکاریەکی کۆمەڵایەتی گشتی کە گشت خەڵکی عێراق لەسەری کۆکبوون تەنها ئەوانە نەبن کە سوودمەندن لە بارودۆخەکە.

لاوان هەمیشە فاکتەری سەرەکی ئەم جوڵانەوە بوون چونکە رێژەی هەرە زۆری دانیشتوانی عێراق پێکدێنن وزەرەرمەندترین چینە لە نێوانیان. هەروەها لاوان هەمیشە ئامادەنە بۆ گۆران چونکە نەوەیەکن لەدایکبوون وگەورەبوون لە ژێر سیستەمێکی دیموکراسی ودەستورێك کە دان بە مافی ئازادی رادەربرین دەنێت. رەنگە گرنگترین دەسکەوتی ئەم گەنجانە ئەوەیە کە توانیان دانپێانان بە جۆلانەوەکەیان بەدەست بێنن وتوانیان پێگەی خۆیان بچەسپێنن لە دیمەنی گشتی وبۆ ئەم مەبەستە باجێکی زۆریان داوە.

دروشمی سەرەکی ئەم جولانەوە بریتیبوو لە ( ئێمە نیشتمانمان دەوێ). ئەم دروشمە هەڵوێستێکی عێراقێکی یەکگرتووی نیشاندا کە دەمێکە وون بوە.هەروەها لەگەڵ رەهەندی نیشتمانی، جولانەوەکە رەهەندێکی کۆمەڵایەتی ئابووری هەیە، چونکە ئەم جولانەوەیە لەهەمان کاتدا بزوتنەوەی هەژاران و بێ بەشەکانە لە ناو کۆمەڵگەیەك کە جیاوازی چینەکانی تێدا دیارە وهەندێك لە چینەکان بەرزبوونەتەوە بەهۆی هاوپەیمانیان لەگەڵ چینی دەسەڵاتی سیاسی لەناو سیستەمێکی ئابووری قازانج ویست ( ربحی ).

رەنگە گرنگترین دەسکەوتی جولانەوەی شۆرەشگێری نارەزایەکان کە هەوڵی

دەدا بۆ نەهێشتنی پشك پشكێنەی حیزبی و تایفەگەری لە ناو دەوڵەتی عێراقدا بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پێشوەخت لەسەر بنەمای یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن. بەدەر لە نارەزایەتی زۆرینە، ئەم یاسایە توانای هەیە هەلی گەیشتنی دەموچاوی نوێ بۆ پەرلەمان بەهێزتر بکات لەگەڵ چانسی زیادکردنی تواناکانی ئەم لاوانە بۆ ڕکابەرکردنی حیزبە کلاسیکیە گەورەکان. جێگای داخە کە ئەم جوڵانەوەیە ،کە هەوڵدەدات بۆ بنیاتنانی عێراقێکی باشتر و دابینکردنی هەلی زیاتر بۆ نەوەکانی، قوربانی زۆری داوە بە گیانلەدەستدانی نزیکەی حەوسەد شەهید و هەزاران بریندار و زیندانیکراو لە ناو ریزەکانی. هەروەها هەندێك لە چالاکوانانی بە توندوتیژی چەکداری کراوەتە ئامانج لە لایەن هەندێك ڕێکخراوە چەکداریەکان و دەزگا ئەمنیەکانی حکومەت. هەرچەندە جوڵانەوەکە نەیتوانی گشت ئامانجەکانی بهێنێتە دی ، سەرەڕای ئەو قوربانیانە، بەڵام توانی ڕێژەی هۆشداری هاوڵاتیان بەرزبکاتەوە کە بەشداربن لەم تێکوشانە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ سزادانی ئەو بەرپرسانە کە کەمتەرخەم و گەندەڵ بوونە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانیەکانیان. هەروەها جوڵانەوەکە ڕۆڵی هە بوو لە ڕوونکردنەوەی تێڕوانینی لاوان بۆ ئایندەی وڵات کە هەندێك لەو گەنجانە بەم شێوەیە کورتیان کردەوە: (بەرەوە عێراقێکی مەدەنیدیموکراسی فرەیی کە ڕێز لە ماف و کەرامەتی مرۆڤ و ئاشتەوایی ژیان بگرێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی هاوڵاتیبوونی هاندەر بۆ فرەجۆری)[11].

## پەتای کۆڤید نۆزدە و دەرهاوێشتەکانی

لە ڕاستیدا، پەتای کۆڤید 19 و دەرهاوێشتەکانی بۆ ساڵی 2020 کاریگەری سەختی هەبوو لە سەر ژیان وتەندروستی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وئابووری هاوڵاتیان لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و ئاستی عێراقی بەتایبەتی. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون لە نیو ملیۆن کەس تێپەڕی و ڕۆژانە ژمارەی گیان لەدەست دان بەهۆی ئەم ڤایرۆسە بەرزبووەوە و گەیشتە نزیکەی دە هەزار کەس.

بێگومان ئەم پەتایە شوێنەوارێکی خراپ بەجێ دەهێلێت لەسەر گشت لایەنەکانی ژیان وەکو لەدەست دانی ئەندامانی خێزان و لاوازکردنی سیستەمی تەندروستی عێراق سنووردار و پاشەکشەی ئابووری. هەرلەم بوارەدا، وەزارەتی پلاندانان ئاماژەی بەوە کرد کە 42% دانیشتوانی عێراق لە هەژاریدا دەژین بەهۆی پەتای کۆرۆنا ونزیکەی 15% لەو ڕێژەیە لە بارودۆخێکی خراپدا دەژین بەهۆی نەبوونی وهەژاری[12]. هەروەها ئەگەری هەیە ئاستی کۆی بەرهەمی خۆماڵی عێراق لە ساڵی

11 پوختەی ورکشۆپی دیالۆك لەگەڵ کۆمەڵێك لاوی عێراق لە چین وناوچە جیاوازەکانی عێراقدا کە لەلایەن پەیمانگەی هاوڵاتیبوون وبەڕێوەبردنی فرەجۆری سەر بە دەزگای ئەدیان ئەنجامدراوە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئۆفیسی یونێسکۆ لە زانکۆی کوفە بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەکانی دیالۆگ نیوان ئایینەکان لە جیهانی ئیسلامیدا.

12 بڕوانە: وەزارەتی پلاندانان، هەڵسەنگاندن بۆ دەرهاوێشتەی پەتای کۆرۆنا لەسەر هەژاری نەداری لە عێراق، توێژینەوەیەکی ئامادکراو لە لایەن بانقی نێودەوڵەتی (WB) و ڕێکخراوی یونیسێڤ (UNICEF)، تەمووز 2020.

2020 بۆ 10 % نزم ببێتەوە و کورتهێنانی بودجە لەهەمان ساڵدا بگاتە ئاستێکی پێوانە بۆ نزیکەی 30% لە کۆی بەرهەمی خۆماڵی. هاوکات لەگەڵ لەدەستدانی چەندین هەلی کار و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بەم شێوەیە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ژێر هێڵی هەژاری دان دەگاتە یەك لەسەر سێی دانیشتوانی عێراق[13].

کەواتە ئەم بەربەستانەکە لە ئەنجامی ئەم پەتایە هاتوونەتە دی تەنها پەیوەست نین بەپرۆگرامی هۆشیارکردنەوە و ڕووبەڕووبونەوەی تەندروستی بەڵکو پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوەی کارەپێشینەکانە لەسەر ئاستی ئابووری وکۆمەڵایەتی بۆ بەهێزکردنی چانسی خۆڕاگری کۆمەڵایەتی و بوژانەوەی ئابووری بەکەمترین تێچوو و بەخێراترین ماوە.

## گرێبەستی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی نیشتمان

پاش 45 ساڵ لە دەستورە کاتیەکان، لە ساڵی 2005 عێراقیەکان یەکەمین دەستوری هەمیشەییان بۆ عێراق دارشت وپرۆسەی نووسینی دەستوری نوێ بەپەلە و لە بارودۆخێکی نەگونجاو ئەنجامدرا .دەستورە نوێیەکە بوو بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە نێوان عێراقیەکان لە لایەك، هەروەها لە نێوان ئەوان ودەوڵەتی عێراق لە دوای قۆناغی لە ناوچوونی دیکتاتۆریەت. هەروەها لەقۆناغی کۆتایی ئەم دەستورە هەنگاوێکی تەشریعی بەرەو پێشەوە نا، هەرچەندە کاریگەریەکی لاوازی هەبوو لە مەودای نزیك بەڵام هزرێکی نوێ دامەزرا بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بابەتەکانی ڕای گشتی. لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە خواستێکی زۆر هەیە بۆ بنیاتنانەوەی دام ودەزگا دەستوریەکانی عێراق و کاراکردنەوەی یاسا و پرۆژەیاساکان و دانانی سیاسەتێکی نیشتمانیرێکوپێك بۆ بابەتە سەرەکیەکان.

هەڵبەت دەستوری نوێی عێراق چەندین بابەتی گرنگی بە نارِوونی یان بە بێ یەکلاکردنەوە بە جێهێشتوە کە بونەتە ڕێگر لە سەقامگیری سیاسی، چونکە دەستوری عێراق تێکەڵە لە سیستەمی حکومرانی فیدراڵی[14] وسیستەمی لامەرکەزی[15] بۆیە بەشی هەرە گەوری عێراق فیدراڵیە ویەکگرتووە. نەبونی سازان بەردەوام بوو لە قۆناغە سەرەتایەکانی دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان و ئەرکەکانی هێزە ئەمنیەکان تاکو گەیشتە قۆناغی هیوا وئاواتەکانی نیشتمانێکی یەکگرتووی وپێکەوە ژیان.

لەدوای سەرکەوتن بەسەر ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش،بەهۆی رزگارکردنی خاکی عێراق واقیع حاڵی نوێ درووست بوو بەتابەتی لەو ناوچانەی پێ دەوترێت (کێشە لەسەرەکان). هەروەکو ئاشکرایە، کە بەشێك لەو ناوچانە چەندین پێکهاتەی بچوکی لێیە وەکو ئیزیدیەکانی ناوچەی شنگال و مەسیحیەکانی دەشتی نەینەوا وپێکهاتەکانی

13 بروانە: ڕاپۆرتی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق بۆ مانگی تشرینی یەکەمی 2020 ، « دەرهاوێشتەی پەتای کۆڤید 19 لەسەر ئابووری عێراق » (بە ئینگلیزی).

14 لەمادەی (1) دەستور هاتووە : کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵیە.

15 لەمادەی ( 116 ) ئاماژەپێکراوە کە سیستەمی فیدراڵی عێراق پێکهاتوە لە پایتەخت و «هەرێمیکی فیدراڵی» و پارێزگاکانی «لامەرکەزی» و بەڕیوەبەرایەتیەکانی خۆجی».

تر، بۆیە ئەم پرسە رێگرە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان ودابینکردنی ئارامی و گەشەسەندن وسەقامگیری لەناوچەکانیان و پتەوکردنی یەکگرتوویی نیشتمان لەسەر بنەمایەکی تەندروست.هەروەها رێکەوتنی شنگالی ئەم دواییە هەنگاوی یەکەم بوو بەم ئاراستەیە.

دەستوری عێراق ئایین ومەدەنیەتی پێکەوە کۆکردەوە بە شێوەیەك کە بەراوردێکی ئالۆز[16] لەنێوان فرەئایینی و ئازدی باوەڕ دروستکرد وڕێگری کرد لە جێبەجێ کردنی ڕاستەقینە و گشتی بۆ ئازادی ئایین وباوەڕ[17]، هەروەها دانانی یاساکان بۆ ڕێکخستنی باری کەسی ئالۆزکردو پیادەکردنی سیاسی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەهێزکرد لەسەر بنەمای تایفی و نەتەوەیی مەزهەبی[18] کە بە بۆچوونی هەندێك هۆکاری سەرەکیە بۆ بەرزبونەوەی پشکپشکێنە وپاشەکشەی چەمکی هاوڵاتیبوون و بەرپرسیاریەتی نیشتمانی بەرزبونەوەی لێکترازانی تائیفی ونەتەوەیی لەنێوان پێکهاتەکانی عێرا.

## نوێنەرایەتی دیموکراسی و پرۆسەی سیاسی

لەگەڵ ڕوخانی رژێمی پێشوو لە ساڵی 2003، عێراق کەوتە سەر ڕێڕەوی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی. تەنها هەڵبژاردنەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چاودێری هاوبەش چارەسەر نیە بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسی بەڵکو پێویستە بە هەبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کارا، هەروەها پێویستە دیموکراسیەت بگوازرێتەوە بۆ کەلتوری گشتی، کەواتە پێویستە مرۆڤ دیموکراسیەت لە هەموو جومگەکانی ژیانی جێگیر بکات.

لەبەر ئەوە هەندێ کەس دەپرسن ئایا دەکرێت باسی بنیاتنانەوەی دیموکراسی لە چوارچێوەی پشك پشکێنەی تایفی بکرێت، نەك تەنها لەسەر ئاستی سیاسی بەڵکو لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی فەرمی ومەدەنی و سەربازی وئەمنی. وادیارە بۆ ئەوانە کە بابەتی بنیاتنانەوەی دیموکراسی پەککەوتوە بەپێی پرۆسەی سیاسی ئەمرۆ کە ئینتیمای ڕۆشنبیری و نەژادی وتایفی ومەزهەبی دەگوازێتەوە بۆ ئینتیمای سیاسی و ڕێڕەوی زۆرەملی بۆ کارکردن لەسەر پرسی گشتی. تاکە چارەسەر ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی ڕوحی نیشتمانی بچەسپێنێت بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە بەرەو باشی. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە بە دانانی یاساکان کە دەوڵەتی هاوڵاتیبوون دادەمەزرێنێت و پشت بەو دامودەزگایانە دەبەستێت کە لەم بوارەدا کار دەکەن وەکو : زانکۆکان، خزمەتی مەدەنی وسەربازی زۆرەملی هەروەها ئامرازەکانی تری پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی.

وادیارە کە ئاراستەیەکی نوێ هەیە بۆ گەڕان بەدوای شێوازێکی تازە بۆ پرۆسەی

16 مادە (2، یەکەم) ئاماژە بەوەدەکات کە ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە وبەندی (أ) لەهەمان مادە رێگەنادات بە دارشتنی هیچ یاسایەك کە دژی ئەحکامی ئیسلام بێت.

17 مادە 18 لە راگەیاندراوی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لەساڵی 1948 لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوە کە تێدا هاتوە : هەموو کەسێك مافی هەیە بۆ ئازادی هزر و ویجدان وئایین، مافەکە ئەمانەش دەگرتەوە : ئازادی گۆڕینی ئایین وباوەڕ، ئازادی دەرخستنی ئایین وباوەڕ بە ڕێگای پەرستن و ئەنجامدانی وفێرکردنی رێورەسمی ئایینی بەتاك یان بە کۆوەڵ، بەنهێنی یان بەئاشکرایی.

18 هەرچەندە دەستوری عێراق هیچ ئاماژە بە دابەشکردنی پۆستە سیادیەکان ناکات لە سەر بنەمای مەزهەبی بەڵام بەپێی نەریتی سیاسی کە هاوبەشەکانی پرۆسەی سیاسی لە سەری رێککەوتون دەبێت سەرۆکی کۆمار کورد بێت وسەرۆك وەزیرانیش شیعە بێت و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش سونە بێت لەگەڵ دابەشکردنی پۆستی جێگرەکانی هەرسێ سەرۆکاتیەکان لەسەر هەمان بنەما. سەیری د.س.ئەنتۆنی فاف (عیراق – نەخشەڕێگای سازێژبونی برینەکان)ئەو راپۆرتەی کە لەدەستپێشخەری عیراق لەئەنجومەنی ئەتڵەسی ساڵی 2021 لەلاپەرە 6 دەرچوە.

پیادەکردنی سیاسی. ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی دەوڵەتێکی مەدەنی ودیموکراسی نوێ کە بەرگری لە هاوڵاتیبوونی هاندەر بۆ فرەجۆری دەکات.

هەندێکی تر هیوایەکی کەم لە دینامیکیە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان دەبینن کە دەچێتە ئەودیوی ناوچە وتایفیەکان بەتایبەتی بزوتنەوەی نارەزایەتیە میللیەکان وسەندیکای کرێکاران وخاوەن پیشەکان، هەروەها پشت بەم بزووتنەوانە دەبەستن بۆ خێراکردنی پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسی بەمەرجێك کە پارێزراوبێت لە کردەوەکانی نادیموکراسی. لەهەمان کاتدا هەندێکی تر بە دوور نازانن کە عێراق بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەت ئەگەر لە قۆناغی داهاتوودا پرۆسەکانی چاکسازی سیاسی سەرنەکەوتن.لەبەر ئەوە، پێویستە بە چەسپاندنی تێگەیشتنی دیموکراسی لە عێراقدا بۆ ئەوەی ببێتە ڕەفتارێکی سروشتی لە لایەنی هاوڵاتیانی، هەروەها گواستنەوەیەکی هێمنانەی دەسەڵات وبەڕێوەبردنی دەوڵەت تیدا ئەنجام بدرێت دوور لەو کۆسپانەی دەبنە ڕێگر لە بەردەم ئەم پرۆسەیە.

## سەروەری نیشتمانی لە هەلومەرجی ناوخۆیی وجیهانی

سەروەری دەوڵەت دوو ئاڕاستەی هەیە : ناوخۆیی ودەرەکی. سەروەری ناوخۆیی بریتیە لە سەپاندنی سەروەری دەوڵەت بەسەر تەواوی خاکەکەی ( زەوی، ئاسمان، دەریا، سەرچاوەکان..هتد)و قۆرغکردنی بەکارهێنانی هێزی یاسایی بە سەر خاکەکەی. بەڵام سەروەری دەرەکی بریتیە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی دەرەوە بەپێی بەرژەوەندیەکانی میللەت وپاراستنی سنوورەکانی لە هەموو جۆرە بەزاندن وپێشێلکاریەك. لێرە پێویستە ئاماژەبکەین کە چەمکی سەروەری نیشتمانی لە لایەن عێراقیەکان یادگاریەکی نەرێنی هەیە چونکە ڕژێمی پێشوو وەکو بەهانەیەک بەکاری هێنا بۆ چەوساندنەوە وکۆمەڵکوژی.

لە ڕاستیدا سەرکەوتنی عێراق بەسەر تیرۆردا هاندەرێکە بۆ بنیاتنانەوەی ستراتیجیەتێکی ئەمنی وبەرگری ئەوتۆ و بەهێزکردنی توانای خۆپاراستنی نیشتمانی یەکگرتوو وسەپاندنی سەروەری دەوڵەت، هەروەها ڕێخۆشکەرێکە بۆ پابەندبوونی گشتی لە ژێر چەتری یاساو جیاکردنەوەی ئەوتۆ لە نێوان گرووپەچەکدارەکانی ئاسایی و هێزی سیاسی حیزبی. هەروەها پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی بەردەوام بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەکانی تیرۆرو ژینگەکانی توندڕەوی ئایینی و بێبەشی کۆمەڵایەتی و جیاوازی نەرێنی و نەهێشتنی لاوازی دەسەڵاتی یاساو دەوڵەت.

لە ڕاستیدا سەروەری نیشتمانی عێراق ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشەی بەردەوامی هێزی ناوچەیی وجیهانی بووە. بەردەوامی ئەم پێشەلکاریانە کاریگەری

نەرێنی هەیە لەسەر هاوڵاتیبوونی تاك و كۆمەڵگەی عێراق بەهۆی بەرشوبڵاوی ئینتیماكان وبەهێزبوونی سیاسەتی دەرەكی وبەرژەوەندیەكانی دژ بە چەمكی هاوڵاتیبوون. بۆیە تێڕوانینی ئایندەی عێراق پەیوەندە بە گەڕانەوەی تەواوی سەروەری عێراق و پابەندبوونی ڕاستگۆیانەی عێراقیەكان بە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی كە سەروی گشت بەرژەوەندیە تایفەگەریەكانی ناوخۆیی و دەرەكیە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەموو جۆرە هاوپەیمانیەك ڕەتبكرێتەوە كە دەبنە هۆی تێوەكلانی عێراق لە ناو ململانێ هەرێمی و جیهانی.هەروەها پێویستە بە سنووردارکردنی چەك بەدەستی دەوڵەت ودەرهێنانی یاساكانی پەیوەند بە شەفافیەتی پارەداركردنی حیزب و قەوارە سیاسیەكان بەتایبەتی تەمویلی هەڵبژاردنەكان.هەروەها پێویستە عێراق ڕێز بگرێت لە سەروەری وڵاتانی تر و لەسەر بنەماكای بەرژەوەندی هاوبەش لەسەر ئاستی عەرەبی وهەرێمی وجیهانی ڕەفتاریان لەگەڵ بكات.

ئەمڕۆ پێشێلكاری سەروەری عێراق لە كردەوەی گرووپەكانی «نادەوڵەتی «دەردەكەوێ یاخوود ڕێكخراوە چەكداریەكانی دەوڵەتی پەڕەلێل كە سیاسەتە تایبەتیەكانی ( سەربازی ، ئابووری ، ئەمنی) خۆیان ئەنجامدەدەن بەبێ ڕێزگرتنی چوارچێوەی دەستور وسەروەری یاسا.ئەو گرووپانە مەترسی ڕاستەقینە وسەرەكیە لەبەردەم چاكبوونەوەی عێراق و دەرچوونی لە گەردەلوولی قەیرانەكان، بەڵكو دەبنە هۆكار بۆ قووڵكردنەوەی قەیرانەكان بەڕێگای لاوازكردنی كارایی دامودەزگا فەرمیەكان و درووستكردنی بۆشاییەكی گەورەی سیاسی پر لە تایفی و توندوتیژی وگەندەڵی.

## گیروگرفتی ئابووری داهاتە نەوتیەكان

لەگەڵ دەوڵەمەندبوونی سەرچاوەكانی، بەڵام حكومەتەكانی عێراق شكستی هێنا لە دۆزینەوەی داهاتە جێگرەوەكانی نەوت، هەوەها شكستی هێنا لە دابەشكردنی دادپەروەرانەی سامانەكان و دانانی نەخشەی ستراتیجیەكانی پەرەپێدانی بەردەوام. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی كەڵەكەبوونی قەیرانی بێكاری بەتایبەتی بۆ چینی لاوانی كۆمەڵگە. هەڵبەت تا ئێستا ئابووری عێراق پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێ و بەرهەمهێنان و ناردنی نەوت بەشی هەرە زۆری بەرهەمەكانی خۆماڵیە. هەمیشە عێراقیەكێكە لە دەوڵەتەكانی جیهان كە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت،هەروەها لە ساڵی 2019 [19]، نەوت ڕێژەی 96% لە بەرهەمە ناردراوەكانی و92% لە داهاتی بودجەی و 43% لە كۆی بەرهەمی خۆماڵی پێكهاتبوو. دەتوانین بڵێین كە عێراق ئەمڕۆ لە ڕووی پیشەسازی وكشتوكاڵی نیمچە پەككەوتووەو هیچ شتێك بەرهەم ناهێنێت وتەنها شتێكی كەمی كشتوكاڵی ئەچنێت بەڵكو خورماو برنجیش ئێستا لەدەرەوە هاوردەدەكات كەپێشتر لەناوخۆدا بەرهەمی دەهێنا.

19 بروانە: ڕەوانگەی ئابووری عێراق ، بڵوكراوەكانی بانقی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وباكوری ئەفریقیا، پاییزی ساڵی 2020 .

لەبەرئەوەش، عێراق تووشی گرفتی نزمبوونەوەی ئاستی کەرتەکانی کاڵا بوو بۆ پڕکردنەوەی خواستی بازاری خۆماڵی. ئەمەش عێراقی ناچارکرد پەنا بۆ هاوردەکردن ببات بۆ کەمکردنەوەی خواستی ناوخۆیی کە هەمیشە رووی لەزیادبوونە. ئەمەش بویتە هۆی بەرزبوونەوەی قەبارەی خەرجیەکانی بودجەی تەشغیلی عێراق. بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، پێویستە دەوڵەت ستراتیجی ئابووری هاوچەرخ پەیڕەوبکات وەکو سیستەمی باج و بەڕێوەبردنی دارایی و قەرزی گشتی و دۆزینەوەی رێگاچارە بۆ گواستنەوەی عێراق لە ئابووریەکی قازانجی(ربحی) بۆ ئابووریەکی بەرهەمی کە بۆ نموونە گرفتەکانی نەبوونی و هەژاری و بێکاری و کرێکاری منداڵان چارەسەربکات.

## پەرەپێدان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی

هاوڵاتیبوون تەنها ئینتیمایەکی سادە نیە بەڵکو پەیوەندە بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و بە تواناکانی دەوڵەت وەکو پارێزەرێکی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە کە کار دەکەن بۆ پاراستنی یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان بۆ سوود وەرگرتن لە فێربوون وتەندروستی و دامەزراندن و خزمەتگوزاری سەرەکی. هەروەها گرنگی پێدان بە بابەتەسەرەکیەکانی تر وەکو ژینگە و پلاندانان. لەبەرئەوە چارەسەرنەکردنی گرفتی پەراوێزخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هۆی قوڵکردنی قەیرانی ناسنامە و هاوڵاتیبوون و ئینتیمای نیشتمانی[20].

لە ڕاستیدا، عێراقیەکان هیواخوازن کۆمەڵگەیەك دروستبێت کە تیایدا پەرەپێدان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرقەراربێت. هەڵبەت ئەمە پەیوەندە بە هەبوونی پەرەپێدانی مرۆڤایەتی وکۆمەڵایەتی بەردەوام و ڕاستودرووست نەوەك لەسەر بنەمای پێکهاتەی تایفی سیاسی بەڵکو لەسەر بنەمای لێهاتوویی. هەروەها لەسەر بناغەی زانستی دابمەزرێت کە دوور بێت لە هەموو جۆرە بریارێکی سیاسی خێرا کە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە پلانی گەشەپێدان چونکە پرۆسەی گەشەپێدان بەستراوە بە سەقامگیری و گەشەی ئابووری و دابەشکردنی بەرپرسیاریەتیەکان. هەروەها پەرەپێدانی مرۆیی پێویستی بە پێداچوونەوەی هەیە بە هەرەمی دانیشتوانی عێراق تاکو بزانین هەڵەکان لە کوێنە چونکە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق لە چینی لاوانە[21] و پێویستە نەخشەکانی پەرەپێدانی ئەم بابەتە بەهەند وەربگرن ،ئەگەرپەرەپێدان وچاکسازی کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدرێت ئەوە لێهاتوویی و سامانە مرۆییەکانی ئەم لاوانە بەفیڕۆ دەچێت و کارەساتی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە .

لەم ساڵانەی دوایی، لێکترازانی سیاسی و ناسەقامگیری ئەمنی هاوکات بوو لەگەڵ نەبوونی تێڕوانینێکی ئابووری ڕوون وپلانی ستراتیجی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان. ئەمەش بوەتەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەکانی بنیاتنانی ئابووری عێراق لەبەر

20 چەمکی نوێ هاوڵاتیبوون دامەزراوە لە سەر کۆمەڵێك لە مافەکانی پێکەوەبەستراو وەکو مافەکانی : مەدەنی وسیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وەروەشەنبیری. لەم بوارەوەدا، کۆمەڵناس تۆماس مارشاڵ دەپرسێ :» مافی ئازادی بیرو رادەربرین سوودی چیە ئەگەر پەروەردەیەکی درووست بۆ هاوڵاتی دابین نەکات کە بتوانێت ڕایەکی بەهێز دەرببڕێت و بەرگری لێبکات؟»

21 35.4% لە دانیشتوانی عێراق تەمەنیان لە نێوان 15 و 34 ساڵە.بە پێ راپۆرتی کاروباری ئابووری وکۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی 2019، لە سەرەتای ساڵی 2030 رێژەی ئەوانەی کە تەمەنیان 30 ساڵە دەگاتە 62% لەکۆی گشتی دانیشتوانی عێراق.

نەبوونی دەزگایەکی ئیداری کە بتوانێت دامودەزگاکانی ئابووری عێراق بە لێهاتوویی و پیشەیی بەڕێوەببات لەگەڵ پەرەسەندنی گەندەڵی ئیداری وئابووری.

هەروەها لەم ساڵانەی دوایی، عێراق سەرکەوتوو نەبوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەرەپێدانی پێویست تاکو ڕێژەی بێکاری و جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان کەمبکاتەوە. هەڵبەت گرفتەکانی وەکو بەرزونزمی نرخی نەوت و خەرجیەکانی سەربازی بۆ جەنگی دژی داعش و نزمبوونەوەی ئاستی کارکردن لە کەرتی حکومی و تێکچوونی ژێرخانەکان کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر حکوومەت.

لەم دواییەدا،دۆخی عێراق خراپتر بوو لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانی بە شێوەیەکی پێوانەنەکراو بەهۆی پەتای کۆرۆناو دەرهاوێشتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەمەش لایەنی پەیوەندیداری ناچارکرد بەدوای ئەمرازی نوێ بگەرێت بۆ پەرەپێدان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە عێراق کە لەگەڵ گرفتەتازەکان بگونجێت. هەڵبەت تێکچوونی دۆخی ئابووری ودەرهاوەێشتە نەرێنیەکانی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی مەترسیدار دێنیتە ئاراوە بەهۆی زیادبوونی نەهامەتی و هەژاری وبێکاری. هەروەها پێویستە ،لەسەر ئاستی خاوەن بریاردان بەتایبەتی ولەسەر ئاستی گەل بەگشتی، بیروبۆچوونەکان بگۆڕێت بۆ رفتارکردن لەگەڵ ئەم پرسەیە.

## چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

هەڵوێستەکان هاودەنگن کە گەندەڵی بوەتە هەڕەشەیەکی گەورە لە سەر دەوڵەت لە سەرانسەری عێراقدا. لەساڵانی ڕابردوو گەندەڵی ئاستێکی پێوانەیی تۆمارکرد لە ناو وەزارەتەکان و کاری سیاسی کوتلەو حیزبەکان . وەزارەتەکان بوون بە سەرچاوەی پارەدارکردنی پارتە سیاسیەکان. هەروەها گەندەڵی بە قووڵیەوە لەناو دەوڵەت وکۆمەڵگە تەشەنەی کردووە و بووە بە «کەلتوور» و سیستەمی بەرژەوەندی هاوبەشی وەکو هێزێك کە گوشار دەخاتە سەر سیاسەت و ئابووری و بەڕێوەبردنی وڵات. بۆیە هاوڵاتیان دەبینن کە گەندەڵی مەترسی هەرەگەورەیە کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە. هەندێکی تر وا دەڕوانن کە خوودی سیاسەتی ناسنامەی گەندەڵی بەرهەم دێنێت. چونکە هەر پێکهاتەیەك ناسنامەی خۆی بەرهەم دێنێت نەك تەنها لەسەر ئاستی کەلتوری بەڵکو لەرێگای کۆمەڵێك لە بەرژەوەندیەکانی تاکەکەسی. بۆیە ئەوانە وا دەبینن کە تەنها گەڕان بە دوای گەندەڵکاران تاکە چارەسەر نیە بەڵکو پێویستە بناغەی گەندەڵی لە ڕەگەوە بنبڕ بکرێت لەسەر ئاستی دەوڵەت و ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پشکپشێنەی تایفی کە گەندەڵی بەرهەم دێنێت، پێویستە پێداچوونەوەیە بە ئەزموونی سیاسەت و بەڕێوەبردن بکرێت و گەشەپێدان بە چەمکی

خزمەتی مەدەنی لە ناو دامودەزگاکان نەك بۆ دامەزراندنی سیاسی وبەرژەوەندیەکانی تایفی بەڵکو بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە بەکاربێت. ئەم ڕێڕەوە پێویستی بە گرتنەبەری چەندین ڕێنمایی توند بۆ دڵنیابوون لە دەستپاکی بەرپرسانی پۆستە ئیداریەکان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت. هەروەها دڵنیابوون لە لێهاتوویی وکارایی ئەو بەرپرسانە و کواڵێتی ئەو خزمەتانەی پێشکەش بە هاوڵاتیان کراوە. لەهەمان کاتدا پێویستە پەرە بە بەکارهێنانی حکومەتی ئەلیکترۆنی بدرێت، هەروەها بەڕێگای بەستنەوەی بنکەی زانیاری و داتاکانی فەرمانبەران وخانەنشینان وسوودمەندەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ووردبینیکردنیان بە حکومەتی ئەلیکترۆنی ببەسترێتەوە. هەروەها پێویستە رۆڵی چاودێریکردنی دامودەزگا حکومیەکان کارا بکرێتەوە لەگەڵ بەهێزکردنی سەربەخۆیی دادگا و بڵاوکردنەوەی کەلتوری سەروەری و ڕێزگرتن لە یاسا.

# بەشی یەکەم

# ناسنامەی نیشتمانی وکەلتوری فرەیی

## 1.ناسنامەی یەکگرتو و ئەدەبیاتی فرەیی

عێراق لانکەی شارستانیەتە دێرینەکانە لە وڵاتی دوو ڕووبارەکە، سەرزەمینی فرەیی نەژادی و
ڕۆشنبیری و ئایینیە. لەو خاکەی کە شوێنی دەرکەوتنی ئایینە کۆنەکانە، وەکو سابئە و جوو و ئێزدی و کاکەیی و زەردەشتی و ئەوانی دیکە؛ ئایینی مەسیحی هەنگاوی هەڵهێنا بەرەو سنووری چین، تیایدا خانەی زانست و تیشکی هزری جیهانی دامەزرا لەناو شارستانیەتی ئیسلامی. هەروەها بەهۆی مەزاری پێغەمبەران و ئیمامەکان، عەتەبە پیرۆزەکان و نەجەفی شەریف (شاری زانست و ئەدەب) سەرزەمینی عێراق پیرۆزکراوە. بەڵام ئەو خاکە دەوڵەمەندەی بە سەرچاوە سروشتیەکان و مێژووەکەی، کە ئاوەدان کراوەتەوە لەلایەن خەڵکەکەی لە عەرەب و کوردو ئاشوری و کلدان و تورکمان و سەرجەم پێکهاتە ڕەسەنەکانی دیکە، لە دەیەکانی ڕابردوو وڵاتەکە ڕووبەڕووی سەرکوتکردنی سیاسی و نەمانی سەقامگیریی و جەنگە دەرەکیەکان و ئابڵوقەو داگیرکردن و ناکۆکیە تائیفیەکان بویەوە، لەوبارەوە دوایین وێستگە تیرۆری «داعش» بوو کەوا زامێکی قوڵی لە جەستەی وڵاتەکە جێهیشت، ئەمەش بەهۆی کردەوەکانی کوشتن و ڕاگواستن و وێرانکردن و چەوساندنەوەو لەناوبردن.

پرسی ناسنامە لە بنەڕەتەوە پەیوەندی بە واقحاڵی فرەیی کۆمەڵگای عێراق هەیە وەکو فرەیی ئایینی و ئایینزایی و نەژادی و زمان. هەروەها ناسنامە پەیوەندیدارە بە چەندین لایەنی دیکەی ژیانی گشتی عێراق، جا لایەنی سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری یاخود دەستوری؛ ئەوەش کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر پرسی یەکڕیزی نیشتمانی و ئاشتی کۆمەڵایەتی، دواتر کاریگەری دەبێت بۆ سەقامگریی. پرسی ناسنامە کاریگەری زۆری هەیە بە سیستەمە سەرکوتکاریەکان و توندوتیژی تائیفی و تیرۆر، کە لەو دەیان ساڵەی ڕابردوو لە عێراقدا بەدوای یەکدا هاتوون، ناسنامەکە جیانەکراوەتەوە لەو چارەسەریەی کە لە هەست و یادەوەریی عێراقیەکان چەسپاوە، هەروەها وردبوونەوە لە واقحاڵ بۆ تێگەیشتن و خستنەڕووی بە شێوەیەکی گشتگیرو بنیاتنەر.

هەندێک بۆچوونیان وایە کە لە دەیان ساڵی تەمەنی عێراقی نوێ، عێراقیەکان نەیانتوانی ئەدەبیاتێکی هاوبەشی ناسنامەی عێراقی پێکبهێنن، بەڵکو ئەوەی هەبووە ئەدەبیات یان پرۆژەی ئەدەبیاتی بەکۆمەڵ بووە. لەناو یەک گرووپیشدا چەندین ناسنامە هەبووە کەوا پێشبڕکێی یەکتریان کردووە. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی بیست و سەردەمی پاشایەتی، هەوڵێکی جدی هەبوو بۆ دروستکردنی هۆشیارییەکی بەکۆمەڵ سەبارەت بە ناسنامەی نیشتمانی، کەوا بەهۆی کودەتا سەربازیە یەک لەدوای یەکەکان نەنوسرایەوە تەواونەکرا، کەوا چەمکی ناسنامەی وەکو توانەوە

هێز پیشاندا. بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون لە هەڵسوکەوتکردنێکی دروست لەگەڵ ڕەهەندە جیاوازەکانی ناسنامەی عێراقی، بیرۆکەی دەسەڵات و حوکمڕانی زاڵ بوو بەسەر چەمکی دەوڵەت. ناسنامە لاوەکیەکان لەناوچوون بۆ بەرژەوەندی «ناسنامەی فەرمی لەسەرەوە داندراو»، ئەم ناسنامەی فەرمیەش بە درێژایی دەیان ساڵ ملکەچی گۆڕان و هەڵسەنگاندنی دەسەڵات بووە. لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە ساڵی 1921 تاکو ئەمڕۆمان، ڕەنگە ئەو دەربڕینە لە واقحاڵ بەردەوام شێوەی ئاڵای نیشتمانی بگۆڕێت.

لەگەڵ ئەوەش ئەمە تاکە بۆچوونی کۆتایی نییە، هەندێک پێیان وایە گرنگە جیاوازی بکرێت لە نێوان هەردوو ڕەهەندی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی ناسنامەی عێراقی.

ناسنامەی عێراقی بەرجەستە بووە بەشێوەیەکی هاوبەش لە میانەی چوارچێوەی دەروونی عەرەبی عێراق، بەشێوەیەک لە خەیاڵی کۆمەڵایەتی و یادەوەری مێژووییان دنیابینیەکی هاوبەش هەیە سەبارەت بەو ناسنامەیە لەبارەی ئاست و ئینتیمابوون، لەڕووی سۆزداری و دەرکپێکردن. بەڵام ئەو دەرکپێکردنەی ناسنامەی عێراقی، سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق ناگرێتەوە وەکو پێکهاتەی کورد و هەندێک کەمینەی نەژادی. بۆ ناسنامەی عێراقی ڕەهەندی سایکۆلۆجی جیاوازە لە ڕەهەندی سوسیو_ سیاسی، لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی. بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخی عێراق، دەوڵەت کێشەی کورتهێنان بووە لە کۆکردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق لە دەوری پڕۆژەیەکی سیاسی یەکگرتوو، هەروەها نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینەی هەموان بهێنێتە دی و ناسنامەی سیاسی نیشتمانی هاوبەش بەهێز بکات.

دەکرێ بڵێین: ئەدەبیاتێکی یەکگرتوو بۆ بنیاتنانی گەلانی عیراق بەدی نەهات، ئەمەش بەهۆی پاشەکشەی سیستەمە سیاسیە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، کە نەیانتوانی دەوڵەتێک دروست بکەن هاوتەریب بێت لەگەڵ جوگرافیای سیاسی و لایەنی ڕۆشنبیری و نەژادی. بۆیە دەوڵەت تەنیا وەکو ئامرازێکی حوکمڕانی و زاڵبوو مایەوە بەسەر کۆمەڵگاو تاک، نەک نوێنەرایەتی کردنیان بەشێوەیەکی سەقامگیر، هەروەها تاک لە دۆخی پەراوێزخراو وەکو ڕکابەری دەوڵەت مایەوە، ئەمەش دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی یەکگرتوو.

بۆیە پڕۆسەی سیاسی بەرپرسیاریەتی سەرنەکەوتن لە ئەستۆ دەگرێ بۆ گەیشتن بە یەکهەڵوێستی لەبارەی ناسنامەیەکی نیشتمانی عێراقی گشتگیر؛ لەبەرئەوەی ئامانجی پڕۆسەی سیاسی بەتایبەتی دوای ساڵی 2003 کورتکراوەتەوە لە بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی بچوکی حیزبی، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبەکان کۆنتڕۆڵی جومگە سەرەکیەکانی دەوڵەت و ئابووری وڵاتەکەیان کردووە. سەرباری ئەمەش بیری ئاینی و نەتەوەیی توندڕەو، ڕێگاخۆشکەرە بۆ گەشەکردنی هەستی شانازیکردن بە ناسنامە بچوک و لاوەکیەکان. هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆکار بۆ پاشەکشەی ناسنامەی نیشتمانی عێراقی و گەشەکردنی ئەدەبیاتی کۆمەڵە بچوکەکان.

پێکهاتەی سونە کە پێشتر گرنگیان نەدەدا بە ئەدەبیاتی ناسنامەی تایبەت بەخۆیان، ئەمڕۆ ئەوانیش بەدوای ئەم جۆرە ئەدەبیاتە دەگەڕێن، ئەمەش بەهۆی واقعحاڵ و بە پەراوێزخستنیان وەکو کەمینەیەکن، هەرچەندە ژمارەیان زۆرە. پێکهاتەی شیعە چووەتە قۆناغی دووبارە دروستکردنەوەی ناسنامەیەکی بە کۆمەڵ و ڕەواندنەوەی شوێنەواری قۆناغی سەرکوتکاریی و گرێدانی بە پرسی نیشتمانی. ئەم دۆخە بەدەر نییە لە پێکهاتەی کوردی کەوا دوانەیی (دوالیزم) لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق سەری هەڵداوە؛ ئەمەش شێوەیەکە لە پێشبڕکێ لە نێوان ناسنامەکان یاخود ئەستەم بوونی بەدیهێنانی گونجان لە نێوان ناسنامەی کوردی و ناسنامەی عێراقی. لەو چوارچێوەیە گوتاری هەستکردن بە ستەم و زۆرداری دەرکەوت، کە مەترسی لەسەر ئاشتەوایی میللی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروستکرد، بەگوێرەی ژمارەی پێکهاتەکان گوتارەکانی هەستکردن بە ستەم پەرتوبڵاوبوونەوە، دوای ئەوەی بیندرا هەر پێکهاتەیەک داواکاری هەستکردن بە ستەمی کۆن یان نوێیان هەبوو.

عێراق لەو ولاتانەیە کە بە فرەیی ئاییین و نەژادی و ڕۆشنبیریی دەناسرێتەوە ی کەمینەکان لە عێراق ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە بنیاتنانی سیستەمە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیەکان و بەدرێژایی چەندین سەدە ئەم سیستەمانەیان دەوڵەمەند کردووە لەڕابردوودا، ناودارەکانیان لە زانستەکان و هونەرو ئەدەب لەوەبەناوبانگترن کە لێرە ئاماژەیان پێ بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەستوری عێراق مافەکانی ئەو کەمینانەی مسۆگەر کردووە، بەتایبەتی لە ماددەکانی دوو و سێ و چوارو چلو دوو و چلوسێ ؛ بەڵام لەواقعدا تەنیا وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە، بەڵکو زیاتر ڕووبەڕووی چەوساندنەوەو کوشتن بوونەتەوە لەلایەن ڕێکخراوی تریۆرستی داعش و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان و بەکەنیزەیک کردنی ئافرەتەکانیان و بێلانەکردن و دوورخستنەوەیان لە زێدی خۆیان کە هەزاران ساڵە تیایدا دەژین.

جولانەوەی نارەزایی شۆڕشگێڕانە کە سەنتەرەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی لە پایتەخت و ئەو پارێزگایانەی باشورە کە زۆرینەیان شیعەن، گوتارو داواکاریەکانی و زمانە سیاسیەکەی ئەو جولانەوەیە ڕیزەکانی تائیفی و نەژادی تێپەڕکرد، ئەمەش لە ڕێگای نوێنەرایەتی کردنی ناسنامەی سیاسی و نیشتمانی یەکگرتوو. لەژێر ڕۆشنایی ئەو جولانەوە سیاسیەی کەوا تائیفیەتی کۆنی تێپەڕاندووە، ئەو سروشتەی ئەدەبیاتەکانی ناسنامە هەیانە، پێویستیان بە شیکردنەوەیەکی نوێ و ڕوانینێکی دوورمەودا هەیە. ئەوەی شایەنی ئاگاداربوونە ئەوەیە هەندێک ئەدەبیاتی نوێ شوێنێکی گرنگی هەیە لە یادەوەری سیاسی ڕۆژانەی عێراقیەکان، ئەویش ئەدەبیاتی «هەژارانی دژ بە دەوڵەمەندەکان»ە. گواستنەوەی ناکۆکی سیاسی لە تائیفیەوە بۆ ناکۆکی چینەکان بەڕوونی لە ژیانی عێراقیەکان بەدیدەکرێت، ئەمەش لە میانەی شەپۆلە نارەزاییە یەک لەدوای یەکەکان بیندراوە.

## 1. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی ناسنامەی نیشتمانی یەکگرتوو

**بەربەست:** ناسنامەکان و دواتریش ئینتیما لاوەکیەکان سەریانهەڵدا لەسەر حسابی ناسنامەی نیشتمانی عێراقی.

**چوارچێوەی بەربەستەکە:** هەموو عێراق

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** کارکردن بە شێوەی واقعی و بەرجەستەکراو لەسەر بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانی عێراق کە کۆکراوەی سەرجەم ناسنامە لاوەکیەکان بێت بە هەموو جۆرەکانیانەوە، لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتمانی تەواوکراو کە پارێزەری یەکپارچەی فرمیی عێراق بێت، هەروەها ڕێزگرتنی دەستوری و یاسایی و ڕۆشنبیری ناسنامە لاوەکیەکان مسۆگەربکات و مافی بوونیان گرێنتی بکات.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. هەڵوەشاندنەوەی پلەبەپلەی پشکپشکێنە، پابەندبوون بە دیموکراتی و سەروەریی یاساو لێپێچینەوە.
2. سووربوون لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی هاوچەرخ، کە مافەکانی خاوەن ناسنامە لاوەکیەکان و ناسنامەی یەکگرتووی نیشتمانی مسۆگەر بکات.
3. لە پڕکردنەوەی پۆستە کارگێڕیەکان و جومگە گرنگەکانی دەوڵەت پشت ببەسترێت بە خاوەن تواناو لێهاتوەکان دوور لە ڕەچاوکردنی ئینتیمای ئایینی و ڕۆشنبیری و نەژادی.
4. بەهێزکردنی بێلایەنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەشێویەک نوێنەرایەتی هەموو عێراقیەکان بکات و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات بەبێ جیاکاری و لایەنگریی.
5. بە پیرۆزڕاگرتنی سومبول و بۆنە یەکگرتووە نیشتمانیەکان و بەهێزکردنی هۆشیاری بەرامبەریان، وەکو بۆنە نیشتمانیەکان، سرودی نیشتمانی، ئاڵا، هتد.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. لە میانەی گوتاری فەرمی و لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە دەستبەرداری بیرۆکەی دژیەک بوونی نێوان ناسنامەی نیشتمانی و ناسنامەی ڕۆشنبیری یان نەژادی یاخود ئایینی ببن، تاکە ناسنامەی نیشتمانی یەکگرتوو بەفەرمی بناسرێت کە کۆکراوەو بنچینە بێت بۆ ناسنامە لاوەکیەکان.
2. کارکردن لەبارەی نوێکردنەوەی گوتاری ئایینی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە بابەتی هاوڵاتی بوون کە دەربڕی سەرجەم ئایینەکان و تائیفەکان بێت.
3. بەهۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هاندانی عێراقیەکان بە ئاراستەی ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو.
4. دامەزراندنی سیستەمێکی پەروەردەو فێرکردن کە باوەڕبوون بە ناسنامەی یەکگرتووی نیشتمانی بڵاوبکاتەوە، لەگەڵ دانانان بە فرەیی ناسنامەکان و ڕۆشنبیریە لاوەکیە عێراقیەکان.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی:**

1. چڕکردنەوەی کاری زانستی بۆ بنیاتنانی تاکە سیستەمێکی پەروەردەیی و فێرکردن، کە قبوڵکردنی سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بەدەست هێنابێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە نوسینی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی عێراق.
2. پەخشکردنی بەهاکانی دانان بە پێکهاتەکان لە نێوان خۆیان لە ژێر چەتری ناسنامەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی، ئەمەش لەمیانەی لەیەک نزیکبوونەوەکانی پەروەردەیی و فێرکاری و ڕاگەیاندن و مەدەنی.
3. هاندانی ئەو کوتلە سیاسیانەی بابەتی تائیفی و نەتەوەیی و ئایینیان تێپەڕاندووە.
4. بۆ بنیاتنانی ناسنامەیەکی نیشتمانی.
5. تەرکیزکردنەسەر بەشداری سومبڵەکانیڕابردو و هاوچەرخی نیشتماني عێراق.
6. بنیاتنانی بیروباوەڕێکی یەکگرتووی نیشتمانی، کە هۆشیار بێت بە کێشەی کۆمەڵەو گرووپە جیاوازەکان لە ڕابردوودا، هەروەها سۆزدار بێت و لەگەڵ هەموان گونجاو بێت.
7. ناونانی شوێنە گشتیەکان بەناوی کەسایەتیە عێراقیەکان، بەتایبەتی بیرمەندان و شاعیرەکان، هەروەها دیارترین سومبلی شارۆچکەو شارە عێراقیەکان.
8. دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەرامەت و سامان بەشێوەیەک ببێتە پارێزەری کەرامەتی مرۆڤایەتی عێراقیەکان، هەروەها ئینتیمایان بۆ وڵاتەکەیان پتەو بکات و شانازی بکەن بە ناسنامەی نیشتمانیان کەوا ژیانی تاک بەرەو پێشدەخات جا ئەو عێراقیە لە هەر پێکهاتەیەک بێت.

**لایەنە پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردن:**

1. پەرلەمان.
2. حکومەت: (وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەرجەم کۆڕبەندەکان و دامەزراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان)
3. دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕاگەیاندن.
4. ئەوقاف و دیوانە ئایینیەکان.

**دەرامەتە بەردەستەکان:** کادیرەکانی فێرکاری و پەروەردەیی، ڕۆشنبیرەکان، زانایان و پیاوانی میانڕەوی ئایینی، مۆزەخانەکان و شوێنەواری عێراق، هەروەها فۆلکلۆری عێراق.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:** هەڵچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، دواکەوتویی، هەروەها لەدەستدانی سەرمایەی مرۆیی.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراو و سودەکانی:** بوژانەوەی ئابووری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سەلامەتی پرۆسەی سیاسی و کارگێری، یەکخستنی توانای عێراقیەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسی و هەڕەشەکان.

**پلانی کارکردن:**

1. دابەشکردنی ئەرکەکان بەگوێرەی پسپۆڕیەکان.
2. بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو.
3. دانانی پلانێک بۆ پەیوەندی کردن بە لایەنە پەیوەندیدارەکان.

## 2. ڕۆشنبیری دایەلۆگ و ڕێزگرتن لە جیاوازیی

لەپێناوی گەڕانەوەی متمانە لەنێوان خەڵک بەشێوەی ئاسۆیی، تێبینی کەموکوڕی دەکرێت لە هەندێک لە دامەزراوەکانی دایەلۆگ و کۆڕبەندەکان لە واقعی ئێستای عێراقدا، لەگەڵ هەبوونی هەندێک دەسپێشخەری نوێی بوێرانە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، یان سەردانیکردنی یەکتری لە چالاکیە ئایینیەکان لەلایەن تائیفەو ئایینەکان لە ناوچە جیاوازەکان.

پێویستە پەیوەندی و دایەلۆگ و دەسپێشخەری هاوبەش کارابکرێت، بەبێ ئەوەی کورت بکرێتەوە تەنیا لە بەرپرسان یان مەرجەعیەتە ئایینیەکان، بەڵکو توێژی گەنجان و سەرجەم کەرتەکانی کۆمەڵی مەدەنی بگرێتەوە. وەکو دەبیندرێ پرۆسەی گێڕانەوەی متمانە لەناو ئەو چین و کۆمەڵانەی کە ڕووبەڕووی چەوساندنەوەو کۆچپێکردن بوونەتەوە زیاتر دەخوازرێ، کە تا ئێستا هەندێک لەوانە بەدەست چەوساندنەوە دەناڵێنن. دووبارە دروستکردنەوەی متمانە بەشێوەی ئاسۆیی گرنگە، کە دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندیەکان بێت لە نێوان کۆمەڵەو گرووپەکان. بەهەمان شێوە پێویستە دووبارە ئەو متمانەیە بە شێوەی ستونی لە نێوان تاک و دەوڵەت بنیاد بنرێت، کە پەیوەندی هاونیشتمانی لەگەڵ دامەزراوە سیاسی و دەستوری و ئەمنیەکان بگرێتەوە.

دەستوەردانی ئایین لە سیاسەت لە بنیاتی دەوڵەت دەبێتە هۆی مەترسی پەرتوبڵاوی ناسنامەی نیشتمانی، هەروەها دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی، ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵنەرێک بۆ ئەوەی ئایین بقۆزرێتەوە بۆ سودو مەبەستی کەسی و بۆ بەرژەوەندی گرووپێک؛ کە ناکۆک بێت لەگەڵ پەیامە ئایینیەکان. ئەو جۆرە پیادەکردنانە شوێنەواری نەرێنی لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت بۆ نموونە لە بواری ڕاگەیاندن و یاسادانان، لە پرۆگرامی خوێندن، هەروەها لە کارگێڕی ئەوقاف[22]. هەندێک پێیان وایە عێراق لە دوای نیسانی ساڵی 2003، پرۆسەی زاڵبوونی ئایینی _وەکو ناسنامەی سیاسی_ بەخۆیەوە بینی لەسەر ئایینی کەسی _ وەکو ناسنامەی ڕۆشنبیری_، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە بە هەردوو ڕێچکەی سونەو شیعە. ڕێکخستنە ئیسلامیە دەسەڵاتدارەکان دەرکەوتن بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێت لەسەر دامەزراوەی ئایینی، هەروەها بۆ ئاراستەکردنی ئایین بەشێوەیەک ببێتە «بەرگێگی پیرۆز» بۆ شەرعیەتدان بە بوونیان لە دەسەڵات و بەهێزبوونیان. جۆرێک لە ئیسلام دەرکەوت کە نوێنەرایەتیەکی مێژوویی و وەهم و هەڵە لە تێگەیشتنی هەبوو. بەشدار بوو لە تێکدانی بنیاتی دەوڵەت و ڕێگربوو لەوەی لە دەوری پرۆژەیەکی هاوبەشی نیشتمانی کۆببنەوە.

ئەم ئاراستەیە تاکی عێراق لە هاوڵاتیەکی ناو گرێبەستی کۆمەڵایەتی و

22 بروانە: حارث حسن، السلطة الدينية وسياسة الأوقاف الإسلامية في العراق، مركز مالكوم كير-كارنيغي للشرق الأوسط، 2019.

پێکەوەژیانەوە گۆڕی بۆ کەسانی پەیوەست بە ئەدەبیاتی ناسنامە بچوکەکان کە دژبەکە لەگەڵ پرۆژەی دەوڵەتی نیشتمانی و هاوڵاتیبوون کە بنچینەی فرەییە. بەڵام لە ئێستادا نیشانە سەرەکیەکانی لێکترازانێکی تەندروست دەرکەوتووە لە نێوان ئایین و سیاسەت، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی ئاراستەی بیروباوەڕی مەرجەعیەتی باڵای شیعەو دەسپێشخەری هەندێک لە سیاسیەکان بوو، جگەلە جولانەوەی جەماوەری کە دۆخی دابەشبوونی ستونی تائیفی لە وڵاتەکە تێپەڕاند.

بەڕێوەچوونی دایەلۆگ تاکو ئێستا پەیوەستە بە چەمکی کلاسیکی، واتە زیاتر گرنگی بە کۆمەڵگە دەدات کەوا ترسی ئەوەی لەگەڵدایە کە لە هەندێک لە بۆچۆنەکان پاشەکشە بکات، بەڵام چەمکی هاوچەرخی دایەلۆگ لەسەر بنچینەی ئاڵوگۆڕی پێگەی لایەنەکان دروست دەبێت لە ناو یەک نیشتماندا، بەشێوەیەک هەر لایەنێک نوێنەرایەتی لایەنەکەی دیکە دەکات، دوورلەوەی نوێنەرایەتیەکەی کورت بکرێتەوە لە پێگەی جاران. لەبەرئەوە کەسایەتیەکان و دامەزراوە کاراکان لە بواری دایەلۆگ پێویستیان بە بەهێزکردنی تواناکانیان هەیە، ئەمەش بەگوێرەی چەمکەکان و میتۆد و میکانیزمە نوێیەکانی دایەلۆگ.

هەروەها گوتاری ئایینی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بڵاوکردنەوە ڕۆشنبیری قبوڵکردنی جیاوازییەکان و ڕەتکردنەوەی زۆرداری و ناکۆکیەکانی بەکافرکردن و هەموو شێوازێکی توندوتیژی کە لە ئەنجامی جیاوازی بۆچوون یان باوەڕ یاخود ئایین دروست بووە. بۆیە ئازادی بیروڕا و ئایین پایەیەکە لە پایەکانی هاوڵاتیبوون و مافەکانی مرۆڤ. لە ڕوانگەی پرەنسیپی «لا إكراه في الدين»، پێویستە ڕێز لە ویژدانی مرۆڤایەتی و مافی هەموو ڕێوڕەسمێکی ئایینی بگیرێت.

عێراق دەتوانێت نموونەی ئیسلامێکی کراوەو لێبوردە پێشکەش بکات، کە ڕێز لە فرەیی و مافەکانی مرۆڤ بگرێت. بەڵام ئەمە پێویستی بە پێشخستنی گوتاری ئایینی هەیە لە میانەی ئەنجامدانی ووركشۆپی ئایینی و ڕۆشنبیری و نیشتمانی، کەوا لە خێزانەوە دەستپێبکات بۆ شوێنەکانی خوێندنی ئایینی و پەرستن، بۆ ئەوەی بگاتە بەرزترین ئاستی هۆشیاریی لە دەوڵەت و بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن تێپەڕبێت. مەرجەعیە ئایینیەکان و دامەزراوە گەورەکانی ئیسلامی ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لەو بوارە، بۆ ئەوەی ئیسلام وەکو _بیرو هەڵسوکەوت_ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت، لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری هاوڵاتیبوون و دادپەروەریی و برایەتی و ئازادی و خۆشەویستی و کراوەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا بە هەموو جیاوازیە ئایینی و ئاراستە فکریەکانیان. لەگەڵ هەبوونی دەسپێشخەری کە هەوڵبدات ئازادی ئایینی و ڕێزگرتنی فرەیی بەهێز بکات لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بەڵام تا ئێستا دۆخی گشتی بەپێی پێویست بەو ئاراستەیە نییە. داننان بە فرەیی و ڕێزگرتنی جیاوازیەکان و ئازادی باوەڕو ئایین، بناغەیەکی پتەوە بۆ ڕۆشنبیری دایەلۆگ و زانیاری ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، دوور لە

وێنەیەکی دووبارەو بڕیاری پێشوەختە، کە هەر پێکهاتەیەک دەربڕی خودی خۆی و بیروباوەڕی بێت. لەبەرئەوە مەرجەعیەتەکان و گرووپە جیاوازەکانی ئایینی بۆیان هەیە ڕۆڵێکی دیار بگێڕن لە بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دایەلۆگ و کراوەیی، ئەمەش لە میانەی گوتارە تایبەتیەکانیان و دەسپێشخەریە هاوبەشەکانیان.

## 2.راسپاردە سیاسیەکان دەربارەی ڕۆشنبیری دایەلۆگ و ڕێزگرتنی جیاوازییەکان

**بەربەست:** داخراوەیی و دەمارگیریی ئایینی.

**چوارچێوەی بەربەستەکە:** سەرتاپای عێراق .

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** ڕێزگرتنی هاونیشتمانیان لە مافی ئەوانی دیکە کە جیاوازی بۆچوونیان هەیە و پیادەکردنی ئازادی باوەڕو ئایین و پەیڕەوکردنی هەڵسوکەوتی دایەلۆگ و پابەندبوون بە بەهاکانی.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1.پێداچوونەوە بە پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی هەر شێواندنێکی وێنەی گرووپە ئایینی و ڕۆشنبیریە جیاوازەکان، پرۆگرامێک پەیڕەو بکرێت کە دایەلۆگ و ڕۆشنبیریی ئایینی لەخۆبگرێت و لە گۆشەنیگایەکی ڕۆشنبیریی بۆ ئایینەکان پەخش بکرێت.

2.هاندانی گەشتوگوزاری ئایینی ناوەخۆ، بۆ ئاشناکردنی عێراقیەکان بە میراتی جۆراوجۆری ڕۆشنبیری و ئایینی وڵاتەکەیان، هەروەها پێشخستن و دەرخستنی و پارێزگاریکردنی.

3.کەمکردنەوەی کارگێڕی ئەوقاف و پارێزگاریکردن لە مافەکانی سەرجەم تائیفەکان بەگوێرەی بنەما یاسایی و شەرعیەکان کە ڕێزگرتنی جیاوازیەکان و هاوکاری و ئازادی ئایینی بەهێز بکات، هەروەها ئاگاداربوون لە ڕێچکەی ناتەندروست و هەوڵدان بۆ قۆرخکردنی سیاسی کە ببێتە هۆی بە ئاگاهێنانەوەی فیتنەو ناکۆکی مەزهەبی و تائیفی.

4.هاندانی بەستنی کۆنفرانس و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت، ئەمەش بە ئامانجی بەهێزکردنی بابەتە مێژووییەکان و گرنگیدان بە شارەزاییە ئایینی و شارستانیەتە جیاوازەکان، جگەلەمەش بۆ پێشخستنی ڕێچکە هاوچەرخەکان و ئەنجامدانی دایەلۆگ لەبارەویەوە.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1.هاندانی دەسپێشخەریەکانی دایەلۆگی ئایینی، بە ئامانجی کرانەوە بە ڕووی جیاوازییەکان، هەروەها بەهێزکردنی ڕۆشنبیری گشتی دەربارەی ئەو ئایینانەی لە بیری کۆن و بەهەڵە تێگەیشتنئازادکراون.

2. هاندانی دەسپێشخەریەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە لە هەموو ناوچەکان و پێکهاتەکان عێراقیەکانی کۆکردووەتەوە، هەروەها بەهێزکردنی کرانەوە بەڕووی فرەیی ڕۆشنبیری ناوخۆیی و جیهانی.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامی پەروەردەیی و پێشخستنی پرۆگرامێکی تایبەت بە دایەلۆگ و ڕۆشنبیری ئایینی.
2. دانانی پێگەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و شوێنەوارو گەشتوگوزار، تیایدا فرەجۆری پاشخان و کەلەپوری دەوڵەمەندی ئایینی لە عێراق پیشان بدات، دواتر لەسەر ئاستی جیهان پێناسەی بکات و هاندەری گەشتوگوزاری ناوخۆ بێت.
3. هاندانی ئەو چالاکیە ئابووریانەی لە نێوان ناوچەکان هاوبەشە کە ئایین و مەزهەبی جیاوازی تێدایە، بەشێوەیەک گۆڕانکاریەکی ئەرێنی دروست بکات لەو وێنە پڕ لە وەهم و هەڵەیەی گرووپە ئایینیەکان بەرامبەر یەکتر هەیانە.
4. دەرخستنی هەنگاوە ئەرێنیەکان و شارەزایی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەو بوارە.
5. هاوکاری لە نێوان دامەزراوەکانی توێژینەوەو ئەکادیمی بۆ پێشخستنی توێژینەوەو بڵاوکراوەو دایەلۆگەکان لەبارەی فرەیی ڕۆشنبیری و ئایینی.
6. بانگهێشتکردنی دامەزراوە ئایینیە پەیوەندیدارەکان بۆ دەستپێشخەری ڕێکخستنی کۆمەڵێک دیدارو چاوپێکەوتن بۆ دایەلۆگ لەسەر ئاستی زانایان و لاوان، هەروەها ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی ساڵانە لە عێراق بۆ دایەلۆگ لە نێوان ئایینەکان.
7. بانگهێشتکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ چڕکردنەوەی چالاکیەکانیان لە بواری: ڕاهێنان لەسەر بەهرەو تواناکانی دایەلۆگ، بەڕێوەبردنی فرەیی، پەیوەندی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان.

**لایەنە پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردن:**

1. وەزارەتی پەروەردە.
2. وەزارەتی ڕۆشنبیری و شوێنەوارو گەشتوگوزار.
3. وەزارەتی خوێندنی باڵا.
4. دامەزراوەو مەرجەعیە ئایینیەکان.
5. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. توێژینەوەکان و بەڵگەنامەکان و پرۆگرامەکانیان کەلە مەرجەعیە زانستی و ئایینیەکانی عێراق و دەرەوەی عێراق دەرچووە.
2. شارەزایان و ڕاهێنەران لە بوارەکانی ئازادی ئایینی و باوەڕ و فرەیی و دایەلۆگ.
3. ناوەندەکانی توێژینەوەو دامەزراوە ئەکادیمیەکان وەکو: کورسی یونسکۆ بۆ پێشخستنی توێژینەوە لە دایەلۆگ لە نێوان ئایینەکانی جیهانی ئیسلامی لە زانکۆی کوفە، هەروەها دامەزراوەی مسارات و چەندانی دیکە.
4. دامەزراوە مەدەنی و دینیەکان و دەرامەتی ماددی و سەرچاوەی مرۆیی تەرخانکراو.
5. دامەزراوەو ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانەی کە خاوەنی شارەزایین لەو بوارە، لەگەڵ ئەو لایەنانەی هاوکاری و بەخشین پێشکەش دەکەن.

| |
|---|
| **زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**<br>1.دەمارگیریی و نەزانی لە کۆمەڵگا گەشەدەکات.<br>2.لاوازبوونی متمانە لە نێوان هاوڵاتیان و مەترسی زیادبوونی توندوتیژی و ناکۆکیەکان لەسەر بنچینەی ئایینی و مەزهەبی.<br>3.پاشەکشەی وێنەی عێراق و ڕۆڵی لەسەر گۆڕەپانی جیهانی بەتایبەتی لە بواری ئایینەکان و شارستانیەت. |
| **بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراو و سودەکانی:**<br>بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری ڕێزگرتنی جیاوازیەکان و بەهێزکردنی ئاشتی میللی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی.<br>بەهێزکردنی بەرگریی لەلایەن نەوەی نوێ بەرامبەر بە ناکۆکیەکانی توندڕەوی و توندوتیژی. |
| **پلانی کارکردن:**<br>1.بەرزکردنەوەی ڕاسپاردەو پێشنیازەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.<br>2.هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی دەرامەت و سەرچاوەی مرۆیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پێشنیازەکان. |

## 3. پاراستنی یاسایی کەمینەکان

دەستوری 2005 چەمکی «پێکهاتە»ی خستە ناو کۆمەڵگای سیاسی عێراق، کە پێکەوەبەستانی تایبەتمەندیە نەژادی و ئایینە جۆراوجۆرەکانی گەلی عێراقە. ئەو چەمکە ڕێخۆشکەر بوو بۆ دانانن بە فرەیی پێکهاتەکانی تەونی کۆمەڵایەتی عێراق بەبێ ئەوەی تەنیا لە کەمینەکان کورتبکرێتەوە.

شیعەو سونەو کورد پێکهاتەن وەکو گرووپ و کۆمەڵە بەژمارە بچوکەکان وەکو مەسیحیەکان و ئێزیدیەکان و سابیئە و شەبەک و تورکمان و ئەوانی دیکە. ئەو چەمکە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ تێپەڕاندنی بابەتی ژمارەیی بەتایبەتی لەو ناوچانەی عێراق کە فرەیی نەژادی و ئایینی و ڕۆشنبیری تێدایە، هەروەها ئەو چەمکە هەندێک تایبەتمەندیی لە مافەکان و بەشداری سیاسی بە پێکهاتە بچوکەکان بەخشی وەکو سیستەمی کۆتای هەڵبژاردنەکان.

هەندێک پێیان وایە ئەو سیستەمەی چەمکی «پێکهاتە»ی هێنایە کایەوە وەکو ڕەگەزێک کە ناوەندگیریی لە نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت دەکات، بەربەستێکە لەبەردەم هاوڵاتیبوون و دەوڵەتی مەدەنی و تائیفیەتی سیاسی بەهێز دەکات. هەروەها چەمکی «پێکهاتە» هەندێک ئاڵۆزی و نامۆیی هەڵگرتووە، لەوانە لەدیاریکردنی «پێکهاتە» پێوەری پچڕپچڕی پیادەکردووە کەوا بووەتە هۆی کۆکردنەوەی پێوەری ئایینی و پێوەری نەژادی. لەسەر ئەو بنچینەیە جیاوازای دەکرێ لە نێوان سونەو شیعە بەگێرەی مەزهەبەکانیان، هەروەها لەنێوان سونەو کورد بەگێرەی نەژادەکانیان، هەندێجاریش پێوەری ئایینی کۆیان دەکاتەوە. ئەو ئاڵۆزیە لە نێوان پێوەری ئایینی و پێوەری نەژادی لە ناو پێکهاتە بچوکەکانیش قسەوباسی ناوەتەوە بەتایبەتی لە دیاریکردنی ناسنامەکەیان پەیوەندیان بە پێکهاتەکانی دیکە. ئەدەبیاتی هەندێک پێکهاتە کورت دەبێتەوە تەنیا لە کەلەپورە ئایینیەکەی و هەژارە لە ڕووی توێژینەوەو ئەدەبیات لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دیموگرافی. زۆرجار بە پێنوسی هەندێک نووسەر لەبارەیان دەنوسرێ کە سەربەو پێکهاتانە نین. لەوانەیە ئەمەش هۆکارەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو قەدەغە سیاسی و ئەکادیمیەی سەبارەت بەو نووسینانە هەبووە لە سەردەمی سیستەمە سیاسیەکانی پێشوو، ئەو قەدەغەکردنە بەردەوامی هەیە، هەرچەندە بە ڕوون و ڕاشکاوی نەبێت. ئەمڕۆش پێویست دەکات بە پێشخستنی توێژینەوەکان و ئەدەبیاتی پەیوەندیدار بە سەرجەم پێکهاتەکان بە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی لە تەون و تۆڕی عێراقی.

نەبوونی پێوەرێکی ڕوون بۆ جیاکردنەوەی هەردوو چەمکی پێکهاتەو کەمینە لە دەستور و لە دەقە یاساییەکان، وایکردووە پێکهاتە بچووکەکان کاریگەربن بە ناکۆکیەکانی پێکهاتە گەورەکان بەبێ ئەوەی بەشداریەکی کارا لە ژیانی گشتی

بۆ ئەوان مسۆگەر بکات. بۆیە لێرەدا بەباش دەزاندرێ زاراوەی «کەمینەکان» بمێنێتەوە چونکە پەیوەستە بە سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتی کە پاراستنی کەمینەکان لە پەڕاوێزخستن و جیاکاریی دووپات دەکاتەوە، لە میانەی چەندین ڕێوشوێنی یاسایی تایبەت کەوا پێویستە یاساکانی ناوخۆش پشتی پێ ببەستن.

## 3. ڕاسپارەی سیاسی دەربارەی پاراستنی یاسایی کەمینەکان

**بەربەست:** پشتبەستنی دەستوری بەرکار بە زاراوەی "پێکهاتەکان" لەسەر حسابی زاراوەی "کەمینەکان"

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** پێناسەو بەکارهێنانی زاراوەی "کەمینە" بۆ ئەو پێکهاتانەی بە ژمارە بچوکن، دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانن سوود لەو ماف و ئیمتیازانە وەربگرن کە بۆ ئەو کەمینانە بڕیاری لێدراوە ژمارەیان کەمەو لە ڕووی سیاسیەوە پەراوێز خراون، واتە هەندێک مافی تایبەتیان پێ بەخشراوە لەبارەی جیاکاریی ئەرێنی، ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریان لە ژیانی گشتی وەکو تەواوی ئەندامانی گەل کە ئینتیمایان بۆ زۆرینە هەیە. بەمەش پرەنسیپی یەکسانی زاڵ دەبێت هەرچەندە فرەیی لە ناسنامەکان هەبێت.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:** پێکهێنانی لیژنەیەکی هەموارکردنی دەستوری بەرکاری عێراق، زیادکردنی زاراوەی کەمینە ئەگەر پێویستی کرد بۆ ئاماژەکردنی بۆ ئەو کۆمەڵەو گرووپانە.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. هۆشیارکردنەوەی بنکەی جەماوەری بەوەی کە وشەی "کەمینە" سوکایەتی نییە و هیچ مەبەستێکی پەراوێزخستن و جنێوی لە پشتەوە نییە، بەڵکو مەبەست لێی ناساندنیانە بۆ ئەوەی مافی زیاتر بەدەست بهێنن بە ئامانجی ئامادەبوونیان و بەشداریان لە ژیانی گشتی.
2. کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەڵمەتەکانیان بۆ پێشنیازی یاساکان، یان هەموارکردنیان لەپێناوی مسۆگەرکردنی مافی کەمینەکان بەگوێرەی پرەنسیپی هاوڵاتیبوون.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

هەموارکردنی دەستورو یاسا عێراقیەکان بە شێوەیەک دەقەکانی گونجاوبێت لەگەڵ بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان کە لە پێناوی پاراستنی کەمینەکان هاتوون؛ چونکە هاوتەریبی لەنێوان یاسای دەستوری و یاسا نێودەوڵەتیەکان و دواتر هەموارکردنی یاسا پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەم بنچینەیە، بەڵگەیە لەسەر مەدەنی بوون و شارستانی بوونی دەوڵەتەکان.

**لایەنە پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردن:**

1. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
2. پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**دەرامەتی بەردەست:**

1. سەرچاوەی مرۆیی پسپۆڕ لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی و دەستوری.
2. لیژنە دیاریکراوەکانی نوێنەرایەتی.

**زیانەکانی چارەسەر نەکردن:**

سوود وەرنەگرتی پێکهاتە بچوکەکان لەو ئیمتیازاتانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکرێن، بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان لە نیشتمانیان؛ کە دەبێتە هۆی پاشەکشە لە ڕۆڵبینین لەسەر ئاستی نیشتمانی و گەشەکردنی ستەم و کۆچکردنی ڕۆڵەکانیان.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراو و سوودەکانی:** بەیەکەوە گونجانی کەمینە ئایینی و نەژادیەکان لە کۆمەڵی عێراق، لەسەر بنچینەی متمانەو ئازادبوون لە ترس و ستەم و بەدیهێنانی زۆرترین دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

**پلانی کارکردن:**

1. پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ هەموارکردنی دەستور، لەماوەی خولی ئێستای پەرلەمان.
2. پێداچوونەوە بە یاساکان لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانی نوێنەرایەتی.

# 4. ڕووبەڕووبونەوەی دەمارگیریی و پەڕوەردەکردن بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە

دەمارگیریی هەڵوێستێکی دەروونی خۆبەگەورەزانە کە دووره لە بابەتی بوون، هەڵسوکەوتێکی نەرێنیی بێ بیانوە بەرامبەر ئەوانی دیکە. لەبەرئەوە پەتایەکی کۆمەڵایەتی ترسناکە، هەڕەشەیە بۆ ڕەهەندی بەهاکانی تاک و هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەروەها گوتاری ڕقلێبوونەوە و توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت و بیانو دەهێنێتەوە بۆ دەستدرێژیەکان و کۆمەڵکوژی پێکهاتەکان. دوای ئەزمونێکی تاڵی کۆمەڵگای عێراق لەگەڵ تیرۆری داعش، دەرفەتێک هاتووەتە پێش بۆ لە ڕەگەوە هەڵتەکاندنی ئەو شەڕانگێزیە، سەبارەت بە هەندێک داعش هیچ نییە جگەلە لوتکەی شاخێکی سەهۆڵبەندان، شکاندنیشی پێویستی بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕاستەقینە هەیە.

لەبەر ئەوەی گوتاری دەسەڵاتویست سەرکەوتوو دەبێت لە سەپاندنی جۆرێک لە هەڵسوکەوتی جیاکاریی، دەرفەتێک بە دەمارگیرەکان دەبەخشێت تاکو هەست بە سەرکەوتنی خۆیان سەرخستنی ڕێچکەکەیان بکەن. ئەمەش ملکەچیەکی دوور لەڕاستی دەهێنێتە کایەوە و لە بەهای متمانەو ڕاستگۆیی کەمدەکاتەوەو ڕەگەزپەرستی بەرهەم دەهێنێت. بابەتەکە تەنیا لە دەمارگیریی ئایینی کورت ناکرێتەوە، چونکە دەمارگیریی هەڵسوکەوتێکە لەوانەیە ئایینی بێت یان تائیفی، یان حیزبی یان نەتەوەیی یان عەشایەری یان ئایدۆلۆجی یاخود جێندەری. ئەو بۆچوونانە لەناو کۆی کۆمەڵگەکان هەڵدەقوڵێن بە داماڵینی هەستی مۆرڤایەتی. ئێستاش کاتی ئەوەیە بەهێزەوە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵێنێت بە ڕۆشنبیریەکی مرۆڤایەتی کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت، هەروەها سەیری فرەیی و جیاوازیەکان بکرێت بە چاوێکی ئەرێنی و هەوڵی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بدرێت. پێویستە تاک بوێر بێت لە جیاوازبوونی، کراوەبێت بەرامبەر ئەوانی دیکە، ڕێزداربێت بەرامبەر جیاوازیەکانیان، لەسەر بنچینەی دژایەتی کردنی ستەم و خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتی پابەندبێت بە بنیاتنانی ژینگەیەکی دروست بۆ هەموان.

پێویستە ئەو ڕێڕەوە لە هەڵسوکەوتی ئەرێنی لەگەڵ جیاوازیەکان تواناى عێراقیەکان دەرخات، بەتایبەتی توێژی لاوان، بەهرەی چارەسەری ناکۆکیەکان بەشێوەی ئاشتیانە پیادە بکرێت بەشێوەیەک جیاوازیەکان نەبنە هۆکاری دەمارگیریی یاخود ببێتە هۆی ناکۆکی توندوتیژ، بەڵکو عێراقیەکان پێویستە دەرک بەوە بکەن کە ناکۆکی کۆمەڵایەتی بەشێکە لە شارەزایی مرۆڤایەتی بۆ بەردەوامی بەکۆمەڵ، هەروەها هەبوونی توانای هەڵسوکەوتکردنێکی ئەرێنی لەگەڵ ئەو جیاوازی و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیانە، دەرفەتێکە بۆ بەهێزکردنی دایەلۆگێکی ڕاشکاوانە و هاوکاری بۆ چارەسەری کێشەکان و قوڵکردنەوەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

لەو چوارچێوەیە هەندێجار پیویستە ئاگاداری باگڕاوندی ڕۆشنبیری ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان بین، کە پێویست دەکات بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت تاکو لە واقعدا نەبێتە هۆی بەرپابوونی ناکۆکی و دەمارگیرِی لە نێوان گرووپەکان و چاندنی دوبەرەکی لە نێوان خەڵک.

# 4. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەمارگیریی و پەروەردەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە

**بەربەست:** بڵاوبوونەوەی دیاردەکانی دەمارگیریی و توندوتیژی.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** لەناوبردنی پلەبەپلەی دیاردەکانی دەمارگیریی و توندوتیژی و بەهێزکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

3. چاکسازیکردن لە پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردن، بە شێوەیەک ڕێگربێت لە گەشەکردنی ڕق و دەمارگیریی.
4. وەزارەتی خوێندنی باڵا بە بابەتێک قوتابیەکان پابەند بکات لەبارەی تواناکانی چارەسەری ناکۆکی و بنیاتنانی ئاشتەوایی.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. لەمیانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، کاراکردنی بانگەشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەمارگیریی.
2. لەمیانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دامەزراوە ئاینی و ناحکومیەکان، کاراکردنی پەروەردەی میللی نا فەرمی لەبارەی چارەسەری ناکۆکیەکان و ڕۆشنبیری کرانەوەو پێکەوەژیانی ئاشتیانە.
3. کاراکردنی ڕۆڵی ڕێنمایی دەروونی لەلایەن دەزگا تەندروستیە حکومی و ناحکومیەکان.
4. دامەزراندنی سەکۆ بۆ پەیوەندی ڕاستەخۆی گرووپ و کۆمەڵە جیاوازەکان و دارشتنی چوارچێوەیەک بۆ هاوکاریکردن لە نێوانیان.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. بەشداری لایەنەکان و کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتیە کاریگەرەکان لە دانانی پلان و بەرنامەو گرنگی پێدانی.
2. بەستنی وۆرک شۆپێک بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەشێوەی گشتی و لاوان بە تایبەتی، لەبارەی مەترسی دەمارگیریی و ڕێگاکانی ڕزگاربوون لێی، هەروەها وۆرک شۆپێکیش لەبارەی ڕاهێنانی ڕاهێنەران بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە.
3. پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانەی لە بوارەکانی دایەلۆگ و مافەکانی مرۆڤ و چارەسەرکردنی ناکۆکی و بەرپاکردنی ئاشتەوایی بوونی هەیە، لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا، هەروەها دانانی پلانێک بۆ گشتاندنی لە زانکۆکان.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:** سەرجەم لایەنە فەرمی و نافەرمیەکان کە ئیمزایان لەسەر ئەو ئامانجانە کردووە کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە، وەکو سێ دەسەڵاتەکە، دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن، لایەنەکانی ئاینی، هەروەها دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. دەرامەت و ئەدەبیات و شارەزایانی ئەم بوارە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نیودەوڵەتی.
2. ڕاهێنەرانی بواری مافەکانی مرۆڤ و دایەلۆگ و پێکەوەژیانی ئاشتیانە.
3. بەرنامەی کۆمەڵەی هیوای ئەکادیمی عێراق بۆ چارەسەری ناکۆکی و بەرپاکردنی ئاشتەوایی.
4. دیپلۆم لە توێژینەوەی ئاشتی و چارەسەری ناکۆکیەکان لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:** هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگاو پێشنەکەوتنی و سەرنەکەوتنی لە بەدیهێنانی سەقامگیریی و ئاشتی هەمیشەیی.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:** بەهێزکردنی کۆمەڵگاو ناسنامەی نیشتمانی، لەگەڵ ڕێزگرتن لە فرەیی.

**پلانی کارکردن:** بەدواداچوون لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆکارکردن لەسەر جێبەجێکردن پێشنیازەکانی چارەسەرکردن.

## 5. ڕووبەڕووبونەوەی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە

بەرهەمی دەمارگیری بریتیە لە گوتارەکانی ڕقلێبوونەوەو جیاکاری و ڕەگەزپەرستی. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2019 گوتارەکانی ڕقلێبوونەوەی پێناسەکردووە بەوەی: «هەر جۆرێکە لە جۆرەکانی بەیەک گەیشتنە بەهۆی گوتار یان نووسین یاخود هەڵسوکەوت، کە تیایدا هێرش بکرێت یان بەکارهێنانی زمانی قێزبوونەوە یان جیاکاری دژی کەسێک یان گرووپێک بکرێت لەسەر بنچینەی ئایینەکەی یان نەژادەکەی، یان پشتی، یان ڕەنگی، یان ڕەچەڵەکی، یان ڕەگەزەکەی یان هەر ڕەهەندێکی دیکەی ناسنامەکەی[23].

دەکرێ ئەو گوتارانە هەندێجار بە ئەنقەست بێت، بەڵام زۆربەیان بەرهەمی نەزانین و نەخوێندنەوەی ئەوەی دیکەی جیاوازە، ئەمەش دیدوبۆچوونی وێرانکەر بەرامبەر بە یەکتری بەرهەم دەهێنێت. دیارترین نموونەی ئەو واقعحاڵە بریتیە لە گوتاری ڕقلێبوونەوەو جیاکارییەی کە ڕووبەڕووی کەمینە ئایینیەکانی عێراق کرانەوە، کەوا توندڕەوەکان بەکاریان هێنا بۆ شەرعیەتپێدانی ئەو تاوانانەی لە دژیان ئەنجامیاندا. گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە تەنیا کورت ناکرێتەوە لە کەمینەکان، بەڵکو درێژبووەتەوە بۆ تەواوی پێکهاتەکانی عێراق و بەشدارە لە گەشکردنەوەی ئاگری فیتنەی تائیفی.

هەندێجار ئەم گوتارانە پەیوەستن بە بابەتی دڵەڕاوکێی ناسنامەیی، هەروەک بەستراوە بە بەرهەمهێنانی گوتاری شێواندنی ئەوانی دیکە لە هۆش و هزری میللی بە بەڵگەی دروستکراوو حوکمی پێشوەختەی بێ بیرکردنەوە، بیانوو بۆ هەموو تاوانەکان دژی هەموان دەهێننەوە. لەبەرئەوە کاتێک گوتاری ڕقلێبوونەوە دەگۆڕێ بۆ هاندان بۆ جیاکاری یان دوژمنداری یان توندوتیژی، وەکو کردەوەیەکی تاوانکارییە بەگوێرەی دەقەکانی یاسای نێودەوڵەتی[24].

هەندێک دەسپێشخەری گرنگ هەڵسا بە ڕووبەڕووبونەوەی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە، دەزگای «مؤسسة مسارات» لە ساڵی 2016 دەستیکرد بە ئەنجامدانی «ڕاگەیاندنی بەغداد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕقلێبوونەوە لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، جگلەوەش ئەم دەزگایە هەڵسا بە دامەزراندنی سەنتەری نیشتمانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە «المركز الوطني لمواجهة خطابات الكراهية».

ئەوەی خواست و داواکاری بێت ئەوەیە ئەو کارە چڕبکرێتەوەو لە پانتایی نیشتمان و دامەزراوە فەرمی و کۆمەڵایەتیەکانی بڵاوبێتەوە، دەزگا پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکان پابەندبکرێت. هەندێک تێبینی ئەوە دەکەن کە عێراق لە یاسای گونجاو لە بارەی بنبڕکردنی جیاکاری و گوتاری ڕقلێبوونەوە هەژارە؛ ئەمەش

23 بروانە: إستراتيجية الأمم المتحدة وخطة عملها لمواجهة خطاب الكراهية، 2019.

24 بروانە: ماددەی 20 من العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، كە دەرچووە لە ساڵی 1966.

پێویست دەکات کاربکرێت لەسەر هەنگاوی کۆمەڵایەتی و یاسادانانی خێراو کارا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پارێزگاریکردن لە ئازادی بیروڕاو ڕەخنەو دەربڕین، بەڵام ناکرێت دژایەتیکردنی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە ببێتە هۆی بەرتەسکردنەوەی ئازادیەکانی تاک و ئازادی ڕۆژنامەگەری و دەربڕین بە هەموو شێوەکانی. گوتاری ڕقلێبوونەوە ئەوەیە کە بەرەو ڕووی کەسەکان و کۆمەڵەکان دەبێتەوە لەسەر بنچینەی ئەوان کێن. بەڵام ڕەخنەگرتن لە هزرو بیروڕاکان پێویستە بە ئازادی ڕێگەپێدراو بێت لەگەڵ پاراستنی نیزامی گشتی.

## 5.ڕاسپاردەی سیاسی دەربارەی ڕووبەڕووبونەوەی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە

**بەربەست:** بڵاوبوونەوەی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە لە مینبەرە سیاسی و ئایینی و ڕاگەیاندنەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** کۆنترۆڵکردنی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوەو دانانی سنوورێک بۆیان.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1.بەیاسا قەدەغەکردنی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە جا سیاسی بێت یان ئایینی یان ڕۆشنبیری یاخود ڕاگەیاندن.. هتد؛

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1.بەهێزکردنی تواناکانی ڕۆژنامەنوسان و کادیرانی ڕاگەیاندن لەسەر هەڵسوکەوتکردن لەبارەی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوەو دژایەتی کردنی.

2.پێشخستنی سیاسەتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕێنماییەکانی هەڵسوکەوتکردن بۆ پابەندبوون بە ڕەتکردنەوەی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە.

3.بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی تواناکانی لاوان لەبارەی دایەلۆگ و گفتوگۆی تەندروست، لەگەل ڕەتکردنەوەی پێشێلکردنی تایبەتمەندیەکانی ناسنامەی کەسەکان و بڵاوکردنەوەی لەسەر ئەم ئاراستەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

4.ئەنجامدانی دەسپێشخەری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕقلێبوونەوە، دەبێتە هۆی پردی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگا ناوخۆییەکان وەکو ئاهەنگی سەری ساڵ لەلایەن موسڵمانەکان، یان ئامادەکردنی خوانی ڕۆژوشکاندن لە مانگی ڕەمەزان بۆ موسڵمانان لەلایەن نا موسڵمانەکان.

5.چڕکردنەوەی دیدارەکان لە نێوان ئەندامانی ڕۆشنبیریە جیاوازەکان لە پاڵەوانیتە ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و میدیاییەکان.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1.گرتنەبەری ڕێچکەیەکی یاسایی بۆ یاسادانان دژی گوتاری ڕقلێبوونەوەو بەتاوان ناساندنی، لەگەڵ پارێزگاریکردنی تەواوی ئازادی ڕادەربڕین، هەروەها کارکردن لەسەر ڕەشنوسێک کە پێشکەشی پەرلەمان بکرێت لە ڕێگای یەکێک لە لیژنە تایبەتمەندەکان (وەکو لیژنەی مافەکانی مرۆڤ).

2.هاوکاری لە نێوان دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوە ئایینیەکان، بۆ ڕێکخستنی بۆنەو ئاهەنگی هاوبەش لە ڕۆژی لەدایک بوونی سەری ساڵی زایینی و ئامادەکردنی خوان لە مانگی ڕەمەزان.

3.ڕێکخستنی وۆرکشۆپ لەگەڵ کەرتە پەیوەندیدارەکان وەکو ئاسایش و ڕاگەیاندن بۆ پێشخستنی توانا پیشەیی و ڕێنماییەکانی ڕەفتارکردن و ڕاهێنانی هێزە ئەمنیەکان و ڕۆژنامەنوسان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گوتارەکانی ڕقلێبوونەوە.

4.ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

**لایەنی پەیوەندیداری جێبەجێکردن:**

1.ئەنجومەنی نوێنەران

2.دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵەکانی خۆبەخشی لاوان.

3.دامەزراوە ئایینیە کلاسیکیەکان.

**دەرامەتی بەردەست:**

1.گرووپە خۆبەخشەکان لە تەواوی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

2.هەبوونی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان.

3.هەبوونی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ دامەزراوەو مەرجەعیەتە ئاینییەکان.

4.تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئەو ڕۆژنامەنوسانەی گرنگی بەو بوارە دەدەن.

5.ئارەزووی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ کارکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:** نەمانی سەقامگیریی سیاسی و دەروونی و لێکترازانی تەونی کۆمەڵایەتی و هاندانی بۆ توندوتیژی لە هەندێک حاڵەت و لە هەندێک شوێنی دیاریکراو.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:** سەقامگیریی زیاتر لە هەموو ئاستەکان و کەمکردنەوەی کێشەو ئاڵۆزیەکان لەنێوان گرووپە ناوخۆییەکان، بەشێوەیەک کە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی متمانە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی زیاتر کارابێت و زووتر بەدی بێت بە ئاراستەی دروستکردنی هاوڵاتیبونێک کە بنچینەی فرەیی بێت.

**پلانی کارکردن:**

1.ئەنجامدانی هەڵمەتێک بۆ دانانی یاسای نەهێشتنی وتاری ڕقلێبوونەوە لە قۆناغی یەکەم.

2.بەستنی زنجیرەیەک وۆرکشۆپ بۆ دیاریکردنی ئەو تەحەدیە جۆراوجۆرانەی ناوچە جیاوازەکان، هەروەها بەشدارپێکردنی دەنگە ناوخۆییەکان بەرلە دەستکردن بە نوسینی ڕەشنوسی یاساکە، دواتر ڕێککەوتن لەگەڵ لێژنەیەک لە پەرلەمان بۆ پێشکەشکردنی لەمیانەی کۆکردنەوەی ژمارەی ئیمزای پێویست لەناو پەرلەمان.

3.بۆکارکردن بەیەکەوە لەپێناوی چەند ئامانجێکی دیاریکراو، پەیوەندیکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پەیوەندیدار و مەرجەعیەتە ئاینییەکان.

## بەشی دووەم

# هاوڵاتیبوونی کاراو بنچینەی فرەیی

## 6. فرەیی و ئازادی ڕادەربڕین و یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان

پرەنسیپی هاوڵاتیبوون لە یەکسانی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا بەبێ هەر جیاکارییەک بەهۆی نەژادی و ئایینی و مەزهەبی و ڕەگەزی و جێندەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەستپێدەکات. بۆیە نیشتمان ئەو پانتاییەیە کە وادەکات ئەوانەی لە ڕووی بیروباوەڕو ڕەگەزو باوەڕو زمان و ڕەنگ جیاوازن هاوبەش بن لە هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی، کە دواتر بە خێروخۆشی بۆ هەموویان دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە بیرۆکەی نیشتمان لەسەر بنچینەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە نێوان هاوڵاتیان دێتەدی، میکانیزمی بەڕێوەبردنی ژیان دیاریدەکات کە بەیەکەوە لەمیانەی دەوڵەت و دامەزراوە گشتیەکان و دەزگاکانی تایبەت بە مافەکان کە یاسا دەیپارێزی. هەروەها تێکەڵبوونی کۆمەڵگەیی و وابەستەی کۆمەڵایەتی و هاوسۆزی نیشتمانی لەسەر بنچینەی مەدەنی بەهێزدەکات، هاوڵاتیبوون لەمیانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هاوڵاتی بە دەوڵەت و تەواوی هاوڵاتیان بەدیدێنێت. بەڵام لەوانەیە چالاکیەکان و ئەدەبیاتی سیاسی و یاسادانان کە بۆ جیاکاریی لە نێوان هاوڵاتیان هاتوەتە ئاراوە، ببێتە هۆی دژیەکی لەگەڵ پرەنسیپی هاوڵاتیبوون کە بنچینەیە بۆ فرەیی. لەبەرئەوە ماددەی (26) لەیاسای کارتی نیشتمانی عێراقی پاراستنی کەمینە ئایینیەکانی وروژاندوە، کە بە پێشێلکاری مافە ئایینیەکان دەژمێردرێت، پاراستنی ئەو مافانەی لە دەستوری عێراق و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان هاتووە مسۆگەر کردووە، هەروەها بۆ پاراستنی فرەیی و یەکسانی ڕاستەقینە لە وڵاتەکە داوای هەموارکردنی دەکرێ. لە بەندی دووەمی ماددەی (26) لە یاسای بیتاقەی نیشتمانی عێراق ساڵی 2016 هاتووە: «لە ئایینی منداڵە ناکامەکان دەچنە سەر ئایینی ئیسلام لە ڕێگەی دایک و باوکیانەوە»، واتە موسڵمان دەبن پێش تەمەنی پێگەیشتن. ئەمەش بۆ گۆڕینی ئایینیان بە زۆرلێکردن لە منداڵەکان دەژمێردرێت و پێچەوانەیە لەگەڵ پرەنسیپەکانی هاوڵاتیبوون و مافەکانی مرۆڤ.

پێکهاتەی عێراق فرە نەژادی و فرە ڕۆشنبیری و فرە ئایینیە، ئەمەش وایکردووە هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکان وابەستەی بەکۆمەڵ و سومبولی ڕۆشنبیری تایبەت بەخۆیانبێت و هاوڵاتیبوون دەبێتە بنچینە بۆ فرەیی کۆمەڵگەیی. ڕێکخراوی یۆنسکۆ فرەیی ڕۆشنبیری وەک سەرچاوەیەکی ئاڵوگۆڕو نوێبوونەوەو داهێنان هەژماردەکات[25]. بۆ ئەمەش پێویست دەکات بە کارگێڕیەکی سیاسی ژیرانە بۆ فرەیی ڕۆشنبیری، بۆ دوورکەوتنەوە لە لێکترازان و هەڵوەشانەوەی نیشتمان لەمیانەی پشکپشکێنەی گرووپ و تائیفەکان. سیستەمە تاکڕەوەکان کە لەسەر ستەمی سیاسی و لەژێر دروشمی «دەوڵەتی بەهێز» دامەزراون دەگۆڕێن بۆ سیستەمێکی

25 بروانە: ماددەی یەکەم لە «الإعلان العالمي بشأن التنوّع الثقافي»،لە ڕێکخراوی یونسکۆ دەرچووە،2001.

باڵادەست بەسەر کۆمەڵگا، هەروەها هەوڵدەدەن بۆ توانەوەی بەزۆری هاوڵاتیان لە میانەی ئامادەکارییە پەروەردەیی و میدیاییەوە. جگەلەوە سیستەمە تائیفیەکان مافە مەدەنی و سیاسی و تەنانەت ئەو مافە کۆمەڵایەتیانەی تایبەتن بە ناسنامەی تایبەتی تاکەکان پێشێل دەکات، تاک ناچاردەکات پاشکۆی سەرکردایەتیە تائیفیەکان بێت و لەهەمان کاتدا بانگەشەی پاراستنی ناسنامەکەی و تایبەتمەندیەکانی دەکات. لەبەرامبەردا تاک دەستبەرداری ڕۆڵی خۆی دەبێت لە بەشداری لە ژیانی گشتی و چوونە ناو گفتوگۆ گشتیەکان و خەباتی مەدەنی و لێپرسینەوەو هەموو ئەمانە دەگۆڕێتەوە بە پاشکۆبوون و پشتیوانی بۆ سەرکردەیەکی تائیفی؛ ئەمەش دەبێتە هۆی دارمانی سیستەمی دیموکراتی و ئەو میکانیزمانەی دیموکراتی سەردەخەن و بەردەوامی پێدەدەن.

ئازادی بیروڕاو نارەزایی دەربڕین پایەیەکە لە پایەکانی دروستبوونی دەوڵەتی هاوڵاتی و بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاریی بە هەموو شێوەکانیەوە. ئەو بابەتەش هەڕەشە لێکراوە بەهۆی هەوڵی هەندێک لە میانەی دەرکردنی چەند یاسایەک کە لە مافی ئازادی بیروڕا کەمدەکاتەوە وەک: (ڕەشنوسی یاساکانی خۆپیشاندان، تاوانەکانی زانیاری، کۆتوبەندکردنی ئازادی تاکەکەسی)، و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە مافەکانی ئافرەت (ڕەشنوسی یاساکانی باری کەسی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر تایفەگەری ) هەروەها دواخستن و بەربەرست دروستکردن لەبەردەم دانانی یاسای توندوتیژی خێزانی. لەدوای جوڵانەوە شۆڕشگێڕیەکانی تشرین، کردەوەکانی تیرۆرکردن و ڕفاندن و ترساندنی چالاکوانان و خۆپیشاندەران و ڕۆشنبیران و دروستکەرانی بڕیار و دەستگیرکردنیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕۆژانە زیاتر بوو، ئەمەش لە چوارچێوەی هەڕەشەلێکردنیان بە شێوەی ئاشکرابووەو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاوکراوەتەوە بەمەبەستی دەمبەستن و لەباربردنی هەر جوڵانەوەیەکی نارەزایی کە ببێتە هۆی هەڕەشە لەسەر ژێرخانی تایفەگەریی و گەندەڵیی سیستەمی سیاسی. گرووپە سیاسیە چەکدارەکانی دەرەوەی یاسا (میلیشیاکان) ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لەو تاوانانە، بەتایبەتی لەبەر چاوی بێهەڵویستی هێزە ئەمنیەکانی حکومەت. لەبەرئەوە پێویستە هاوڵاتیبوونێکی کاراو بنچینە بۆ فرەیی لە عێراق دابمەزرێت کە گرێبەستی نێوان هاوڵاتیان و لە نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەت و دامەزراوەکانیدا نوێ بکاتەوە، ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی مافی جیاوازبوون و دەربڕین لە جیاوازی، لە ژینگەیەک کە ئاسایشی تێدا فەرام کرابیت و دووربێت لە خۆفەڕزکردن و هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی توندوتیژی لەلایەنی گرووپەکانی دەرەوەی یاسا.

## 6.ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی فرەیی و ئازادی ڕادەربڕین و یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان

**بەربەست:** نەبوونی یەکسانی لە نێوان عێراقیەکان و بڵاوبوونەوەی توندوتیژی.

چوارچێوەی بەربەست: هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان لەسەر بنچینەی فرەیی ئینتیمای ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و مسۆگەرکردنی ئازادی بیروڕاو نارەزایی دەربڕین.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1.هەموارکردنی هەندێک لە دەقە دەستوری و یاساییە پەیوەندیدارەکان، بەشێوەیەک یەکسانی لە نێوان عێراقیەکان مسۆگەربکات و جیاوازی نەکات و ڕەخساندنی هەلی یەکسان دابین بکات کە لە ماددەکانی (14“16“20،37، 38 ”125)ی دەستوردا هاتووە.

2.دانانی یاسا بەشێوەیەک ببێتە جێبەجێکاری کرداری دەقە دەستوریەکان، کە مافی هەموو عێراقیەک مسۆگەر بکات، بەتایبەتی ماددەکانی(3، 4، 42، 125)ی دەستور.

3.هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا چەکدارەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:** دانانی پرۆگرامێکی کۆمەڵایەتی تایبەت کە ئاستی پێناسەی عێراقیەکان لەواقعدا بەرزبکاتەوەو بتواندرێت لە خاڵە هاوبەشەکاندا بەیەک بگەیەندرێن و مافی ڕادەربڕین لە جیاوازیەکانیان هەبێت.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1.بەمەبەستی هەموارکردنی هەندێک ماددەی دەستوری پەیوەندیدار، دەرکردنی بڕیارێک لەلایەن سیاسیەکان و ئاراستەکردنی بۆ حیزبەکانیان و فراکسیۆنەکانیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

2.دانانی یاسا لەبارەی بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان عێراقیەکان و مسۆگەرکردنی مافەکانیان لەسەرجەم ئاستەکان بەبێ جیاوازی، لەگەڵ پشتگیری کردنی مەرجەعیە ئایینیەکان بۆ ئەم پرۆژە نیشتمانیە.

3.دانانی سیاسەتێک بۆ ئاسایشی کۆمەڵگەیی کە مافی ڕادەربڕین و نارەزایی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و خۆفەرزکردن بە چەک ”مسۆگەر بکات.

**لایەنە پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردن:** ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**دەرامەتی بەردەست:** شارەزایانی پسپۆڕ لە یاساو سیاسەتی گشتی، نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقن.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:** زیادبوونی پەراوێزخستن و بێبەشکردن و توندوتیژی و تیرۆرو نادادپەروەری.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:** بەرزکردنەوەی ئینتیما بۆ نیشتمان و گەشەکردنی دیموکراتی و پێشبرکێی دروستی هزری و سیاسی، هەروەها بڵاوبوونەوەیبەهاکانی دادپەروەری و نیازپاکی و خۆشەویستی، کە دەبێتە هۆی سەقامگیری ئاسایشی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی.

**پلانی کارکردن:**

1.ئامادەکردنی پرۆژەی یاساکانی تایبەت بە کاراکردنی دەقە دەستوریەکانی پێشوو.

2.ئامادەکردنی لیژنەیەک بۆ هەموارکردنی دەستور لەمبارەیەوە.

3.دانانی سیاسەتێکی ئەمنی گشتگیر کە پیادەکردنی ئازادیەکان لەخۆ بگرێت.

## 7. کۆمەڵی مەدەنی و ڕۆشنبیری پشتیوانی و لێپێچینەوە

هێنانەدی دەوڵەتی هاوڵاتی و مسۆگەرکردنی بەردەوامبوونی، پێویستی بە پێشخستنی کۆمەڵی مەدەنی عێراق هەیە، هەروەها گۆڕینی ڕۆشنبیری هاوڵاتیان لە پێشبینی کردن بۆ داواکاری لە ڕێگای کەناڵەکانی فشاری ئاشتیانە و لێپێچینەوە لە حکومەت لە ئەداکردنی کارەکانی. بەڵام کۆمەڵی مەدەنی کە بەهۆی میدیایەکی ئازاد نوێنەرایەتی دەکرێ، لەگەڵ سەندیکاکان و کۆبوونەوەکان و دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان و دەزگاکانی گەشەپێدان و کۆمەڵەکان، کە تاکو ئێستا لە عێراق لاوازن بە هۆی کەلەپورێکی بەرفراوانی ڕۆشنبیری ستەمکاریی، ئەمەش لە سەردەمە جیاوازەکاندا وڵاتەکە بەدەستیەوە ناڵاندویەتی. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە تێپەڕکردنی ئەم ڕۆشنبیریە بە ڕووداوێک نابێت کەلە چرکەساتێکدا ڕوودەدات، بەڵکو پرۆسەیەکی کەڵەکەبووەو کۆمەڵێک مەرجی خۆی هەیە. پێویست بەوە دەکات کۆمەڵی مەدەنی سەرکەوتوو بێت لە مسۆگەرکردنی سەرچاوەی داراییی سەربەخۆ بە شێوەیەکی دیاریکراو، هەروەها هێنانەکایەی هۆشیاری و پابەندبوون بە کاروباری گشتی کە ڕێزە کلاسیکیەکان تێپەڕێکات.

کۆمەڵی مەدەنی بە سروشتی خۆی دوانەیی دەسەڵات و خەڵک تێپەڕ دەکات و هێزێکی جوڵاو لەسەر زەوی پێکدەهێنێت، لەلایەک هەڵسوکەوتی دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکات ئەگەر بە ئاراستەی ستەمکاریی هەنگاوبنێت، لەلایەکی دیکە کۆنترۆڵی جوڵانەوەی خەڵک دەکات کاتێک بە ئاراستەی خۆڕادەستکردن و پاشۆیەتی هەنگاوبنێت. کەواتە کۆمەڵی مەدەنی دەبێتە لایەنی سێیەم لە هاوکێشەی هاوڵاتیبوون و حوکمی دیموکراتی؛ کەوا ڕێگری لە دەسەڵات بکات لە قۆرخکردنی هۆشیاری و سامان و کەرامەت، هەروەها بەشداربێت لە ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی بەرەو ئاشتی و سەقامگیریی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

کۆمەڵی مەدەنی هەمان ئەو کێشەی هەیە کە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیەتی بەتایبەتی لە گەندەڵی و دەستەگەریی و خەراپ بەڕێوەبردنی داراییی و مرۆیی، لەگەڵ ئەوەش دەتوانێت ژینگەیەکی کارگێڕی زۆر مەعقول بێت، بە بەراورد بە دامەزراوەکانی دیکە. لە هەندێک ئەزموندا سیستەمی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکان هەیە، هەروەها سیستەمێکی کارگێڕی مرۆیی و داراییی هەیە. شارەزایی سەرکەوتوو لە کارکردن لە دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکە لە بەشداری لە ژیانی گشتی و تاقیکردنەوەی ئەزمونێکە لە میکانیزمەکانی دیموکراتی و لێپێچینەوە.

وێنەیەکی ناتەواو هەیە لە هەڵسوکەوتێکی ئەرێنی و بێلایەن لە نێوان حکومەت

و کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵی مەدەنی دەتوانێت بەشداربێت لە هۆشیارکردنەوەی مەدەنی و کاروباری کەمینەکان و مافەکانی هاوڵاتی، بەمەش گەیشتە ئاستێک کە پێشتر وێنەی نەبووە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هەندێک لە وەزارەتەکان، لەوانە بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە. ئەوەی گرنگە پێویستە ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنی تەنیا کورت نەکرێتەوە لە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی گشتی لە چەند بابەتێکی دیاریکراو، بەڵکو پێویستە ڕۆڵی خۆی ببینێت بەشێوەیەکی فراوان لە سەر ئاستی پشتیوانی بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر سیاسەتی گشتی و پێگەیشتوو، لەگەڵ لێپێچینەوە بۆ مسۆگەرکردنی کواڵێتی لە کەرتی گشتی و شەفافیەت.

## 7. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی کۆمەڵی مەدەنی و ڕۆشنبیری پشتیوانی و لێپێچینەوە

**بەربەست:** لاوازی شەفافیەتی حکومی و سیاسەتی گشتی پێگەیشتوو.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** گەیشتن بە بەرزترین پلەی شەفافیەت لە کاری دامەزراوە حکومیەکان، بۆ کاراکردنی لێپێچینەوەو پێشخستنی سیاسەتی گشتی، هەروەها بەدیهێنانی لەمیانەی پشتیوانی لەلایەن کۆمەڵی مەدەنی و بەشداری لە دامەزراوە گشتیەکان.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. بەشداریکردنی دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە گفتوگۆی یاساکان و سیاسەتی حکومی و خۆجێی.
2. دەرکردنی یاسای مافی گەیشتن بە زانیاری، هەروەها بەهێزکردنی شەفافیەت لە چوارچێوەی دامەزراوە حکومیەکان.
3. دەرکردنی یاسای لێکدانی بەرژەوەندیە داراییەکان لە عێراق.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. بەرزکردنەوەی تواناکانی کۆمەڵی مەدەنی لەبارەی هاوڵاتیبوون کە بنچینەی فرەیی بێت و پشتیوانی کارگێڕی پێگەیشتوو بێت.
2. هاندانی دامەزراندنی هاوبەشی و هاوپەیمانێتی لە نێوان دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەبارەی کاروباری گشتی کە جێگەی گرنگیدانی هاوبەشە بۆ بەهێزکردنی چالاکی و بەرهەمهێنان.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەرکردنی یاسای پێویست.
2. پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەنجومەنەکان و کارگێرییە خۆجێیەکان بۆ هاوکاری .
3. پێشکەشکردنی پرۆگرامێکی ڕاهێنان لەبارەی پشتیوانی و دانانی سیاسەت و هەڵسەنگاندنی چالاکوانان لە کۆمەڵی مەدەنی.
4. تیشك خستنە سەر شارەزاییە نموونەییە سەرکەوتووەکان بۆ فێربوون و سوود لێوەرگرتنی.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**

1. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
2. حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنەکان و کارگێڕیە خۆجێیەکان.
3. دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە عێراق.
4. ئەو دامەزراوانەی بە شارەزایی و پارەدارکردن لە ئاستی نێودەوڵەتیەوە پاڵپشتی دەکرێن.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. شارەزایانی پسپۆڕ لەبارەی تێبینیکردن و پشتیوانی و لێپێچینەوە.
2. لێژنە پەیوەندیدارەکانی نوێنەرایەتی.
3. شارەزاییە نموونەییە بەردەستەکان و ڕێکخراوە سەرکەوتووەکان کە ئامادەن بۆ پێشخستنی تواناکانیان.
4. گرنگیدانی نێودەوڵەتی بە عێراق و توانای فەراهەمکردنی پشتگیری دارایی بۆ کۆمەڵی مەدەنی.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:** بەردەوامی لاوازی حکومەت و خزمەتگوزاری گشتی و گەشەپێدان.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:** پێشخستنی بڕیارەکانی حکومەت و بەدیهێنانی بەرزترین ڕێژەی گەشەپێدان و خزمەتگوزاریە گشتیەکان، لەگەڵ پابەندکردنی زۆرترینی هاوڵاتیان بە کاروبارە گشتیەکان، هەروەها گەشەکردنی متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوە حکومیەکان.

**پلانی کارکردن:**

1. بەدواداچوون بۆ دانانی یاسای پێویست لەگەڵ دەستە تایبەتمەندەکان.
2. ڕێکخستنی پرۆگرامێکی ڕاهێنان بۆ چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی.
3. پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی نمونەیی لەبارەی کەیسێکی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی چیرۆکی سەرکەوتن کە هانی بەدواداچوون بدات لەو بوارە.

## 8. بەشداری لاوان لە نوێکردنەوەی ژیانی سیاسی

ئەوەی ڕوونە ڕۆڵی لاوان لە عێراق دوای جولانەوە شۆڕشگێڕیەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی 2019 ، وەکو پێشوو نییە.پێش لەو ڕێکەوتە ڕەمزی و جومگەییە لاوانی عێراق قوربانی بوون لە ژێر سایەی تەنگژە کەڵەکەبووەکانی دیکتاتۆریەت و جەنگەکان و تایفەگەری و تیرۆرو گەندەڵی و سیاسەتە شکستخواردوەکان و بێکاری. بەڵام جولانەوەی شۆڕشگێڕی تشرین وەک سومبولێک دەرکەوت و لاوانی وەکو قوربانی کارەساتەکانی ڕابردوو ڕزگار کرد، بۆ ئەوەی لە وێنەی شۆڕشگێڕان دەریانبخا کە بە دەستی خۆیان داهاتووی خۆیان دەنەخشێنن. هەندێک پێیان وایە ئەو جولانەوەیە کە لاوانی لە کوڕان و کچان لە سەر شەقامەکان کۆکردوەتەوە لە هەموو چینە جیاوازە کۆمەڵایەتی و تائیفی و ئایینەکان، قوڵترین جولانەوەی کۆمەڵایەتیە کە وڵاتەکە لە دە ساڵی دوایی بەخۆیەوە بینی بێت.

ئەوەی شایەنی باسە ژمارەیەک دەستپێشخەری خۆبەخشانە کرا کە چەندین لاوی کوڕو کچ بەشداریان تێدا کرد، لەبوارەکانی هونەرو ڕۆشنبیری و کاری خێرخوازی لە مەیدانی جولانەوەکانیان، یان لە میانەی پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و خۆراک و تەندروستی، یاخود لە ڕووبەڕووبونەوەی پەتای کۆڤید_19.

لەم قۆناغە نوێیەدا ئەو لاوانەی بەشێوەی جۆراوجۆر گیرۆدەی بێبەشکردن بوونەتەوە، هیچ لە واقعی ژیانیان نەگۆڕا، بەڵام لە هەڵوێستێکی دژی تایفەگەری و باڵادەستی بیانی و گەندەڵی و بێکاری، خۆیان گۆڕیان کاتێک چونەسەر شەقامەکان و داوای لێپێچینەوەو گۆڕانکارییان کرد. بەهۆی سەرنەکەوتنی بەرپرسان لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەو چارەنوسی، هەروەها بەهۆی دوورخستنەوەیان لە بەشداری ڕاستەقینە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی، بەشداری نەکردنیان لە دروستکردنی بڕیار، لاوان لە میانەی خۆپیشاندن و نارەزایەتیەکان وەک هاوڵاتی هۆشیاری خۆیان لەبارەی مافە زەوتکراوەکانیان پیشاندا. بەرامبەر توندوتیژیەکان پاشەکشەیان نەکرد و لەبەرامبەر ئەمەشدا سەدان شەهیدو هەزاران برینداریان بەخشی.

ئەو لاوە ڕاپەڕیوانە و هاوشێوەکانیان کە تەمەنیان لە نێوان 15 و34 ساڵە، گەورەترین توێژی کۆمەڵگا پێکدەهێنن، واتە ڕێژەی 35.4% لە کۆی گەلی عێراق[26]. ئەوان نەوەکانی جیهانگیرین، لەڕێگەی مۆبایلەکانیان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەوای ئازادی و گۆڕانکارییان بڵاودەکردەوە، گوتارە تائیفی و عەشائیریەکان بەرتەسکەکان کاری لێنەدەکردن.

بەڵام ئەو نەوەیە ڕۆشنبیری سیاسی پێویستی نییە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی خێرا لە هەڵوێستی نارەزایی دەربڕینەوە بیگوازنەوە بۆ هەڵوێستی سیاسی، بەشێویەک

26 بروانە: تقرير إدارة الشؤون الاقتصادية والاجتماعية في الأمم المتحدة بۆ ساڵی 2019.

پلان و دنیابینی و سەرکردایەتیان بگاتە شوێنی بڕیاردان. دوای سەرکەوتنی لاوان لە هەنگاونان بەرەو هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی پێشوەختە[27]، ئێستا ئاستی هۆشیاریان بەرزبووەتەوەو بوونەتە تەحەدایەکی دیار لەسەر گۆڕەپانی ڕووداوەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بژاردەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ خواستە سیاسیەکانیان بگونجێت. هەروەها پێویستە لەناو دەستەبژێری لاواندا ئاستی تواناکانیان بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی فشارو کاریگەرییان لەسەر پڕۆگرامی هەڵبژاردن هەبێت، بەتایبەتی بۆ ئەوەی دەرفەتی خۆپاڵاوتن و پێشبڕکێیان لە هەڵبژاردنەکان پێبدرێت، دوای ئەوەی تەمەنی پاڵاوتن بۆ 28 ساڵ کەمکرایەوە، ئەوان پێویستیان بەوەیە متمانەیان بۆ پڕۆسەی سیاسی بگەڕێتەوە، ئەو پڕۆسەیەی کە بەهۆی هەندێک لە چینی فەرمانڕەوای گەندەڵ متمانەی لەدەستدا بوو.

27 حکومەت ڕایگەیاندوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی حوزەیرانی 2021 ئەنجام بدرێت.

## 8.ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی لاوان و نوێکردنەوەی ژیانی سیاسی

| |
|---|
| بەربەست: نەبوونی ڕۆڵی لاوان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارو بەشداری سیاسی. |
| چوارچێوەی بەربەست: هەموو عێراق. |
| گۆڕانی چاوەڕوانکراو: بەشداری کاریگەری لاوان لە ژیانی سیاسی و بەهێزکردنی دەرفەتی گۆڕانکاریی کە ئامانجیانە. |
| چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:<br>1.بەشدارپێکردنی لاوان لە بڕیاردانی سیاسی ئەگەر بەشێوەی ڕاوێژکارییش بێت لە سەر ئاستی هەرێمی و نیشتمانی.<br>2.بۆ وەرگرتنی بۆچوونی لاوان و بەشداریکردنیان لە بڕیاردان، پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی لاوان لە دیوانی پارێزگاکان. |
| چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:<br>1.بەهێزکردنی هۆشیاری و ڕۆشنبیری سیاسی و دیموکراتی لە نێو لاواندا.<br>2.بەهێزکردنی توانای دەستەبژێری لاوان لەسەر ئاستی هزری و پەیوەندیکردن بە سیاسیەکان.<br>3.بۆ نزیکردنەوەی دیدوبۆچوونەکان، کاراکردنی دایەلۆگ لە نێوان لاوان، هاوکاریکردنیان بۆ بنیاتنانی بۆچوونێکی هاوبەش بۆ داهاتووی عێراق و هاوپەیمانیەتی کە لە ڕووی سیاسیەوە سەرکەوتویان بکا. |
| میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:<br>1.بۆ دانانی میکانیزمی پەیوەندیکردن بە لاوان، پەیوەندیکردن و گەیاندنی دەنگیان بە لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی.<br>2.بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری تایبەت بە لاوان و هاوکاریکردن بۆ دانانی سیستەم و میکانیزمیکارکردنی، پەیوەندیکردن بە بەرپرسان لە پارێزگاکان.<br>3.پێشکەشکردنی پرۆگرامی هۆشیارکردنەوەو ڕاهێنانی چالاکوانان لە نێوان جولانەوەی ناڕەزاییەکان و هاوکاریکردنیان لە گەیشتنیان بە میدیاو دەربڕینی بۆچوون و خواست و داواکارییەکانیان. |
| لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:<br>1.حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کورستان.<br>2.چالاکوانان لە جولانەوە ناڕەزاییەکان.<br>3.دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی. |
| دەرامەتی بەردەست:<br>1.شارەزایی هاوشێوە لە وڵاتانی دیکە و شارەزایان بۆ ڕاهێنانی لاوان لەسەر کاری سیاسی.<br>2.لاوان خۆیان. |
| زیانەکانی چارەسەرنەکردن: بەردەوامی هەردوو دۆخی تورەیی لەنێوان لاوان و بێ هیواییان کە دەبنە هۆی زیادبوونی توندوتیژی. |
| بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی: بەشداریکردن لە نوێکردنەوەی ژیانی سیاسی و زیاترکردنی ئەرکی لاوان لە پرسە نیشتمانیەکان و خەبات و خۆبەختکردن لە پێناویدا. |
| پلانی کارکردن:<br>1.کردنەوەی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان دەستەکانی حکومەت و لاوان و پێشخستنی ئەنجومەنەکانی لاوان لە پارێزگاکاندا.<br>2.ڕێکخستنی پرۆگرامی هۆشیاری و ڕاهێنانی چالاکوانان لە کۆمەڵی مەدەنی.<br>3.بەدواداچوونی پێشکەوتنی جولانەوەی ناڕەزایەتیەکانی لاوان بەرلە هەڵبژاردنی داهاتوو و دواتر، ئەمەش بۆ پێشکەشکردنی پوختەی شیکردنەوەکان بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت. |

## 9. توانای ئافرەت و بەهێزکردنی بەشداری لە ژیانی گشتی

بەرلە هەموو شتێک پێویستە دان بەوە بندرێت کە ئافرەتان توانیان بگەنە بەشداری سیاسی دوای ساڵی 2003، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی کۆتا، کە دەروازەیەک بوو بۆ دروستکردنی هۆشیاری سەربارەت بە بەشداری ئافرەتان، تاکو ئاستی بەشداری ئافرەتان گەیشتە ئەوەی سەرۆکایەتی کوتلە سیاسیەکان بکەن، هەروەها گەیشتنیان بە پێگەکانی سەرۆکایەتی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. ئافرەتان لە ساڵی 2020 بە ڕێژەی 25.5% کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانیان داگیرکردووە، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە دەگاتە 16.6% لە ناوچەی عەرەبی و 24.9% لە جیهان. بەڵام بەشداری ئافرەتان لە بڕیاردان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن زۆر لاوازترە، ڕێژەی بەشداریان لە ئەنجومەنی وەزیران بریتیە لە 13،6%، واتە سێ وەزیر لە کۆی 22 وەزیر[28]. کۆی ئەزموونەکە نوێیەو پێویستی بە پتەوکردن و پێشخستنە بۆ بەهێزکردنی بەشداری ئافرەتان لە ژیانی گشتی بە شێوەیەکی کارا[29].

بەڵام فەزای گشتی پڕە لە کۆسپ و بەربەست. ئافرەتان تاکو ئێستا لە کۆمەڵگای عێراق بە جۆرەها شێواز پەراوێزخراون و بێبەشکراون و توندوتیژی بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت. دواتر بەشداری ئافرەتان لە ژیانی ئابوری و ژیانی سیاسی بەردەوامی هەیە بەڵام بە پێی پێویست نییە، لەگەڵ هەبوونی سیستەمی کۆتای هەڵبژاردن کە بۆ ئافرەتان تەرخانکراوە. بۆ نموونە ئافرەتان لە گفتوگۆی چارەسەری ناکۆکیەکان ڕۆڵێکی کارایان نییە، تاکو ئێستا ڕۆڵیان لاوازە لە پەیکەری ڕێکخراوەیی هێزە سیاسیەکان.بۆیە لێرەدا زۆر پێویستە بۆ کارکردن لەسەر ئەوەی ئافرەتان بتوانن ئاستی بەشداریان لە ژیانی گشتی بەرزبکەنەوە.

تێبینی دەکرێت بە نەبوونی میکانیزمێکی نیشتمانی بۆ چاککردنی پێگەی ئافرەت، هەروەها نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسی بۆ گۆڕانی ئەو واقعەی کە ئافرەت تەنیا پاشکۆی بەشدارییە. لەگەڵ هەبوونی هەندێک پلان بەڵام هیچ جێبەجێکردنێکی ئەو پلانانە نابیندرێت. سەرباری ئەمەش ئافرەتان دوورن لە پرۆگرامەکانی گەشەپێدان، کە ڕێژەی چالاکی ئابوری سەبارەت بە پیاوان دەگاتە 72%. بەڵام ئافرەتان ڕێژەی چالاکی ئابوریان دەگاتە 13%. هەروەها بە ڕێژەی 90% ، لە کەرتەکانی حکومەت بە کرێ کاردەکەن.

لەگەڵ ئەوەش یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە لە ماددەی (14) لە دەستور هاتووە، لە ماددەی (20) هاتووە کە مافی بەشداری سیاسی پیاوان و ئافرەتان فەراهەمە، بەڵام یەکسانی لە عێراق لە واقعدا بوونی نییە. لە ساڵی 2005 تاکو ئێستا هیچ یاسایەک بۆ نەهێشتنی جیاکاریی لە نێوان پیاوان و ئافرەتان دەرنەچووە. هەندێک ئاراستە هەیە بە دانانی ئافرەتان لە پێگەیەکی نزمتر، ئەمەش

28 بڕوانە ڕاپۆرتی: تعزيز المشاركة السّياسية للمرأة. النساء المرشحاتللمناصبالمنتخبةفيالعراق: العقباتومتطلباتالتغلبعليها،لە ساڵی2020 دەرچووە لە پەیمانگای عێراقی و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ عێراق، لیژنەی ئابوری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕۆژئاوای ئاسیا (الإسكوا)، ل4.

29 بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، الفصل الثالث: العقبات التي تواجه المرشحات وآليات تذليلها بحسب التجربة والتصور، نقص الإعداد والتدريب.

لە میانەی هەوڵدان بۆ هەمواری یاسای باری کەسی، یان دانانی ئافرەت لە پێگەیەکی تائیفی و هەندێک دیاردەی دیکەی باو کە تاکو ئەمڕۆش لە زیادبوونن وەکو هاوسەرگیریی ناکامەکان و جیاکاریی خێزانی، هەروەها بەکارهێنانی ئافرەت وەکو کاڵایەك بۆ چارەسەری ناکۆکیە عەشایەریەکان. تاکو ئێستا ئافرەت قوربانی ئەو سزا توندوتیژانەیە کە بەپێی بڕیاری ڕژێمی پێشو(ڕژێمی بەعس) دەرچووە، یەکێک لەوانە بڕیاری 234 ی ساڵی 2001 کە تاکو ئێستاش بەرکارە.لە کۆمەڵەی یاسا بەرکارەکان ئافرەت پۆلێن نەکراوە وەکو یاسای سزاکان[30]، یاسای کار[31]، یاسای حیزبەسیاسیەکان، یاساي هەڵبژاردنەکان، یاسای باری کەسی، حکومەت کەمتەرخەمی کردووە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی دژی ئافرەتان ناسراوبە «سیداو»، کە عێراق ئیمزای لەسەر کردووەو بووەتە یاسایەکی نیشتمانی دواى بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی «وەقائیعی عێراق».

30 یاسای سزاکانی عێراق ژمارە 111ی ساڵی 1969.

31 یاسای کار ژمارە 37 ی ساڵی 2015، پێشکەوتنێکی بینی هەرچەندە بەپێی پێویست نییە، بەتایبەتی لەبارەی مافەکانی ئافرەت لەگەڵ تاوانی گێچەڵپێکردن (تحرش) لە شوێنی کار و سەپاندنی سزای گونجاو.

## 9.ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی توانای ئافرەتان و بەهێزکردنی بەشداریان لە ژیانی گشتی

**بەربەست:** لاوازی جۆرایەتی ڕۆڵی ئافرەت لە هەردوو بواری گشتی و تایبەتی و بەردەوامی پیادەکردنی توندوتیژی و جیاکاریی لە دژیان.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانکاریی چاوەڕوانکراو:** لەپێناوی هێنانەکایەی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، چاککردنی دۆخی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئافرەتان و زیادکردنی بەشداریان لە جومگەکانی بڕیاردان، هەروەها دابینکردنی ئاسایش و ئاشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1.کاراکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ کاروباری ئافرەتان، هەروەها کارکردن بەپێی ستراتیژیەکی نیشتمانی گشتگیرو یەکگرتوو بۆ هەڵسانەوەی واقعی ئافرەتان لە عێراق. دابینکردنی دەرامەتی مرۆیی و دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی.

2.پەیڕەوکردنی سیاسەتی کارا کە ئامانجی هەڵسانەوەی دۆخی ئافرەت بێت و بەشداریان لە جومگە گرنگەکانی بڕیاردان لەسەر هەموو بوارو ئاستەکان بەهێزبکات، هەروەها دابینکردنی دەرامەتی مرۆیی و دارایی پێویست.

3.کارکردن لەسەر بەشدارییپێکردنی ئافرەتان لە سەرجەم سیاسەت و پلانە گشتیە نیشتمانیەکان بۆ بەهێزکردنی بەشداریان لە گەشەپێدان و دابینکردنی ئاشتەوایی.

4.پەلەکردن لە دەرکردنی یاسای پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی خێزانی، کە پاراستنی ئافرەت لە چوارچێوەی خێزان و کەرامەتی مسۆگەر بکات.

5.پێداچوونەوەی بەو بڕیارو یاسایانەی کە بوونەتە هۆی نایەکسانی و جیاکاریی و توندوتیژی دژی ئافرەتان، ئەمەش بە ئامانجی هەموارکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بەتایبەتی یاسای سزاکانی ژمارە 111 ساڵی 1969، یاسای دادگاییکردنی سزایی ژمارە 23 ساڵی 1972، لەگەڵ ئەو بڕیارانەی کەوا سزای توند دژی ئافرەتان دەسەپێنن. هەروەها ڕێگاگرتن لە کاریگەریی دابونەریت و زاڵکردنی بەسەر هێزی یاسا.

6.بەرزکردنەوەی تێبینیەکان لەسەر ماددەکانی(2/ واو – زاي)و 16 لە ڕێککەوتننامەی سیداو و ئیمزاکردنی لەسەر پرۆتۆکۆڵی پاشکۆی ڕێککەوتننامەکە.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1.بەکخستنی پێشەوا کۆمەڵایەتیەکان لە پیاوانی ئایینی و مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیە خۆجێییەکان لە بانگەشەکان کە هەنگاوبنێت بۆ گۆڕینی شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هۆی جیاکاریی و توندوتیژی دژی ئافرەتان.

2.کاراکردنی ڕۆڵی میدیاو دامەزراوەکانی پەروەردە گۆڕینی پرۆگرامەکان بەشێوەیەک هاوڵاتیبوون و یەکسانی بەهێزبکات و جیاکاریی نەهێڵێت.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

بەدواداچوونی چارەسەری پیشنیازکراوو پلانی کارکردن لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:** حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی نوێنەران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ناوخۆو نێودەوڵەتی، هەروەها دامەزراوەکانی پەروەردە فێرکردن و مەرجەعیەتە ئایینیەکان.

| |
|---|
| **دەرامەتی بەردەست:**<br>بوونی چەندین سیاسیەت و پلانی نیشتمانی تایبەت بە ئافرەتان لەوانە:<br>1. ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان.<br>2. ستراتیژی هەڵسانەوەی ئافرەتان.<br>3. پلانی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری 1325.<br>4. پلانی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی هاوبەشی سنووردانان بۆ توندوتیژی سێکسی لەکاتی ناکۆکی، کە لەلایەن حکومەتی عێراقی ئیمزاکراوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان.<br>5. پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی.<br>6. ستراتیژی کەمکردنەوەی هەژاری. |
| **زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**<br>1. نەبوونی سەقامگیریی لە خێزانەکان دەبێتە هۆی نەمانی سەقامگیریی کۆمەڵگەیی.<br>2. لەدەستدانی ئەو سەرمایە مرۆییەی لە ئافرەتان پێکدێت.<br>3. بەدینەهاتنی دادپەروەریی. |
| **بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:**<br>بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە لە دەستوردا هاتووە، لەگەڵ سوودە کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونیەکانی. |
| **پلانی کارکردن:**<br>1. پێکهێنانی لیژنەیەک لە ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ پێداچوونەوە بە یاسا جیاکارییەکان و هەموارکردنی.<br>2. ڕێکخستنی هەڵمەتێک بەمەبەستی دەرکردنی یاسای پاراستن لە توندوتیژی خێزانی و پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ تواناکانی ئافرەتان.<br>3. پێکهێنانی لیژنەیەکی وەزاری بە مەبەستی تاوتوێکردنی چۆنیەتی بەرزکردنەوەی تێبینیەکان لە ڕێککەوتننامەی سیداو. |

## 10. بەشداری کەمینەکان لە ژیانی سیاسی

سەرنەکەوتنی هێنانەدی دەوڵەتی هاوڵاتی و دادپەروەر کە بنچینەی فرەیی بێت، هەروەها هەستپێکردنی کەمینەو پێکهاتەکان بەوەی نەتوانن بەشداری بکەن لە بڕیاردان لەگەڵ پێکهاتە گەورەکان تەنانەت لەکاروباری تایبەت بەخۆیان، هانیان دەدات بەوەی هەست بکەن کە بەشێوەی «وصایە» لەلایەن پێکهاتە گەورەکانەوە بەڕێوەدەبردرێن. لەبەر ئەوە هەندێک بۆ ئەم هەستکردن بە پەراوێزخستنە لەلایەن پێکهاتە بچوکەکان، پێشنیازی چارەسەری گونجاو دەکەن. خاوەنی ئەو هەڵوێستە دەرکیان بەوە کردووە ئەو ئاراستەیەی کە سووره لەسەر پاراستنی مافەکان، پێویستە لەسەر حسابی خاڵە هاوبەشەکان و گرژی نێوان هاوڵاتیان نەبێت، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت و دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەو هەستیاری زیاتر لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان.

هەندێک پێیان وایە سیستەمی پشکپشکێنەو دابەشکردنی «غەنیمە_دەستکەوت» هیچ دەرفەتێک نادات بە کەمینەکان بۆ بەشداری ڕاستەقینەیان لە حوکمڕانی و بڕیاردان، تەنانەت هەندێک وایدەبینن سیستەمی (کۆتا)ش لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی کاریگەری نییە تەنیا ئەگەر لەگەڵ یاسای هەڵبژاردن یەک بگرێتەوە، کە ماف بداتە کەمینەکان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بۆ کورسیە تەرخانکراوەکانیان. ئەم پرسە پێویستی بە یاسای هەڵبژاردن هەیە بە شێویەک بازنەکانی هەڵبژاردن گونجاوبێت لەگەڵ قەبارەی کەمینەکان، دەرفەتیان پێبدات بە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان بەبێ ئەوەی سیفەتی نوێنەرایەتی نیشتمانیان لێ وەربگیرێتەوە.

لەبەرئەوە هەندێک بۆچوونیان وایە پێویستە چاوبخشێندرێتەوە بە ماددەکانی دەستور بەشێوەیەک ببێتە هۆی بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی لە نێوان عێراقیەکان بە هەموو ئینتیما جیاوازەکان، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە مافی کەمینەکان، لە پێناوی پاراستنی تەونی کۆمەڵایەتی عێراقی کە بە فرەیی نەژادی و ڕۆشنبیری و ئایینی دەناسرێتەوە. دەستوری نوێی عێراق 2005 مافی کەمینەکانی مسۆگەر کردووە لە ماددەکانی (دووەم، سێیەم، چوارەم، چلوسێ) و ئەوانی دیکە، زۆربەی ئەو ماددانە بەکردار نەکراون بەشێوەیەک بەشداری کارای کەمینەکان لە ژیانی سیاسی نیشتمانی بەهێزبکات.

## 10. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی بەشداری کەمینەکان لە ژیانی سیاسی

**بەربەست:** نەبوونی نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینەی کەمینەکان ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کورسی سیستەمی(کۆتا)ی هەڵبژاردن.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** مافی ڕەوای کەمینەکان کەوا کورسی کۆتایان پێ بەخشراوە لە میانەی پێشخستنی سیستەمی هەڵبژاردن تاکو بتوانن نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینە بن .

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:** پێکهێنانی لیژنەی هەموارکردنی یاساکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و ناوەند بە شێوەیەک مافی لە پێشینە بداتە ڕۆڵەی کەمینەکان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. هەموارکردنی یاساکانی هەڵبژاردن.
2. ئامادەکردنی لیستی سەربەخۆ کە ناوی ڕۆڵەکانی ئەو پێکهاتەیە لەخۆبگرێت کە کورسیەکانی کۆتای بۆ تەرخانکراوە.
3. تەرخانکردنی سندوقی سەربەخۆ بۆ هەر پێکهاتەیەک بە جیا، بۆ ئەوەی ئەندامانی پێکهاتەکە دەنگ بدەن بە گوێرەی تایبەتمەندیان.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**

1. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
2. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان_ عێراق .

**دەرامەتی بەردەست:** کادیرو سەرچاوەی مرۆیی تایبەتمەند.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**

1. هەستکردن بە بێبەشبوون و چەوسانەوە لەلایەن ڕۆڵەی کەمینەکان؛ بەشێوەیەک کە بیر لە بژاردەی دیکە بکەنەوە کە مەترسیدارترینیان کۆچکردنە. ئەمەش زیانێکی گەورەی نیشتمانیە بە مانای وشە.
2. پەرلەمان زیانی پێدەگات و بێبەش دەبێت لە وزەو تواناو شارەزایی ڕاستەقینەی ڕۆڵەی کەمینەکان.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:** هەستکردن بە ماف و نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینە، دواتر لەسەر ئاستی گشتی نیشتمان بارودۆخی کەمینەکان باشتر دەبێت و ئەزمونی هاوڵاتیبوونی بنچینە بۆ فرەیی سەرکەوتوو دەبێت.

**پلانی کارکردن:** پێشکەشکردنی دوو پرۆژە بۆ هەموارکردنی هەردوو یاساکە.

## 11. هۆزگەرایی و دەوڵەتی ماف و یاسا

تا ئێستا هۆز هۆکارێکی کاریگەرە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراق، ژێرخانی کۆن و کۆمەڵگەییە لە عێراق. بەمدواییە هۆزەکان گەشەکردنی خۆیان پیشاندا بۆ قەڵەمڕەویان لە کۆمەڵگە، بەو پێیەی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پاڵپشتی کردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت یان تەنانەت لە کاروباری ئەمنی و ئاسایش ئەلتەرناتیڤن بۆیان. هۆزەکان پەیوەندی و وابەستەبوونی خۆیان بۆ یەکتر و هاوسۆزی کلاسیکی دەردەبڕن، لایەنی کەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ ئەندام وخەڵکی خۆیان دابین دەکەن لەو چوارچێوەیەی دەسەڵاتی دەوڵەت و دامەزراوەکانی و خزمەتگوزاریەکانی لاوازن.

کێشەکە خۆی دەنوێنێت لە درێژبوونەوەی هەستی هۆزایەتی و بەرفراوانبوونی و گەیشتنی بۆ شارەکان، بەشێوەیەک هۆز لە شوێن و پێگەی دەوڵەت و یاسا دادەندرێت؛ کە کۆسپ و تەگەرە بۆ بنیاتنانی هاوڵاتیبوون دروست دەکات و ئەمەش ڕێگرە لەوەی دەسەڵاتی گشتی و دادوەری ببێتە مەرجەعیەت.

بەهۆی سروشتی پاشکۆیەتی، هەستی هۆزایەتی کۆسپ و بەربەستە لەبەردەم گەشەکردنی هاوڵاتیبوون و بەرپرسیاریەتی تاک لەلایەن هاوڵاتیان و پێگەیشتوییان لە بڕیارە گشتیەکانیان و پیادەکردنی ماف و ئەرکەکانیان بە ئازادی و بەرپرسیاریەتی. کاتێک هۆز گەشەیکرد وەکو پارێزەری هاوڵاتی لە ژێرسایەی پاشکشەی شکۆی یاسا، لەوکاتە ئینتیمای هاوڵاتی بۆ دەوڵەت لاواز دەبێت ئەمەش بۆ بەرژەوەندی هۆز و دەسەڵاتی سەرۆک هۆز دەشکێتەوە، لەسەر حسابی سیستەمی یاسایی و کارگێڕی و سەروەریی، لە ئەنجامدا گەندەڵی لە ژیانی سیاسی و کارگێڕی بڵاودەبێتەوە.

ڕێڕەوی پرسی هۆزگەرایی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا پێویستی بە چارەسەری هێمن و بەشداری هەموان و پشوودرێژی هەیە، بەشێوەیەک بەهێزبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت بەهێزبکات و ببێتە هۆی بەشداری ڕۆڵەی هۆزەکان لە سەر ئەو ئاراستە کۆمەڵگەیی و ڕۆشنبیری و هاوڵاتیبوونە، ئەمەش بە شێوەیەک بێت کەرامەتی گرووپەکان و پەیوەندی و هاوسۆزیان بپارێزێت، هەروەها پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ تەواوی هاوڵاتیان بەشێوەی ئاسۆیی بهێنێتەدی و بەشێوەی ستونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و دامەزراوەکانی لە ژێر دەسەڵاتی یاساو ڕۆشنبیری هاوڵاتیبوون و مافەکانی مرۆڤ بهێنێتە دی.

## 11. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی هۆزگەرایی و دەوڵەتی ماف و یاسا

**بەربەست:** زاڵبوونی هەستی هۆزایەتی لەسەر حسابی سیستەمی یاسایی و کارگێڕی و مەدەنی و سەروەریی.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** سەروەریی یاساو کارکردن بە دەقەکانی و جێبەجێکردنی بە یەکسانی بەسەر هەموان و بەرپەرچدانەوەی بڵاوبوونەوەی هەستی هۆزایەتی.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. دانانی یاسا بەشێوەیەک سنووریک بۆ دەسەڵاتی هۆزایەتی و چەکداری دەرەوەی یاسا دابنێت.
2. گرتنەبەری ڕێوشوێنی داماڵینی هۆزەکان لە چەک و قەدەغەکردنی تەنیا لە حاڵەتی دیاریکراوو بە مۆڵەتی چەک هەڵگرتن بێت.
3. سووربوون لە چوارچێوەی ماددە یاساییەکان لەمبارەیەوەو درێغی نەکردن لە جێبەجێکردنیدا، هەروەها پاڵپشتیکردنی هێزە سیاسیەکان بۆ جێبەجێکردنی، هەروەکو بە تاوانناساندنی دیاردەی تۆڵەسەندنەوەی هۆزایەتی "الدكة العشائرية" بەپێی ماددەی (2) لە یاسای نەهێشتنی تیرۆر 2005 بە دەلالەتی ماددەی (4) لە هەمان یاسا.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:** بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ڕۆشنبیری و یاسایی و مەدەنی ئەندامانی هۆزەکان و سەرۆک هۆزەکانیان بۆ ئاستی نیشتمانی گشتی هاوبەش.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:** جێبەجێکردنی پلانی ڕێزگرتن لە سیستەمی یاسایی و کارگێڕی و مەدەنی لەلایەن دەوڵەت بە شێوەیەک ببێتە هۆی سنووردانان بۆ دەسەڵاتی هۆزەکان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**

1. وەزارەتی ناوخۆ.
2. ئەنجومەنی باڵای دادوەریی.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. کادیرەکانی وەزارەتی دەرەوەو سلکی دادوەریی.
2. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.
3. دامەزراوە ئایینی و پەروەردەییەکان.

**زیانەکانی چارەسەرنەکرد:**

1. زیاتربوونی سەرگەردانی و نەمانی سەقامگیریی و پەرەسەندنی ڕووبەڕووبونەوە ناوخۆییەکان.
2. ڕێزنەگرتنی دەسەڵاتی یاساو زیاتربوونی توندوتیژی.
3. زاڵبوونی دەسەڵاتی هۆزەکان و زیاتربوونی گوتاری ڕقلێبوونەوە.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:** زیاتربوونی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئاسایش و ئابوری و بەهێزبوونی سیستەمی دەوڵەت لە ڕووی یاسایی و سەروەریی.

**پلانی کارکردن:**

1. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی و کۆمەڵگەیی، لەمیانەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئەمەش لەڕێگای ئەنجامدانی ووڕک شۆپ و چالاکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.
2. جێبەجێکردنی یاسا.
3. بەشداری مەرجەعیەتە ئایینیەکان لە سنووردانان بۆ ئەم دیاردەیەو چاندنی گوتاری ڕقەبەرایەتی لە ڕێگای وەعزو وتاری مینبەری مزگەوتەکان و حوسێنیەکان و کەنیسەو مەرقەدو شوێنەکانی دیکە.

# بەشی سێیەم

# ئاشتەوایی و دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوە

## 12. ئاشتەوایی و پاککردنەوەی یادەوەریی

کۆمەڵگەی عێراق کە دەناڵێنێت بەدەست توندوتیژی و ناکۆکی و شەڕە ناوخۆییەکان، پێویستیبە جێبەجێکردنی «دادپەروەری قۆناغی گواستنەوە» هەیە،وەکو بژاردەیەک بۆ مسۆگەرکردنی لێپێچینەوەو ئاشتەوایی بەیەکەوە، بۆ ئەوەش لاپەڕە ناخۆشەکانی ڕابردوو بە شێوەیەکی دروست وەلابندرێت و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوە، هەموو ئەمانەش لە پێناوی بەرپاکردنی ئاشتەواییەکی ڕاستەقینەو بەردەوام.بەڵام ئەم ئەرکە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دیاردەی قەرەبوکردنەوە زیاتر ئاڵۆز بووە، ئەو دیاردیەی بووەتە هۆی بەبیرهێنانەوەی کارەساتەکان و دیاردە نەرێنیەکان لەلایەن چەوساوەکانی ڕابردوو. چەند یاسایەک دەرچوون، بەڵام لە ئامانج و ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆیان لایاندا وەکو: یاسای ناکۆکی موڵکایەتی (منازعات الملكية)، یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس (کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەری)، یاسای دەزگای زیندانیە سیاسیەکان، هەروەها یاسای دەزگای شەهیدان.

«گوتاری هەستکردن بە زوڵم» لەلایەن کەمینە ئایینی و نەژادیەکان سەرتاپای دایەلۆگی کۆمەڵایەتی داپۆشیوە، تەنانەت لەلایەن پێکهاتە گەورەکانیشەوە، کە بەرپرسیاریەتیان لە ستەم وەرگرت چ لە ئەستۆی قۆناغی بەرلە داگیرکردن (شیعە_کورد)، چ لە ئەستۆی قۆناغی دوای داگیرکردن (سونە)، یاخود لەهەردوو قۆناغەکە بەیەکەوە(کەمینە ئایینیە و نەژادیەکان). بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەنگی حیکمەت بەرزبووەوە کە سەرکۆنەی گوتاری هەستکردن بە زوڵم دەکات لەهەر شوێنێن بێت، لەبەر ئەوەی دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ئەو حاڵەتە دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر کۆمەڵگای عێراق، مانەوەی ئەو حاڵەتەو بەردەوام دووبارەبوونەوەی هۆکارە بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە قوربانی ببێتە جەللاد.

ئەو واقعە پێویستی بەوەیە کاربکرێت بۆ ئاشکراکردنی چارەنوسی بێ سەروشوێنانی دوای ساڵی 2003، بەهۆی پێکدادانی میللی بێت یان توندوتیژی تائیفی، بە تایبەتی دوای جەنگی ئازادکردنی پارێزگاکان لە دەستی داعش. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی ئاماژە بە بێ سەروشوێن بوونی هەزاران عێراقی دەکەن کە هیچ بەڵگەیەک نییە لەبارەی ڕاگرتنیان یان مردنیان یاخود ژیانیان. هەروەکو پێویستە لێکۆڵینەوەی دادپەروەری قۆناغی گواستنەوەو ئاشتەوایی تاوانەکانی داعش ئاشکرا بکات و گۆڕە بەکۆمەڵەکان بدۆزێتەوە، هەروەها ڕفێندراوان لە ئافرەتان و منداڵان ئازاد بکات و لێپێچینەوە لە تاوانباران بکات.

سەرباری ئەمە بەداخەوە دادپەروەری قۆناغی گواستنەوە ئاماژەی کردووە بە سەدان کوژراوو بریندار کە لە جولانەوە شۆڕشگێڕیەکەی تشرینی یەکەمی ساڵی 2019 بە تەقەی هێزە ئەمنیەکان یان لەسەر دەستی گرووپە چەکدارەکانی دەرەوەی

یاسا بوونەتە قوربانی، ئاماری فەرمی (560) شەهیدی تۆمارکردووە، لەکاتێکدا ڕێکخراوە مەدەنیەکان ئاماژە بە (700) شەهیدو (25) هەزار برینداڕو کەمئەندام و ڕفێندراو دەکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پێویستە جێبەجێکردنی دادپەروەری لە قۆناغی گواستنەوە هەموو ئەو قوربانیانەش بگرێتەوە، کە تاکو ئێستا بەدی نەهاتووە، سەرەڕای دووبارەبوونەوەی بەڵێنەکانی حکومەت بە ڕادەستکردنی بکوژەکان بە دادگا.

هێنانەدی دادپەروەری قۆناغی گواستنەوەو ئاشتەوایی کۆمەڵگەیی پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ گێڕانەوەی سەقامگیریی و گێڕانەوەی متمانە لە نێوان ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەی عێراق و پێکهاتەکانی. زیاتر لەسەردا 95 ئاوارەکان سوورن لەسەر ئەوەی پێویستە ئاشتەوایی لە عێراق ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بە «بە ئاشتی لەگەڵ ئەوانی دیکە بژین»، جەخت لەسەر گرنگی لێپرسینەوەو ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و سزادانی تاوانباران دەکەنەوە[32]، هەروەها ئەمەش دووپات دەکەنەوە کە نابێت بە تاوان و گوناهی تاوانباران بێتاوان و کۆمەڵەکان بە دیل بگیرێن، بەدیهێنانی ئاشتەوایی یەکجارەکی پەیوەستە بە ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی و نەهێشتنی هەژاریی[33]. کەواتە ئاشتەوایی کاری لەپێشینەو دەروازەیە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی نیشتمان و هاوڵاتیبوون کە بنچینەی فرەییە، لەسەر بناغەی پاککردنەوەی یادەوەریی و تێپەڕاندنی ڕووداوەکانی ڕابردوو، هەروەها ڕۆشنبیری ئاشتی و ئارامی کۆمەڵگەیی و بەشداری هەموان لە ژیانێکی نیشتمانی.

32 بڕوانە: دەسپێشخەری مرۆڤایەتی هارڤارد بەهاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای سیاسەتە گشتیەکان، نەخۆشخانەی بریغهام، ئافرەتان، زانکۆی موسڵ، لن ننسى: آراء حول السلام والعدالة في المجتمعات المتضررةمنالنزاعفيشمالالعراق، 2020، ل52.

33 سەرچاوەی پێشوو، ل52.

## 12. ڕاسپاردەی سیاسی دەربارەی ئاشتەوایی و پاککردنەوەی یادەوەریی

**بەربەست:** بەردەوامی گوتاری هەستکردن بە زوڵم و لەبارچوونی پرۆژەی ئاشتەوایی نیشتمانی.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانکاریی چاوەڕوانکراو:** دووبارە گێڕانەوەی متمانە لەنێوان تەواوی عێراقیەکان، کە ببێتە هۆی بنیاتنانەوەی تەونی کۆمەڵایەتی ئەمەش بۆ هێنانەکایەی ئاشتی و سەقامگیریی میللی و سەقامگیریی سیاسی.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. ئەنجامدانی چارەسەرێکی گشتگیر بۆ کێشەکان دوور لە تەنازولی تاک لایەنەو زاڵبوونی لایەنێك بەسەر لایەنێکی دیکە.
2. پشتبەستن بە هاوکێشەیەکی ئەمنی گشتگیر بە بەشداری هەموان.
3. قبوڵکردنی تەنازولی هەموو لایەنەکان هەرچەندە ئازاربەخشیش بێت.
4. لایەنگیری بۆ جیاوازی ئاشتیخوازانە کە توندوتیژی کۆتایی پێ بهێنێت بەو پێیەی هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی چارەسەرە سیاسیەکان.
5. ئامادەکردنی دۆسیەکانی پەیوەندن بە بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشکراکردنی بێسەروشوێنکراوان.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. فراوانکردنی دایەلۆگی ئاشتەوای لەسەر ئاستی دەستەبژێران بۆ ئەوەی هەموو ئاستە میللی و ڕۆشنبیریەکان بگرێتەوە.
2. بە سوودوەرگرتن لە ئەزمونە هاوشێوەکان لە جیهاندا، دارشتنەوەی پرۆگرامی پەروەردەیی.
3. ڕاهێنانی کادیرانی پەروەردەیی لەسەر ئەو پرۆگرامە.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**

1. وەزارەتەکانی ناوخۆ، داد، کۆچ و کۆچبەران، هەروەها ئەنجومەنی دادوەریی.
2. لیژنەی پێکەوەژیان و ئاشتی کۆمەڵگەیی سەربە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران.
3. لیژنە لاوەکیەکانی پەیوەندیدار بە لیژنەی سەرەکی.
4. وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا.
5. سەرجەم دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی سیاسی و یاسایی و کارگێڕی و مەدەنی و ئایینی ...هتد.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. تەرخانکردنی دارایی پێویست.
2. فەراهەمکردنی سەرچاوەی مرۆیی تایبەتمەند، بۆ ئەوەی ئاشتەوایی لە ژێر دەستی خەڵکێک نەبێت کە پسپۆڕی و شارەزاییان لێی نەبێت.
3. کۆی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و دامەزراوە ئەکادیمیەکان.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**

1. دارمانی ئەمنی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.
2. کەوتنە مەترسی یەکپارچەیی و کیانی دەوڵەت.
3. ستەمکردن لە بەشێکی بەرفراوانی گەلی عێراق.

| |
|---|
| **بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراو و سوودەکانی:**<br>1.سەقامگیریی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.<br>2.پاراستنی دەوڵەتی عێراق لە مەترسیەکانی ناوخۆو دەرەوە.<br>3.پاراستنی فرەیی پێکاتەو تەونی کۆمەڵایەتی.<br>4.گرتنەبەری چارەسەریەک بەبێ چەوساندنەوەی پێکهاتەکان و پاکتاوکردنیان.<br>5.بوژاندنەوەی توانا عێراقیەکان و وەبەرهێنانیان بەشێوەیەکی بنیاتنەر.<br>6.بوژاندنەوەی ئابوری بەهۆی متمانەی نێوان هاوڵاتیان بە جیاوازی ناوچەو ئینتیماکانیان. |
| **پلانی کارکردن:**<br>1.بەرزکردنەوەی پێشنیازو ڕاسپاردەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.<br>2.چاودێری جێبەجێکردن لەلایەنی لیژنە تایبەتمەندەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و لەلایەنی کۆمەڵگا خۆی.<br>3.دانانی نەخشەیەکی کاتی بۆ جێبەجێکردنی. |

# 13. کۆچ و تواناکان لە دەرەوە

لەژێر سایەی ڕژێمی ستەمکاریی بەرلە ساڵی 2003، سەدان هەزار عێراقی وڵاتی خۆیان بەزۆر یان بەناچاری بەجێهێشت . پێکهاتە بچوکەکان دوای ساڵی 2003 بەخێرایی کۆچیان کرد، ئەمەش وەکو خوێن بەربوون هەڕەشە بوو بۆ مانەوەی ئەو پێکهاتانە، بۆ نموونە ژمارەی مەسیحیەکان لە عێراق لە ملیۆنێک و نیو کەمبوویەوە بۆ (350) هەزار کەس. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لە عێراق ڕاپۆرتێکی ئەنجامداوە لە ساڵی 2019 ، تیایدا ئاماژەی کردووە ئەو ئاراستەیە لە کۆچکردن بەردەوام دەبێت بەتایبەتی لە ناو کەمینەکان. لەچوارچێوەی ڕاپۆرتەکەدا لە 39% ی مەسیحیەکان و لە 25% ی ئێزیدیەکان وەڵامیان داوەتەوە کە گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان دوای ئەوەی ناخۆشی زۆریان بینیوە لە ئاوارەیی و ئارەزووی جێهێشتنی وڵاتەکە دەکەن بەیەکجاری[34]. دیارترین ئەو پاڵنەرانەی کە هەتا ئێستا هۆکارە بۆ ئەوەی عێراقیەکان بەردەوام کۆچ بکەن بۆ دەرەوە، بریتیە لە نەبوونی متمانە بە دەوڵەت و دۆخی خەراپی ئابوری و نەبوونی ئەمن و ئاسایش.

پەنابەران دەستەبژێرێکی هزری و زانستی و تواناو سەرچاوەی مرۆیی پێکدەهێنن کە لە نیشتمانیان بێبەش کراون تاکو ئێستا. بێگومان نەبوونی ژێرخانی ئابوری و سەقامگیری و ئاسایش و پەروەردەو دابینەکردنی لایەنی ماددی، هەموو ئەمانە ئەو عێراقیانەی لە هەندەران نیشتەجێن هانناداات بگەڕێنەوەو وەبەرهێنان لە وڵاتەکە بکەن و بەشداربن لە ئاوەدانکردنەوەی.

لاوازی پەیوەندی و بەدواداچوونی ئەندامانی نێردەی دبلۆماسی و کۆچبەران و ڕێکارەکانی ئاسایش و ڕۆتینەکان هۆکارن بۆ ئەوەی هەندێکیان ویستی گەڕانەوەیان بۆ وڵات لاوازبێت، سەرباری ئەو وێنەیەی هەندێک نێردەی دبلۆماسی عێراق پێشانی دەدەن ئەمەش هۆکارێکی دیکەی هاندەرە بۆ نەگەڕانەوەی کۆچبەران. هەندێک لەو نێردە دبلۆماسیانە کەمترین ئەرکی دبلۆماسی و خزمەتگوزاری پێشکەش بە عێراقیەکانی دەرەوە ناکەن.

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین لە نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون بۆ هاوڵاتیانی تاراوگە (هەندەران) بۆ دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان کۆچبەران و وڵاتی دایک،هەروەها سوودوەرگرتن لە توانای ئەو عێراقیانەی لە وڵاتانی جیهاندان،کە دەتوانن ببنە ڕاگر بۆ ئابوری عێراق، لەجیاتی ئەوەی سوود لە ملیۆنان عێراقی دەرەوەی وڵات وەربگیرێت بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە، کەچی بەتەواوی پشتگوێ خراون و گوێیان لێ ناگیرێت بۆ گەڕانەوەیان یان هەوڵدان بۆ وەبەرهێنان لە وڵاتی دایک.

34 بڕوانە: ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لە عێراق، فۀ مالجماعاتالإثنیةوالدینیة فیالعراق: النزوحوالعودة، 2019،ل6.

## 13. ڕاسپاردەی سیاسی دەربارەی کۆچ و تواناکان لە دەرەوە

**بەربەست:** ڕەوشی کۆچکردن بۆ دەرەوە بەرەو خەراپی ڕۆیشت، بەتایبەتی لەناو خاوەن تواناکان و ڕۆڵەی کەمینەکان.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:**

1. ڕاوەستانی خوێنبەربوونێکی بەردەوامی چەند ساڵەی خاوەن وزەو توانا عێراقیەکان کە کۆچیان بۆ دەرەوە کرد، بۆ ئەوەی سوود لەو سەرچاوە مرۆییە گەورە وەربگیرێت.
2. ئامادەکردنی سیاسەتێک بۆ ئەوانەی لە تاراوگەن کە ببێتە هۆی دووبارە بەیەک گەیاندنەوەی دانیشتوانی عێراق و ئەوانەی لە هەندەرانن، هەروەها هاندانی هەردوولا بۆ وەبەرهێنانلە عێراق.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. سوودوەرگرتن لە شارەزایی ڕۆڵەی شارەکان و پاراستنیان لە مەیدانی کار.
2. کاراکردنی ڕۆڵی نێردە دبلۆماسیەکان لە باشکردنی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پەنابەران و ئەو ڕۆڵانەی وڵاتەکە کە لەدەرەوە دەژین.
3. ئاسانکاریی گەڕانەوەی خاوەن توانا زانستیەکان بۆ عێراق.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. بڵاوکردنەوەی پرەنسیپی یەکسانی و هاوبەشی و دانان بەیەکتری لە نێوان ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەی عێراق لە میانەی دایەلۆگ و پەیوەندی لە نێوان شوێنکەوتەی ئایینەکان و ڕۆشنبیریە جیاوازەکان.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. مسۆگەرکردنی ئاسایش و ئاشتی میللی لە سەرانسەری عێراق.
2. پاراستنی کەمینەکانی عێراق و بوونیان وەک سومبوڵو بەتاوانناساندنی گوتاری ڕقەبەرایەتی لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت.
3. ئاسانکاریی گەڕانەوەی خاوەن توانا زانستیەکانی عێراق و پەیوەندی پێوەکردنیان بۆ سوودوەرگرتن لە شارەزاییان.
4. هاندانی وەبەرهێنان و دروستکردنی هەرلی کار.
5. بەشدارپێکردنی ڕۆڵەکانی ناوچە ئازادکراوەکان لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە کە هەلی کاریان بۆ دابین بکات و وایان لێبکات سووربن لەسەر مانەوە لە عێراق و پارێزگاریکردن لە شارەکانیان.
6. زۆرکردنی ئەو بەرنامەو چالاکیانەی هاندەرن بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:** سێ سەرۆکایەتیەکە، سەرجەمی دامەزراوە ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئابوری پەیوەندیدارەکانی حکومەت، هەروەها سیاسیەتی دەرەوەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئەوقافەکان.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. لیژنەکان لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.
2. لایەنەکان و گرووپە ناوخۆییەکان.
3. وەزارەتی دەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ نێردە دبلوماسیەکان.

| |
|---|
| **زیانەکانی چارەسەرنەکردن:** |
| 1.زیانی بەردەوامی لەدەستدانی سەرمایەی مرۆیی و دواتر دەرئەنجامە دیموگرافی و ڕۆشنبیری و ئابوری و داراییەکانی. |
| 2.زیادبوونی توندوتیژی، تیرۆر و لایەنگرانی "بەزۆری لەناو پەراوێزخراوەکانە بەهۆی خەراپی دۆخی ژیانیان لە ئەنجامی ئاوارەبوونی بەردەوام. |
| **بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:** |
| 1.بووژانەوەی شارستانی و ئابوری و گەشەکردنی سەرمایەی مرۆیی. |
| 2.پاراستنی گیانی عێراقیەکان و ماڵ و موڵکیان. |
| 3.پاراستنی فرەیی ڕۆشنبیری عێراق، چونکە ناسنامەی عێراق فرەجۆربووە بە درێژایی مێژوو. |
| **پلانی کارکردن:** |
| 1.گەیاندنی دۆسیەی ڕاپۆرتەکە بۆ لایەنە پەیوەندیدارە پێشنیازکراوەکان. |
| 2.پەیوەندیگرتن لەگەڵ پەنابەرانی تاراوگە لە میانەی بەرنامە ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و ئابوریەکان. |
| 3.چاودێریکردنی کاری لیژنەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارە ئازادکراوەکان. |
| 4.بەرنامەو چالاکی حکومی و پرۆگرامی زانستی و ئەکادیمی کە هاندەرە بۆ ڕۆشنبیری لێبوردەیی و دانانی بە یەکتری. |
| 5.گێڕانەوەی ئیعتیبارو شکۆی سومبوڵە مێژووییە عێراقیەکان کە ئینتیمایان بۆ ڕۆشنبیریە جیاوازە لاوەکیەکان هەیە، هەروەها ناونانی شوێنە گشتیەکان بەناوی ئەو سومبوڵانە لە چوارچێوەی داهێنان و پێوەرە نیشتمانیەکان. |

# 14. کۆتایی هێنان بە ناخۆشی ئاوارەکان و مسۆگەرکردنی گەڕانەوەیان

ژمارەیەکی زۆری عێراقیەکان لەناو عێراق ئاوارەبوون، هەندێک لە خەڵکەکە دوای داگیرکاریی داعش کۆچیان کرد بۆ دەرەوە، زیاتر لە 6 ملیۆن عێراقی لە زێدی خۆیان ئاوارەبوون، دوای ئازادکردنی ناوچەکانیان، بەشێکی گەورە لەو ئاوارانە گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. کۆمسیۆنی کۆچبەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارەی ئاوارەکانی لە عێراق لە کۆتایی ساڵی 2019 بە 1.4 ملیۆن کەس خەمڵاندووە، پێشبینی کەمبوونەوەی ئەو ژمارەیەی کردبوو لە کۆتایی ساڵی 2020 بۆ 1.1 کەس[35]. تا ئێستاش ئەو پرسە تەحەدایەکی گەورەیە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بۆیە عێراق پێویستی بە پلانێکی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئاوارەبوون ببێتەوە و ئەنجامەکانی چارەسەربکات، گەڕانەوەی سەرجەم هاوڵاتیەکان بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە بۆ ناوچە ئارامەکانیان مسۆگەربکات، لەگەڵ فەراهەمکردنی ئەمن و ئاسایش و ژێرخانی ئابوری و دووبارە ئاوەدانکردنەوەو هێنانەدی دادپەروەریی و ئاشتەوایی. لەسەر داوای حکومەتی عێراق، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق پرۆژەی «گێڕانەوەی سەقامگیریی» لە حوزەیرانی 2015 دەستپێکرد، ئەمەش بۆ ڕێگرتن لە نوێبوونەوەی توندوتیژی و توندڕەوی و ئاسانگاریی گەڕانەوەی ئاوارەکان، هەروەها دانانی بناغەی ئاوەدانکردنەوەو سارێژبوونی ناخۆشیەکانیان.

تاکو ئێستا زۆربەی ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانیان، لەبەرئەوەی شوێنەکانیان شیاوو ئامادە نین بۆ گەڕانەوە، چونکە پێشتر لەو شوێنانە زیانێکی بە کولەمەرگی و ناخۆشیان هەبووە، دۆخی ئابوریان خەراپ بووە سەرباری لاوازی حکومەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئاسایش و یاسایی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان ودارِمانی خزمەتگوزاریەکان. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچبەران

ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی ئەنجامداوە لەبارەی ئەو گرووپ و کۆمەڵانەی بەهۆی داعشەوە ئاوارەبوونە، ڕاپۆرتەکە گرنگی داوە بە پێکهاتەی تورکمانی شیعەو شەبەکی شیعەو ئێزیدیەکان و مەسیحیەکان، بەگوێرەی ڕاپرسی ڕاپۆرتەکە ئاسایش لەسەروی هەموو مەرجەکان دێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان کە لە (91%)، دوای ئەوە دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان کەلە (37%)[36] بە پلەی دووەم دێت، دوای ئەوە هەستکردن بە پێشوازی لەلایەن پێکهاتەکانی دیکە مەرجێکی دیکەی گەڕانەوەی ئاوارەکانە. ڕاپۆرتێکی دیکە ئەو مەرج و کارە لەپێشینانە دووپات دەکاتەوە، باسی چاککردنی دۆخی ئەمنی کردووە وەکو پێویستیەکی گرنگ، دواتر دابینکردنی هەلی کار، پاشان دابینکردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان[37].

بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی ئاوارەکان و مسۆگەرکردنی گەڕانەوەیان بۆ زێدی

35 بروانە: کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری کۆچبەران،ملخص التخطيط 2020، دەرچوە لە 2019/11/28.

36 ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لە عێراق، فهم الجماعات الإثنية والدينية في العراق: النزوح والعودة، 2019، ل6.

37 بروانە: دەسپێشخەری هارڤاردی مرۆڤایەتی بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای سیاسەتە گشتیەکان و نەخۆشخانەی بریغهام و ئافرەتان، زانکۆی موسڵ، لن ننسى: آراء حول السلام والعدالة في المجتمعات المتضرّرة من النزاع في شمال العراق، 2020، ل23.

خۆیان، کارەکە تەنیا بەوە کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستە ئەو برینە سارێژ بکرێت کە بووەتە هۆی ئاوارەبوونیان وەکو: وەکو ئاشکراکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دابینکردنی بەخاکسپاردنێکی شایستە بۆ قوربانیەکان، کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی ڕفێندراوان بە تایبەتی ئافرەتانی ئێزیدی و کچان و منداڵەکانیان، هەروەها پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست بۆ ڕزگاربووەکان.ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەبارەی «چەرمەسەری منداڵەکانی ئێزیدیان وەک قوربانی دەستی دەوڵەتی ئیسلامی- داعش» ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی «میراتی تیرۆر»[38]، ڕاپۆرتەکە ژمارەی منداڵەکان بە دوو هەزار منداڵ دەخەمڵێنێت. ئەو منداڵانە بەهۆی چەندین کێشەی تەندروستی و دەروونی پێویستیان بە سەرپەرشتیەکی تایبەت هەیە، جگەلە بەربەستی زمانەوانی کە هۆکارە بۆ ئەوی پرۆسەی گونجان و تێکەڵبوونەوە لەگەڵ خێزانەکانیان و کۆمەڵگە ئاسان نەبێت، هەروەها گەڕانەوەیان بۆسەر کورسیەکانی خوێندن. سەرباری ئەوە کێشەی بەدەستهێنانی بەڵگەنامەو ناسنامەی مەدەنیان هەیە.

پرۆژە یاسای «ئافرەتانی ئێزیدی ڕزگاربوو»پێشکەش بکرێ، کەوا تاوانەکانی دژی ئێزیدیەکان وەکو تاوانی «کۆمەڵکوژی» هەژماربکرێ، تیایدا چەندین ڕێکاری گرنگی قەرەبووکردنەوەی ئافرەتانی ئێزیدی تیایە، کە لەلایەن چەکدارانی داعش بەکەنیزەک کراوون دەستدرێژیان کراوەتەسەر، قەرەبووەکە دووبارە هێنانەوە سەرپێ و چارەسەری پزیشکی و دەرفەتی ئابوری بگرێتەوە. هەروەها هەوڵی ئەوە بدرێت چوارچێوەی یاساکە فراوان بکرێت بۆ ئەوەی هەموو زیانمەند و قوربانیەکانی تاوانەکانی داعش بگرێتەوە لە هەموو پێکهاتەکان.

پێویستە هۆشداری لە بەردەوامبوونی ئەو دۆخە گشتیە نەخوازراوەی ناو ئاوارە گەڕاوەکان بدرێت، بەتایبەتی دارمانی دۆخی ژیانیان لەهەندێک حاڵەتدا. 25% ی ئاوارەکان کە پرسیاریان لێکراوە دەسهاتی تاکەکەسیان لە کەمی داوە دوای ئەوەی لە چادرگەکانی ئاوارەیی گەڕاونەتەوە بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان[39]. ئەو واقعحاڵە بارگرانیەکی دیکەیە بۆ سەر هەردوو حکومەتی ناوەندی و خۆجێیی. خەڵکی شارە ڕزگارکراوەکان نارەزاییان دەربڕی و خۆپیشانیان ئەنجامدا، نارەزایەتیەکان لە بەغداو فوراتی ناوەڕاست و باشور دەستی پێکردەوە، داواکاری هەموان وەک یەک و تێکهەڵکێش بوو. لەوانەیە نارەزایەتیە پێشبینیکراوەن مەبەستیان تۆمارکردنی ئامانجەکانیان بێت، ئاشکراکردنی گەندەڵی بەربڵاو لە فەرمانگەکانی ناوخۆ، ڕسواکردنی پەیکەری بەربەستی ئێستا کە پارێزەری بەرژەوەندی حیزبەکان و هێزە چەکدارەکانە، هەروەها بەفیڕۆدانی ماڵ و سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندیە حزبیەکانیان.

38 بڕوانە: بڕوانە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، إرث الإرهاب: محنة الأطفال الإيزيديّين ضحايا تنظيم «الدولة الإسلامية»، 2020.

39 بڕوانە: ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لە عێراق، فهم الجماعات الإثنية والدينية في العراق: النزوح والعودة، 2019، ل6.

## 14. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی کێشەی ئاوارەکان و مسۆگەرکردنی گەڕانەوەیان

**بەربەست:** بەردەوامبوونی کێشەی ئاوارەکان و کۆسپی بەردەم گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانیان بەهۆی کێشە ئەمنی و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بووەتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینێت.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق بەتایبەتی پارێزگاکانی ئەنبارو سەلاحەددین و موسڵ و بەغدادو دیالەو بابل و کەرکوک.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** گەڕانەوەی خێزانە ئاوارەکان و دووبارە پابەندبوونیان بە کۆمەڵگە ناوخۆییەکانیان کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێیان، هەروەها دوورخستنەی ڕوودانی گۆڕانی دیموگرافی لە شارە عێراقیەکان کە ببێتە هۆی تێکدانی تەونی فرەیی کۆمەڵگای عێراق، لەگەڵ ئەنجامدانی ووڕک شۆپێک بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەو ڕاهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی بەردەوام لە ناوچەکانیان.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. ڕێککەوتنی سیاسی لەسەر گێڕانەوەی ئەو خێزانانە بۆ ناوچەکانیان و داخستنی بنکەکانی ئاوارەو کۆچبەران.
2. کۆتایی هێنان بە دۆسیەی ئەو ناوچانەی گۆڕابوون بۆ ناوچەی سەربازی، بەشێوەیەک شیاوبێت بۆ گەڕانەوەی خەڵکەکەی.
3. ڕێککەوتنی سیاسی بۆ ئەنجامدانی ووڕک شۆپ بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و ڕاهێنانەوەی کۆمەڵایەتی لەو ناوچانە.
4. کاراکردنی ئەرکەکانی دەسەڵاتە خۆجێیەکان و دابینکردنی داهات لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندو بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. دامەزراندنی بنکەکانی ڕاهێنان بۆ منداڵان و گەنجانبۆ بەردەوامبوون و پابەندبوونیان لە کۆمەڵگە، هەروەها کەمبوونەوەی کێشەو ئاڵۆزیان.
2. پەیوەندیکردن بەوانەی لە قوتابخانە دابڕاون.
3. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان، لەمیانەی پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاشتی میللی کە سەرجەم چین و توێژی کۆمەڵگاو جێندری لەخۆبگرێت و تیشک بخاتە سەر هاوڵاتیبوون و ئاشتەوایی.
4. بەشدارپێکردنی گەڕاوەکان لە پرۆسەی دووبارە ئاوەدانکردنەوەو ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی بەردەوام.
5. دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ خەڵکی ناوچە کارەساتبارەکان.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. دابینکردنی گرێنتی یاسایی و ئەمنی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان.
2. دابینکردنی دەرامەت بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەو گێڕانەوەی ئاسایش و دووبارە ڕاهێنان لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی.
3. بەدیهێنانی بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی ناوچەکان، هەروەها دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئاوارەکان و خەڵکی ناوچەکانیان لە ڕێگەی لیژنەی ئەو ناوچانە.

| |
|---|
| **لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**<br>1.حکومەتی ناوەندی.<br>2.دەسەڵاتی ناوخۆیی.<br>3.دادگای عێراق.<br>4.کەرتی تایبەت.<br>5.مەرجەعیەتە ناوخۆیی و عەشایەری وئایینیەکان.<br>6.دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی.<br>7.دەستە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و بەرنامەکانیان. |
| **دەرامەتی بەردەست:**<br>1.سەرکردایەتیە ناوخۆیی و نیشتمانیەکان کە ئارەزوویانە ئەو دۆسیەیە بە ئەنجام بگەیەنن.<br>2.دامەزراوە ناوخۆو نێودەوڵەتیەکان و پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پرسی ئاوارەکان.<br>3.پاڵپشتی و هاوکاری حکومەتی ناوەند.<br>4.هاوکاریەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. |
| **زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**<br>1.بەتاڵبوونی دیموگرافی چەند ناوچەیەکی عێراق، لەگەڵ وێرانکردنی فرەیی تەونی کۆمەڵایەتی.<br>2.گەشەپێدانی ئەو ناوچانەی دەتوانن نمونەیەکی بەرهەمهێنەر پێشکەش بکەن لە کۆمەڵگای عێراق<br>3.چاندنی "ڕقوقین لە کۆمەڵگا" لە دەروونی نەوەی نوێ کە لە مافەکانیان بێبەشکراون.<br>4.سەرکەوتنی داعش لە جیاکردنەوەی دیموگرافی. |
| **بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراو و سوودەکانی:**<br>1.کۆتایی هێنان بە حەرامکراوو قەدەغەکراوەکانی سەردەمی داگیرکاریی داعش.<br>2.هێنانەکایەی ئاشتەوایی لەنێوان عێراقیەکان .<br>3.دووبارە پێکهێنانەوەی تەونی کۆمەڵایەتی فرەیی.<br>4.چەسپاندنی خەڵکەکە لەسەر زەوی و خاکی خۆیان.<br>5.دروستکردنی کۆمەڵگایەک خەڵکەکەی هەست بە دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەکەن ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی توندوتیژی و توندڕەوی، هەروەها مسۆگەرکردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی. |
| **پلانی کارکردن:**<br>1.پێکهێنانی لیژنەیەکی نیشتمانی بۆ بەدواداچوونی ڕاسپاردەکان.<br>2.دانانی پلانێکی ئاراستەکردن بۆ گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناوچەکانیان، ئەمەش بە ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارو دابینکردنی دەرامەت بۆ ئەم مەبەستە.<br>3.دەسەڵاتە خۆجێییەکان هەڵسن بە جێبەجێکردنی پلانی گەڕانەوەو دووبارە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان. |

## 15. گەڕانەوەی ئەو ئاوارانەی ئەگەری پەیوەڵدیان هەیە بە داعش

ئەو ئاوارانەی ناوبانگیان لەکەداربووە بە پەیوەندیان بە داعش (ئەوانەی ناسراون بە خێزانەکانی داعش)، ئەوانە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانین، ئەمانەش پێویستیان بە چارەسەرێکی خێراو دادپەروەرانە هەیە. ئەو خێزانە ڕووبەڕووی دوورخستنەوەو دوورەپەرێزی و لەکەدارکردن بوونەتەوە، تاکو ڕادەی دەستدرێژیکردنە سەریان. ئەوان لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین، منداڵەکانیان گرفتاری بێبەشبوون لە فێربوونن و لە ژیانێکی شایستەدا ناژین و بەڵگەنامە فەرمیەکانیان لەدەست داوە. هەندێک گرووپی ناوخۆیی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی عەشایەری بەسەر ئەو خێزانانە جێبەجێدەکەن کە جێگرەوەی دادگاو وەکو دەسەڵاتی دادوەرین، بڕیارو حوکمیان لە دژ دەردەچێت و بەکۆمەڵ سزا دەدرێن بە ژن و منداڵەوە بەهۆی ئەوەی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیان ئینتیمای بۆ داعش هەبووە.

ئەو هەڵسوکەوت و بارودۆخە هەڕەشەیە بۆ وێرانکردنی دەسەڵاتی یاساو چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیریی، ڕێگردەبێت بۆ ڕێڕەوی دادپەروەری قۆناغی گواستنەوە، ژینگەیەکی لەبار دروست دەکات بۆ توندڕەوی، لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێک دروست دەکات کە هیچ بەڵگەنامەیەکی سەلماندنیان نییەو هەستی ئەوەیان لادروست دەبێت کە لە دەرەوەی یاساو کۆمەڵگان. خەڵکی ئەو ناوچانەی کە کەسوکاری داعش تیایدا ئاوارەبوونە؛ ترسی ئەوەیان لێدەنیشێت کە بە گەڕانەوەی ئەو خێزانانە دووبارە جارێکی دیکە داعش سەرهەڵبداتەوەو ئەوانیش هاوکاریان بن، بەتایبەتی ناوچە دوورەدەستەکان و گوندەکان. هەندێکی دیکە ترسی ئەگەری کردەوەی تۆڵکردنەوەیان هەیە کەلەلایەن کەسوکاری قوربانیەکانی دەستی داعش دژی ئەو گەڕاوانە ئەنجام بدرێت. بۆیە گەڕانەوە سەرکەوتوو نییە بەهۆی بەردەوامی لەکەداربوونی ناوبانگیان و پەڕاویزخستنی کۆمەڵایەتیان، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە ئەو خێزانانە ئاوارە ببن و بارودۆخیان زیاتر پەڕاوێزخراوتر و کارەساتبارتر بێت.

ئەو بابەتە پێویستی بە چارەسەریەکی تایبەت و درێژخایەن هەیە کە پشت ببەستێت بە مافەکان و دەسەڵاتی یاسا لە یەک کاتدا، لەلایەکی دیکەوە پێویستە پشت ببەسترێت بە هاوکاری گرووپ و کۆمەڵە خۆجێییەکان و دەستتێوەردانی سەرکردە کلاسیکیەکانی عەشایەری و ئاینی، ئەمەش بۆ ئاشتەوایی و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ و دووبارە گونجاندنەوەی ئەو خێزانانە لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکانیان، بەهاوکاری لیژنەکانی ئاشتەوایی ناوخۆیی. ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لەمبارەیەوە وێنەی نەخشەڕێگایەکی کێشاوە بۆ ڕێڕەوی گەڕانەوە کە لە حەوت خاڵ پێکدێت کە بریتیە لە: ڕاگەیاندنی دەزگا ئەمنیەکان کە ئەوانەی دەگەڕێنەوە ناوچەکانیان

دەستیان لە تیرۆرو توندوتیژی نەبووە، ئەمانە بە ئاشكرا پاكبوینەوەو پەیوەندیان بە داعش نەماوە، قەرەبووكردنەوەی كەسوكاری قوربانیەكانی دەستی داعش لەناوچەكانیان، نێوانگیری لەلایەن مەرجەعیەتە ناوخۆییەكان بۆ نێوانگیری لە نێوان گەڕاوەكان و نیشتەجێبووەكان، هەروەها گەڕانەوەو دووبارە ڕاهێنانەوەو كاركردن لەگەڵ لیژنەكانی ئاشتەوایی، سازدان و ڕاهێنانەوەی گەڕاوەكان بۆ ئازادبوون لە ئایدۆلۆژیای توندڕەوی، هەروەها لەخۆگرتنی ڕۆشنبیریەكی ئایینی كە ئازادبێت لە هزری بەكافركردن و تیرۆر، جگەلەمانە دەستنیشانكردنی بەردەوامی كێشەكان و چارەسەری ئەو ناكۆكیانەی هەڕەشەن بۆ پارێزگاریی لە ئاشتی كۆمەڵایەتی[40].

40 بڕوانە: ڕێكخراوی كۆچی نێودەوڵەتی لە عێراق، إدارة العودة إلى الأنبار: مواقف الجماعة المحلية من عودة النازحين الذين ينظر إليهم على أنهم مرتبطون بداعش، 2020، ل19.

## 15. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی گەڕانەوەی ئەو ئاوارانەی کەوا سەیریان دەکرێ کە تێوەگلاون لە تاوانەکانی داعش

**گرفتەکان:** بەردەوامیی فەرامۆشکردنی ئەم خێزان و منداڵانە و پەراوێزخستنیان بەهۆی نەبونی سیاسەتێکی گشتی بۆ گەراندنەوە و تێکەڵاوکردنەوەیان بەتەونی کۆمەڵایەتی.

**چوارچێوەی بەربەست:** ناوچە ئازادکراوەکان لە جنگی داعش.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** گێڕانەوەی ئەوەی ناسراوە بە ”خێزانەکانی داعش“و منداڵەکانیان بۆ تەونی کۆمەڵایەتی عێراق، دوای دووبارە ڕاهێنانەوەیان و پاکردنەوەی یادەوەریان بەشێوەیەک ناسنامەی هاوڵاتیبوون بەهێز بکات و لەسەر ڕێرەوی ئاشتەوایی و یاسایی و دادوەریی دادپەروەرانە.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. ڕێکەوتنی سیاسی لەسەر کۆتایی هێنانی دۆخی دوورەپەرێزی و پەراوێزخستنی خێزانەکانی  داعش و منداڵەکانیان.
2. ڕێرەوێکی یاسایی هەبێت کە بکەری تاوانەکان دادگایی بکات و لەگەڵ بێتاوانەکان دادپەروەربێت، ئەمەش بەهۆی نمایشکردنی دۆسیەکانیان لە دادگا و ڕوونکردنەوەی هەڵویستیان، تاکو بێتاوان ماف و شکۆی بۆ بگەڕێتەوەو بکەری تاوانەکانیش دادپەروەرانە دادگایی بکرێت.
3. دانانی چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری دۆخی یاسایی ئەندامانی ئەو خێزانانە.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. پێکهێنانی لژنەیەکی تایبەتمەند بۆ تاوتوێکردنی دۆسیەکانی داعش، لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی و یاسایی.
2. لیژنەیەکی ئاینی ڕاسپێردرێت بۆ بەدواداچوونی ڕاستکردنەوەی ڕێرەوی ئینتیمای ئاینی نادروست و سێبەر.
3. پێکهێنانی لیژنەیەک لە سیاسی و پیاوانی ئاین و پێشەواکان لە ناوچەکان ، بۆ هێنانەدی دووبارە ڕاهێنانەوەی ئەو خێزانانە لە کۆمەڵگا دوای یەکلابوونەوەی دۆسیەکانیان لەبەردەم دادگا.
4. دانانی بەرنامەیەک بۆ دووبارە ڕاهێنانەوەی ئەو خێزانانەو منداڵەکانیان و لە کۆمەڵگا.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. ئامادەکردنی دۆسیەکانی تایبەت بە خێزانەکانی داعش کە هەموو زانیاریەک لەخۆبگرێت.
2. بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەیەکی ڕوون و دادپەروەرانە.
3. گرتنەبەری ڕێرەوێکی بنیاتنانەوەو گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا.
4. فەراهەمکردنی ناسنامەو بەڵگەنامەکانی سەلماندن بۆ منداڵانی ئەو خێزانانە.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**

1. حکومەتی ناوەندی.
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان.
3. دەسەڵاتە خۆجێیەکان.
4. مەرجەعیەتە ئاینیەکان.
5. دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی.
6. دەستەکانی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان.

| |
|---|
| **دەرامەتی بەردەست:**<br>1.توانای مەرجەعیەتە ئایینی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی.<br>2.توانای دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی.<br>3.توانای دەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. |
| **زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**<br>1.دەرکەوتنی توێژێکی پەراوێزخراوو بەئاسان بەکارهێندراو.<br>2.لەکارکەوتنی رێڕەوی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی گشتگیرو دادپەروەریی قۆناغی گواستنەوە. |
| **بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:**<br>1. ڕێگاگرتن لەبەردەم جیاکاریی بەرامبەر گرووپە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان.<br>2.وشککردنی سەرچاوەی تیرۆرو توندڕەوی و گەڕاندنەوەی بڕیار بۆ کۆمەڵگەی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانی.<br>3.مسۆگەرکردنی دەربڕێنێکی نموونەیی لەبارەی دادپەروەریەکی قۆناغی گواستنەوەی دروست. |
| **پلانی کارکردن:**<br>داڕشتنی سیاسەتێکی گشتی تۆکمەی پەروەردەیی یاسایی ئایینی، بۆ دووبارە ڕاهێنانەوەی خێزانەکانی داعش لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، هەروەها هاندانیان بەرەو سەرلەنوێ پابەندبوونیان لە کۆمەڵگا و پیادەکردنی هاوڵاتیبوونیان بەشێوەیەکی دروست. |

# بەشی چوارەم

# گەشەپێدانی گشتگیرو بەردەوام

## 16. تەحەدا پەروەردەییەکان و نوێکردنەوەی پرۆگرامەکان

کەرتی فێرکاریی بە ستون و ڕاگری کۆمەڵگاکان دەژمێردرێت، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی لەژێر سایەی تەنگژەی گەشەپێدان و سیاسی و ئەمنی دەناڵێنن، وەکو کۆمەڵگای عێراق. عێراق لەماوەی بەرلە جەنگی دووەمی کەنداو ساڵی 1990، سیستەمێکی فێرکاریی هەبوو کە بە باشترین سیستەم هەژماردەکرا لە ناوچەکە، بەشێوەیەک ڕێژەی نەخوێندەواریی لەماوەی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو نزیک بوو لە سفر، کەچی ئەمڕۆش کەرتی پەروەردەو فێرکردن ڕووبەڕووی دارمانێکی بەتەواوەتی بووەتەوە. نەخوێندەواریی سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە، نزیک بووەتەوە لە ڕێژەی 20%. ملیۆنان منداڵ ناچاربوون واز لە قوتابخانە بێنن، ئەمەش بەهۆی ناکۆکی و جەنگەکان. کەرتی فێرکردن لەژێر سایەی سەرگەردانی و کەمی بودجەی تەرخانکراو دەناڵێنی، قوتابخانە تایبەتەکان لەهەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی زیادی کردووە، بەهۆکاری ژێرخان و ڕێکخستنەوە ئاستی قوتابخانە حکومیەکان دابەزیوە. هەندێک لە بینایەی قوتابخانە حکومیەکان شیاو نین، هەندێکیشیان هۆکاری سەلامەتی قوتابی تێدا نییە، ئەمە سەرباری ئەو قوتابخانە سەرەتاییەکانی کەلە خانوی قوڕدان لە گوندەکان. زۆربەی قوتابخانەکان سێ دەوامی تێدا دەکرێ، ژمارەی قوتابیان لەیەک پۆلدا دەگاتە زیاتر لە پەنجا قوتابی. لەبەرامبەریشدا زۆربەی قوتابخانە تایبەتەکان شیاو نین لەڕووی بینایەوە، هەندێک لە خانووی ئاسایین و لەتەنیشت شوێنی بازرگانی یان بە ماڵانەوە نوساوە.

حکومەتی عێراق لەسەرەتای ساڵی 2013 ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ پەروەردەو فێرکردن دەستپێکرد (2012 - 2022)، ئەم کەرتە هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینی جگەلە چەند هەنگاوێکی شەرمنانە کە نەدەگونجا لەگەڵ هەوڵدان و ئەو داراییەی دامەزراوەکان بەخشیان کەلە ئامادەکردنی ستراتیژیەکە بەشداربوون وەکو یونسکۆ، یونسیێف، بانکی نێودەوڵەتی، هەروەها وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان.

بێگومان لەژێر ڕۆشنایی پێویستیەکانی ئەمڕۆ، پرۆگرامی خوێندن پێویستی بە دووبارە بنیاتنانەوەیە، بەتایبەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو شوێنەوارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینیەی کە داعش لەدوای خۆی لە ناخی منداڵان جێیهێشت، دواتر دووبارە وێنەکردنەوەی کۆمەڵگەی عێراقی نوێ کە بنچینەی فرەیی بێت.تاکو ئێستا سیاسەتی پەروەردەو فێرکاریی لەبەر بێسەروبەری و سەرگەردانی دەناڵێنێ، خواستی زانستی بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی فێرکردن لە عێراق لاوازە. بەڵام هەردەبێ چاوێک بە پرسی فێرکاریی لە کۆی کۆمەڵگا بخشێندرێتەوە.

## 16. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی تەحەدای پەروەردەیی و نوێکردنەوەی پڕۆگرامەکان

**بەربەست:** خەراپی ئاستی نەخوێندەواریی و هەڵوەشانەوەو لێکترازانی ژێرخانی فێرکاریی بە ڕەگەزەکانی پەروەردەیی و پڕۆگرام و بەهاکان و لایەنی ماددی و نەبوونی ڕووانینێک بۆ داهاتوو.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:**

1. لەناوبردنی نەخوێندەواریی.
2. دووبارە بنیاتنانەوەی ڕەگەزەکانی دەزگا پەروەردەییەکان .
3. ئامادەکردنی ژێرخانی ئابوری بۆ هەموو قوتابخانەکان و دامەزراوە فێرکاریەکان.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. دووڕخستنەوەی وەزارەتی پەروەردە لە سیستەمی پشکپشێنەی تائیفی و دانانی وەزیرو دەزگای وەزارەت لەسەر بنچینەی پسپۆڕی و تواناکان.
2. دووبارە کارکردنەوە بە خوێندنی زۆرەملێ و فێرکردن بەخۆڕایی.
3. گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ فێرکاریی حکومی.
4. دووبارە ڕاهێنانەوەی کادیری فێرکاریی.
5. تیشکخستنە سەر فێرکردنی پیشەیی بۆ پێگەیاندنی کادیری هونەری.
6. کاراکردنی ئەو یاسایانەی کارکردنی منداڵان قەدەغە دەکات.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. فراوانکردنی چوارچێوەی ئەرکەکانی قوتابخانە تا فەزای کۆمەڵایەتی، هەروەها بەستانەوەی خێزان بە قوتابخانە و هۆشیارکردنەوەی بەخێوکاران بەو پەیوەندیە لە پڕۆسەی پەروەردەیی.
2. دەسپێکردنی دەسپێشخەری کۆمەڵایەتی بۆ فێرکردنی نەخوێندەواران.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. دانانی پلانێک بۆ هەڵسانەوەیەکی تۆکمە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاری شارەزایان و ئەو کەرتانەی پشتیوانی دەکەن.
2. مسۆگەرکردنی دەرامەتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەوبەدواداچوونی.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**

1. سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ زانین و پشتیوانی.
2. وەزارەتی پەروەردە و تەواوی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.
3. دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی.
4. دەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پڕۆگرامەکانیان.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. ئەو یاسایانەی لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەرچووە.
2. تواناو شارەزایی عێراقیەکان (کە زۆر هەیە)، کە لە هۆکاری لاوازی واقعی پەروەردەیی دەکۆڵنەوە.
3. بودجەیەک کە لەگەڵ گرنگی فێرکاریی بگونجێ.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**

1. زیانی مرۆیی و ئابوری و بەهاکان و ڕۆشنبیریی.
2. کەموکوڕی و کیشەی دیکە کە ڕووی لە وڵاتەکەو کۆمەڵگاکە دەکات و بەشێوەیەکی فراوانتر گەشەدەکات.
3. لەکیس چوونی دەرفەتەکان بە شێوەیەک بەربەرستی بەردەم چارەسەری کێشەکان زیاتر دەبێت.
4. کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەکراو کە دەکەوێتە ئەستۆی نەوەکانی داهاتوو.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:**

1. پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنگەر؛ بەشێوەیەک فێرکردن ببێتە بنچینەی ئاشتی و بوژانەوەو سەمامگیریی.
2. دابینکردنی توانا مرۆییەکان بۆ بەگەڕخستنی ئەرکی نیشتمانی.
3. پەروەردەیەک کە هاوکاربێت بۆ چالاکوانانی بواری کۆمەڵایەتی و خەڵک بگوازێتەوە بۆ ئابوریەکی باشتر بەشێوەیەک تاک باوەڕی بە خۆی و وڵاتەکەی بێت.
4. پلانێکی زانستی کە ئەو بەربەستە چارەسەر بکات و سنوورێک بۆ بەفیڕۆدانی ماڵی گشتی دابنێت.

**پلانی کارکردن:**

1. پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا.
2. بەدواداچوونی کارەکان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو هاوکاریکردن بۆ جێبەجێکردنی پێشنیازەکان.
3. چڕکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بە گرنگزانینی فێرکردن بە پشتبەستن بە گێڕانەوەی متمانەبە فێرکاری، بۆ ئەوەی هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی باشتر.

## 17. خوێندنی باڵاو ڕاهێنانی لاوان بۆ بازاڕی کارکردن

ساڵانە عێراق کردنەوەی چەندین زانکۆ بەخۆیەوە دەبینێت کە زۆربەیان زانکۆی تایبەتن. لە عێراقی ئەمڕۆدا زیاتر لە 66 زانکۆی تایبت و 40 زانکۆی حکومی هەیە. ئامانج لە کردنەوەی زانکۆ تایبەتەکان دەوڵەمەندکردنی خاوەنەکانیانە. لە کاتێکدا بێکاری لە عێراقدا لە ئاستێکی بەرزە، کە بەزۆری بێکاری ژێرپەردەیە. بەشی زۆری ئەوانەی بێکارن دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانن.

عێراق سیستەمێکی ڕێنماییکردنی خوێندنی باڵای نییە کە لەسەر زانیاری وردو پێداوێستی بازاڕی کاری داهاتوو کاربکات. هەروەها پێویستی ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان کۆلێژە تایبەتەکان (ئەهلی) و وەزارەت لەڕووی زانستی و کارگێڕییەوە دەربخات، بۆئەوەی بەشداربێت لە بەدیهێنانی ستراتیژیەکی نیشتمانی گشتگیر، هەروەها مسۆگەرکردنی کواڵێتی فێرکردن و دەرهاوێشتەکان. جیاوازیەکە بۆ نموونە ئەوەیە لەگەڵ زۆری کۆلیژەکانی پزیشکی و دەرمانسازی کەچی نەخۆشەکان لە عێراق (هەبوو بێت یان هەژار) سەردانی وڵاتانی دیکە دەکەن بۆ چارەسەری وەکو هیند و ئیران و لوبنان و تورکیا و سوریا.

پارێزگاری لە کواڵێتی خوێندنی باڵا گرێنتیەکی گرنگە بۆ دەرچووی پسپۆڕیەکانی زانکۆ لە کوڕان و کچان، بۆ ئەوەی بچنەناو بازاڕی کارکردن بە سەرکەوتوویی، هەروەها بۆئەوەش کۆمەڵگای عێراقی خزمەتگوزاری پیشەیی بە کواڵێتیەکی بەرز بەدەست بهێنێت.لەبەرئەوە ترسمان هەیە لە دەرکردنی یاسای نوێ کە ئەو مەرج و ڕێوشوێنانە لابەرێت کە گرێنتی کواڵێتی فێرکردنن، بۆ نموونە ڕێگەنەدان بە پلە باڵاکان بۆ خوێندنی باڵا، بەشێوەیەک دکتۆرا مەرجی زانستی نەمێنێت و پلەپلەیی لە پایەی زانستی بەدەر لە ڕێنماییە ئەکادیمیەکان.

لەلایەکی دیکەوە عێراق پێویستی بە چالاکردنەوەی پیشەسازیە ناوخۆیی و کشتوکاڵیەکانە. هەموو ئەمانە پێویستی بە تواناو شارەزایی هەیە، کە ئامادەییەکان و پەیمانگای تەکنیکی تایبەتمەند کادیری بۆ دابین دەکا لەجیاتی خوێندنی ئەکادیمی زانکۆ. ئەمەش بەدەست نایەت تەنیا لەڕێگەی چاکسازی بەشە بچوکەکان نەبێت. کێشەکە پێویستی بە نزیکبوونەوەیەکی زانستی و واقعی بەرپرسیارانەیە لە سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکانی دەوڵەت، لە خوێندنی مەیدانی و زانیاری ورد دەست پێبکات، هەروەها لە هەڵسەنگاندنیپرۆگرامی پەیڕەوکراو و نوێکردنەوەی، هەروەها بەستنەوەی خوێندنی باڵا و کارە لەپێشینەکانی بە بازاڕو پێداویستیەکانی کەرتی تایبەت، بەبێ ئەوەی زانستە مرۆڤایەتیەکان و کۆمەڵایەتیەکان پەراوێز بخرێن کە ئەوەش بنچینەیە بۆ بنیاتنانی نیشتمان. هەروەکو عێراق پێویستی بەوەیە خوێندنی باڵاکەی ببێتە سەرچاوەو هاندەری داهێنان و بوژانەوەی کارەکان، هەروەها ئازادبوون لە دامەزراندنی فەرمانبەرانی حکومی وەکو سەرچاوەی بژێوی ژیان لەلایەن توێژ لاوان. پرسەکەش پەیوەندی هەیە بە ئابوری وڵات و تەواوی نەوەکان لەتوێژی لاوان.

## 17.ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی خوێندنی باڵاو ڕاهێنانی لاوان بۆ بازاڕی کار

**بەربەست:** دارمانی ئاستی فێرکاری جۆری و فێرکاری باڵا، لەبەرامبەر فراوانبونێکی چەندایەتی ناشایستە لە کردنەوەی کۆلێژە تایبەتەکان (ئەهلیەکان)، لەسەر حسابی ئاستی و جدیەتی ئەکادیمی ئاستی فێرکاریی، هەموو ئەمانەش دەکرێ بەبێ ئەوەی پێداویستیەکانی بازاڕی کار دابین بکرێت.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** بۆ پێشخستنی خوێندنی باڵاو باشترکردنی کواڵێتیەکەی، گرتنەبەری پێوەری پیشەیی کارا و بەستانەوە بە بازاڕی کار.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1.دوورخستنەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە دەستتێوەردانی سیاسی و جێبەجێکردنی چاکسازی بڕیاردراو بۆ مسۆگەرکردنی کواڵێتی خوێندن.

2.پیادەکردنی دامەزراوەی یاسایی و کارگێڕی و زانستی خوێندنی باڵا بەشێوەیەک بگونجێ لەگەڵ بەرنامەی کابینەی حکومەت 2018-2022، کە بڕیاریداوە بە کاراکردنی یاسای وەزارەتەکان و هەموارکردنیان یان دەرکردنی یاسای دیکە کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی پێشکەوتنی زانستی و کارگێڕی و پێداویستی بازاڕی کار.

3.گێڕانەوەی کۆلێژە تایبەتەکان بۆ ژێر سایەی دامەزراوەی یاسایی و کارگێڕی و زانستی سەربە وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق.

4.ناچارکردنی پێوەرەکانی وەرگرتن زانکۆ و کۆلێژە تایبەتەکان وەکو پێوەرەکانی وەرگرتن لە کۆلێژە حکومیەکان

5.مسۆگەرکردنی مافی خوێندن بۆ سەرجەم ڕۆڵەکانی عێراق و دابینکردنی دەرامەت بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەی کردار.

6.تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندنی باڵا(ماجستیر ودکتوراه).

7.دووبارە کارکردن بە بەرنامەی تواناسازی ناردنەدەرەوەی قوتابیان بۆ خوێندن.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەرئاستی کۆمەڵایەتی:**

بەڕێوەبردنی چاکسازی لەسەر ئاستی دامەزراوەکان بۆ هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی قوتابیان و ڕێنمایی کردنیان لە هەڵبژاردنی تایبەتمەندی گونجاو کە ئامادەیان بکات بۆ چوونە بازاڕی کارکردن.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1.دانانی پێوەری نوێ کە تایبەت بێت بە کواڵێتی دەرچووەکان(ئاستی قوتابیانی دەرچوو) و کواڵێتی کادیرەکانی وانەگوتنەوە دانان بە زانکۆ بیانیەکان.

2.دەرکردنی ڕێنمایی نوێ لەبارەی پلەبەرزکردنەوە یەکسانکردنی بڕوانامەکان.

3.هاندانی ئەنجامدانی توێژینەوە تەرخانکردنی پشتیوانی دارایی بۆی.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**

1.وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و سەرجەم فەرمانگەکانی، بەتایبەتی بەشی خوێندنی تایبەت (ئەهلی).

2.وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە بەغداو هەرێمی کوردستان.
2. پرۆگرامی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار بە خوێندنی باڵا لە بەغداو هەرێمی کوردستان.
3. وەبەرهێنان.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**

1. زیاتر دارمانی خوێندنی باڵا.
2. پاشەکشەی زانکۆ عێراقیەکان لە ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان.
3. زیادبوونی دەرچوانی خوێندنی باڵا.
4. لاوازبوونی توێژینەوەی زانستی.
5. بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:**

1. پێشکەوتنی دەرچووەکانی خوێندنی باڵا لەڕووی تواناو شارەزایی لە هەموو بوارەکاندا.
2. پێشکەوتنی زانکۆ عێراقیەکان لە ڕیزبەندی جیهانی.
3. پێشکەوتنی کادیرانی وانەبێژی.
4. پێشکەوتنی زانای توێژینەوەی زانستی لە عێراق.
5. مسۆگەرکردنی ئاسۆیەکی بەرهەمهێن و کارا بۆ لاوانی عێراق.

**پلانی کارکردن:**

پێکهێنانی لیژنەیەکی هەڵبژێردراو لە ڕاوێژکارانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق، شارەزایانی پسپۆڕیە جۆراوجۆرەکان لە فەرمانگەکانی وەزارەتەکان، سەرۆکی زانکۆ تایبەتەکان، ڕاگری کۆلیژە تایبەتەکان، هەروەها دامەزرێنەری زانکۆکان و کۆلیژە تایبەتەکان؛ لە پێناوی کارکردن لەسەر دەرکردنی یاساو ڕێنمایی نوێ بەشێوەیەک گونجاوبێت لەگەڵ کێشە دیاریکراوەکان و جێبەجێکردنی چارەسەریەکان.

## 18.تەندروستی و خزمەتگوزاری پزیشکی

لەکەس شاراوە نییە کە سیستەمی تەندروستی لە عێراق بەرلە سێ دەیە(سی ساڵ) باشترین سیستەم بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە پشتی دەبەستا بە سەرمایەکی فەراهەم، سیستەمی نەخۆشخانەی بە خۆڕایی و تەندروست، هەروەها پشتبەستن بە هاوردەکردنی دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی نوێ. دۆخی تەندروستی لە عێراق لەماوەی ئابلوقەی ئابوری و دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، بەرەو هەڵدێرو لێژبوونەوە هەنگاوی هەڵهێنا ئەمەش بەهۆی چەندین کێشەو کۆسپ و تەگەرەی بەرەو ڕووی ئەو کەرتە بویەوە.

هەڵبەتە پێویستە ئاماژە بۆ سیستەمی تەندروستی عێراق بکرێت کە لەو کەرتانەیە کۆمەڵگا زۆر پێویستی پێیەتی، بەتایبەتی لە ژێر سایەی بارودۆخێکی ناهەموارو شەپۆڵەکانی توندوتیژی کە عێراق بەردەوام بەخۆیەوە دەیبینێ. ئەم پێویستبوونە زیاتر بووە لەسەردەمی پەتای کۆرۆنا و دەرهاویشتەکانی لە کایەی تەندروستی، کە لە دۆخێکی سەختدا کاردانەوەی هەبوو و لەو مەیدانە چەندین کەس شەهید بوون.

ئەو دارمانە ئاستی دابینکردنی پێداویستی پزیشکی گرتەوە، شارەزایان و کادیرانی پزیشکی کۆچیان کرد، متمانەی عێراقیەکان بە سیستەمی تەندروستی پاشەکشەی کرد، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی بەرفراوانی هاوڵاتیان ناچاربن سەردانی دەرەوە بکەن بۆ بەدەستهێنانی چارەسەری گرنگی پزیشکی، لەکاتێکدا زۆربەی چین و توێژەکان پەراوێزخراون و ناتوانن گەشت بکەن و بەبێ چارەسەری و تەندروستی ماونەتەوە. سەرباری مافەکانیان لە چاودێری تەندروستی ڕاستەوخۆ، کۆمەڵگەی عێراقی پێویستی بە دامەزراوەی ئاوا هەیە کە بتوانن خزمەتگوزاری چاودێری پێویست پێشکەش بە ژمارەیەکی گەورە لە بریندارو خاوەن پێداویستی تایبەتی جەنگەکان بکەن.

## 18. ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی تەندروستی و خزمەتە پزیشکیەکان

**بەربەست:** داڕمانی کەرتی تەندروستی و وێرانبوونی ژێرخانی ئابوری دامەزراوە تەندروستیەکان و لەکارکەوتنی سەبارەت بە دابینکردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان بۆ هاوڵاتیان.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق بەتایبەت لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشورو ناوچەکانی ناکۆکی.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** گەیشتن بە ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆپارێزی و چارەسەری و ڕاهێنانێکی گشتگیرو تۆکمە بۆ سەرجەم هاوڵاتیان و سەرتاپای ناوچەکان، ئەمەش لە پێناوی کۆمەڵگایەکی ساغ و تەندروست لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. زیادکردنی پارەی تەرخانکراو بۆ کەرتی تەندروستی لە چوارچێوەی بودجەی تەندروستی حکومەتی ناوەندی.
1. نوێکردنەوەی ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارە بە پێشخستنی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی و کاراکردنی، هەروەها چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییانەی ڕووبەڕووی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان دەبنەوە.
2. مسۆگەرکردنی گەڕاندنەوەی تواناکان و میلاکە پزیشکیە تایبەتمەندەکان و دابینکردنی پارێزگاریی بۆی.
3. دانانی سیاسەت و پلانێکی کارکردن بۆ پێشخستنی سیستەمی تەندروستی و زیادکردنی ژمارەی میلاکاتی پزیشکی و مسۆگەرکردنی باشترین بەکارهێنانی دەرامەتە (دارایی و مرۆیی و ژێرخانی ئابوری وزانیاری و دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان)
4. پشتگیری کەرتی تەندروستی تایبەت کە تەواوکاری کەرتی تەندروستی گشتی بێت لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.
5. پاراستنی و چاودێری کەرتی تەندروستی گشتی و دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی بۆ نەخۆشخانە حکومیەکان.
6. زیادکردن و دووبارە ڕاهێنانەوەو دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی بۆ بنکە تەندروستیەکان و نۆڕینگە گەڕۆکەکان لە ناوچە هەژارنشینەکان و ناوچەکانی ناکۆکی.
7. پێداچوونەوە بە واقعحاڵی کۆلێژەکانی سەربە بەشە پزیشکیەکانی ئەهلی و حکومی و پەیمانگاکان، بەتایبەتی ئەو کولیانەی کە هەندێکیان کادیری وانەبێژی تایبەتمەندیان نییە.
8. چاودێریکردنی کادیرانی پزیشکی کە عێراقی نین و لە عێراقدا کاردەکەن، لە ڕووی وردبینی لە توانا زانستیەکانیان و لەڕووی پاراستنی مافەکانیان.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1. ئەنجامدانی زنجیرەیەک هەڵمەتی هۆشیاری لەبارەی ڕێکارە تەندروستیەکان.
2. بەهێزکردنی هاوبەشی کۆمەڵگەیی کارا و کارکردنی خۆبەخشانە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە جێبەجێکردنی هەڵمەتی هۆشیاری تەندروستی و تەندروستی زاییندەگی (الإنجابية).

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. پشتگیری کەرتی تەندروستی گشتی و چاککردنی خێرای واقعحاڵی نەخۆشخانە حکومیەکان، هەروەها زیادکردن و کردنەوەی نەخۆشخانەی حکومی و دابەشکردنی بەسەر شاروشارۆچکە عێراقیەکان کە بگونجێت لەگەڵ چڕی دانیشتوان.
2. چاودێری هاوردەکردنی دەرمان و وردبینی لە سەلامەتی کواڵێتی ئەوەی هاوردە دەکرێ، هەروەها کاراکردنی ئەو یاسایانەی تایبەتن بە سزادانی کەمتەرخەم و سەرپێچیکاران.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:** حکومەتی ناوەندی و وەزارەتی تەندروستی و حکومەتە خۆجێیەکان و فەرمانگە تەندروستیەکان لە پارێزگاکان و دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. دەرامەتی وەزارەتی تەندروستی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە تەرخان دەکرێ.
2. پشتگیری ڕێکخراوە تایبەتمەندیەکانی تەندروستی و تەندروستی زاییندەگی (الإنجابية).

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**

پاشەکشەی گەشپێدانی بەردەوام و بەدینەهاتنی ئامانجەکانی ئاستی تەندروستی گشتی خەڵک.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکان:**

کۆمەڵگایەکی ساغ و تەندروست لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لە میانەی چاککردنی چاودێری تەندروستی سەرەتایی وخزمەتگوزاریە تەندروستیەکا بەگێرەی پێوەرەکان و کواڵێتی.

**پلانی کارکردن:**

1. دیراسەکردنی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی پێداویستیەکانی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە ناوچە هەژارو زیانلێکەوتووەکان بە هۆی شەڕو ناکۆکیەکان.
2. دامەزراندن و ڕاهێنانی و دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی بۆ بنکە تەندروستیەکان، یان نۆڕینگە گەڕۆکەکان لە ناوچە هەژارنشینەکان و ناوچەکانی شەڕو کێشەکان.
3. کەمکردنەوەی کرێی پزیشکانی کەرتی تایبەت.
4. توفير الأدوية والمستلزَمات الطبية.
5. کردنەوەی بنکەکانی ڕاهێنان بۆ کادیرو کارمەندانی پزیشکی لە پارێزگاکان و گوندە دوورەدەستەکان.

# 19. تەندروستی دەروونی

تەندروستی دەروونی بەشێکی بنەڕەتیەو جیاناکرێتەوە لە تەندروستی. لەو چوارچێوەیە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆچوونی وایە کە «تەندروستی واتە سەلامەتی و تەندروستی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی نەک تەنیا لەدەستدانی نەخۆشەکەو کەمئەندام بوونی»؛ واتە چەمکی تەندروستی دەروونی شاردنەوەی هەڵچوون و حاڵەتی کێشەی دەروونی نییە، بەڵکو تەندروستی دەروونی واتە ساغی و چاکبوونەوە، دەکرێ تاک توانا کەسیەکانی خۆی پەرەپێبدا و خۆی ڕابهێنێ لەگەڵ جۆرەها هەوڵدانی ئاسایی و بە دڵسۆزیەوە کاربکات و بەشداربێت لە کۆمەڵگاکەی[41].

گومان لەوە نییە کە گەلی عێراق لەو دە ساڵەی ڕابردوو چەند شەپۆلێکی شەڕو و تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینی، سەرباری تیرۆرو ئاوارەبوون، بەشێک لە خەڵکەکەی ڕووبەڕووی شۆک بوون و جۆرەها نەخۆشی بوونەوە کە لایەنی تەندروستی دەروونی ئەوانی گرتەوە. لەوبوارە هەر دەبێ چاودێری ئەو منداڵ و ئافرەتانە بکرێت کە لەژێر جەنگ و چەوساندنەوەکان ناڵاندویانە چونکە گرنگیەکی زۆرو بەپەلەی هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕفێندراو بوون لەلایەن چەکدارانی داعش. سەرباری ئەمانەش پەتای کۆڤید19 و دەرهاوێشتەکانی فشارو هەڵچوونی دیکەی دەروونی دروستکرد بەهۆی ئەو بەندوبارەی لەسەر جولانەوەو هاتووچۆو کۆبونەوەکانی دروستکرد، بەتایبەتی لە دەستدانی کارو وەزیفەکان و مردنی نزیک و خۆشەویستان و دڵەڕاوکێ لە سەختی ژیان. چەندین ڕاپۆرت بڵاوبوونەوە لەبارەی هەڵکشانی ڕێژەی توندوتیژی هاوسەران و بەرزبوونەوەی ئاماری خۆکوشتن.

عێراق بە شێویەکی ئازاربەخش دەناڵێنێ بەهۆی کەمی پزیشکان و پسپۆڕانی دەروونی. لەکاتێکدا نۆ کارمەند لە چاودێری تەندروستی دەروونی هەیە بۆ 100.000 کەس لەسەر ئاستی جیهانی، ئەو ڕێژەیە لە عێراق نزم بووەتەوە بۆ کەمتر لە دوو کارمەند بۆ 100.000 کەس، کە یەک لە سێی ئەوانەش پسپۆڕ نین؛ واتە وڵاتەکە کەموکوڕیەکی مەترسیداری هەیە لە ژمارەی پزیشکان و ئەوانەی چارەسەرکارانی دەروونی و پارەی تەرخانکراوی عێراق بۆ تەندروستی دەروونی لە 2% ی بودجەکەی بۆ تەندروستی تێپەڕناکا، لەگەڵ ئەوەش لەبەرامبەرهەر دۆلارێکی ئەمریکی وەبەرهێنان دەکرێ بۆ بەهێزکردنی چارەسەری هەڵچوونە باوەکان وەکو (خەمۆکی و دڵەڕاوکێ)، کەچی پێنج دۆلاری ئەمریکی تەراخان دەکرێ بۆ بواری چاککردنی تەندروستی.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی کاردەکەن بۆ فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری پشگیری تەندروستی عەقڵی و دەروونی بۆ ئەو گرووپانەی لاوازترن لە کۆمەڵگا کە بگونجێت لەگەڵ ڕۆشنبیری عێراق بەپشتبەستن بە بەڵگەو بەها کۆمەڵایەتیەکان. لە ستراتیژیەکدا کارمەندانی چاودێری تەندروستی

41 بروانە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، «الصحة النفسیة: تعزیز استجابتنا».

و دەروونی ڕاهێنانیان پێدەکرێت دواتر لەکاتی هەڵسوکەتیان لەگەڵ نەخۆشیەکان و هەڵچوونە دەروونیە باوەکان سەرپەرشتی دەکرێن. لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵدانەش تاکو ئێستا زۆربەی خەڵک ناتوانن بەئاسانی خزمەتگوزاریە دەروونیەکان بەدەست بهێنن. لەبەرئەوە پێشخستنی سیستەمێکی جێگیر بۆ پشتگیری دەروونی لە وڵاتێک کە پێویستی زۆری هەیە، ژمارەی کارمەندانی پسپۆڕ لە تەندروستی دەروونی کەمە، لەو حاڵەتە پێویستی بە کاتی زیاترو هەوڵدانی پترە، ئەمەش گرنگیەکی زیندوی هەیە بۆ تەندروستی دەروونی عێراقیەکان و سەقامگیریی و بوژانەوەی کۆمەڵگەی عێراق.

## 19. ڕاسپاردەی سیاسی دەربارەی تەندروستی دەروونی

**بەربەست:** پێویستیەکی زۆرو بەرفراوان بە چاودێری تەندروستی دەروونی هاوڵاتیان لە ژێرسایەی کەمی دەرامەت و تواناکان.

**چوارچێوەی بەربەست:** هەموو عێراق بەتایبەتی ناوچە ئازادکراوەکان لە جەنگی داعش.

**گۆڕانی چاوەڕوانکراو:** بوونی کارمەند و خزمەتگوزاری کە کواڵێتیەکەی بەرزبێت و بتوانێت پێداویستی و داخوازی خێراجێبەجێ بکات لە هەموو عێراق ئەمەش بە ئامانجی بەهێزکردنی تەندروستی دەروونی.

**چارەسەری دەروونی لەسەر ئاستی سیاسی:**

1. ئەنجامدانی گرێبەستی بەهاوبەشی کارکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە جیهانیانەی خاوەنی توانان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی بەهاوکاری لەگەڵ پسپۆڕانی ناوخۆ.
2. دەسپێکردن بە پێشخستنی ئەو پسپۆڕیە ئەکادیمیانەی پەیوەستن بە تەندروستی دەروونی لە زانکۆ عێراقیەکان.
3. دانانی بەرنامەیەکی نیشتمانی گشتگیر بۆ بەهێزکردنی تەندروستی دەروونی.

**چارەسەری گونجاو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

هۆشیاری سەبارەت بە چاودێری تەندروستی دەروونی و ئازادبوون لەو لەکەداری و عەیبەیەی پێیوە نوساوە.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1. بۆ دانانی بەرنامەیەکی نیشتمانی گشتگیر، پێشخستنی کۆمسیۆنی تەندروستی دەروونی لە وەزارەتی تەندروستی.
2. دەستکردن بە ئەنجامدانی پرۆسەیەک بۆ پێشخستنی پسپۆڕی پێویست لەو بوارە لە زانکۆ عێراقیەکان، هەروەها هاندانی قوتابیان بە پەیوەندیکردن بەو پسپۆڕیانە.
3. هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بۆ چڕکردنەوەی پرۆگرامی پشتگیری و هاوکاری دەروونی بۆ هاوڵاتیان.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:** حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و سەندیکای پزیشکان و دەسەڵاتە خۆجێیەکان و فەرمانگەی تەندروستی لە پارێزگاکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. پرۆگرامی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ تەندروستی دەروونی لە عێراق.
2. کارمەندانی عێراق.

**زیانەکانی چارەسەرنەکردن:**

زیاتربوونی تەنگژە دەروونیەکان و داکشان و خراپ بوونی تەندروستی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان لەگەڵ ئەو دەرهاوێشتانەی پەیوەندی هەیە بە کەموکوڕی بەرهەمهێنان و سەقامگیری هەیە.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:**

کۆمەڵگایەکی ساغ و تەندروست لەڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە بتوانێت تەنگژەکان تێپەڕ بکات و داهاتووی تاک و کۆمەڵ بەشێوەیەکی دروست بنیات بنێت.

**پلانی کارکردن:**

1. دیراسەکردنێکی گشتگیری واقعی پێداویستیەکان و ئەو دەرامەتەی لە ناوخۆدا بەردەستە، لەگەڵ بە هاوبەشی کاردن لە ئاستی نێودەوڵەتی.
2. دانانی پلانێک بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان لە هەموو ناوچەکانی نیشتمان.
3. دانانی بەرنامەیەکی ئەکادیمی پێویست بۆ زیادکردنی ژمارەی کارمەندان.

## 20. پاراستنی ژینگەو دەرامەتە سروشتیەکان

سروشتی عێراق دەوڵەمەندە بە هەموو ڕەگەزە فرەجۆرەکانی لە چیاکانی هەرێمی کوردستانەوە تا دەگاتە کەنداو، بە بیابان و ڕووبارەکانی دیجلەو فوڕات تێپەڕ دەبێت کە ئەم دوو ڕووبارە ناوی «وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە»یان بە عێراق بەخشیوە، سەرباری سامانی ژێرزەوی و ڕووەکی و چەندانی دیکە.بەڵام عێراق ڕووبەڕووی وێرانکاریەکی گەورەی ژینگەی سروشتی بوەتەوە، ئەمەش بەهۆی جەنگە یەک لەدوای یەکەکان و لەئەنجامی بەکارهێنانی چەکی تەقلیدی و نا تەقلیدیەکان زەوی و ئاووهەواکەی پیس بووە. دوای ئەوەش نەبوونی سیاسەتی پاراستنی ژینگەو لاوازیی بەڕێوەبردنی پاشماوەی زبڵ و خاشاک و ئەو هۆشیاریەی پەیوەستە پێیەوە، هەموو ئەمانە هۆکاری دیکەن بۆ قوڵکردنەوەی ئەو تەنگژەیە، ئەمەش وایکردووە چارەسەریەکان زۆر گرنگ و پێویست بن.

ساڵی 2008 وەزارەتی ژینگە دامەزرا[42]، هەروەها لە 2009/12/13 یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە پەسەندکرا کە ئامانجی بریتی بوو لە: « لابردن و چارەسەرکردنی ئەو زیانەی هەیە یاخود ئەو زیانەی بە ژینگە گەیەندراوە، هەروەها پاراستنی تەندروستی گشتی و دەرامەتی سروشتی و فرەجۆری زیندەوەرزانی و کەلتووری ڕۆشنبیری و سروشتی بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە تایبەتمەندەکان بەشێوەیەک کە گەشەپێدانی بەردەوام مسۆگەربکات و هاوکاری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لەو بوارە بەدی بهێنێت»[43]. یاساکە دەخوازێت «ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە » دابمەزرێت کە بەسترابێتەوە بە وەزارەتی ژینگەو نوێنەرانی بیست وەزارەتی پەیوەندیدار بەو دۆسیەیە لەخۆبگرێت، سەرباری نوێنەرانی ئەمینداریەتی بەغداد و دەستەی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی تیشکی[44]. جگەلەوە یاساکە تێبینی ئەوەی کردووە کە پێویستە ئەنجومەنێکی خۆجێیی دابمەزرێت بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەموو پارێزگایەک[45].

ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکان لەو بوارە کۆکن لەسەر ئەوەی چارەسەرکردنی ئەم پرسە ڕۆژ بەڕۆژ پێویست و گرنگتر دەبێت[46]. داننان بە کارەساتباری ئەو واقعەی ژینگە، پاڵنەرە بۆ ئەوەی کە داوای بە خێرایی دانانی پلانێکی نیشتمانی گشتگیر بکەین، کە پشت ببەستێت بە ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندنێکی زانستی تۆکمە بۆ دۆخی ژینگە، هەروەها دانانی بەرنامەیەکی ناوچەیی بۆ پارێزگاریکردن لە سەلامەتی دەرامەتی سروشتی و بەردەوامبوونی، ئەمەش بەهۆی شوێنەواری لە ئابوری و تەندروستی و گەشتیاری و گەشەپێدان بە شێوەیەکی گشتی.

42 وەزارەتی ژینگە دامەزرا بەگێرەی یاسای ژمارە 2008/37.
43 یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە 27 ساڵی 2009،ماددەی یەکەم.
44 ڕوانە یاسای 2009/27، ماددەکانی 3 و4.
45 بروانە یاسای 2009/27، ماددەی 7.
46 بروانە راپۆرتی وەزارەتی ژینگە، حالة البيئة في العراق، 2017.

## 20.ڕاسپاردەی سیاسی لەبارەی پاراستنی ژینگەو دەرامەتی سروشتی

**بەربەست:** وێرانکاریەکی کەڵەکەبووی ژینگەی سروشتی و نەبوونی سیاسەتێکی پوخت و زانستی بۆ پاراستن و چاککردنی، کە بویتە هۆکارو دەبێتە هۆکاری کارەساتی مرۆیی لە عێراق.

چوارچێوەی بەربەست: هەموو عێراق.

**گۆڕانی چاوەڕواکراو:** پاراستنی ژینگەو چاککردنی لە میانەی لابردن و چارەسەرکردنی ئەو زیانەی بەریکەوتووە، هەروەها پارێزگاریکردن لە تەندروستی گشتی و دەرامەتی سروشتی و فرەجۆریی زیندەوەرزانی و سروشتی؛ بە هاوکاریی لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکان کە گەشەپێدانی بەردەوام مسۆگەر بکات و هاوکاریی نیشتمانی و نێودەوڵەتی و هەرێمی لەو بوارە بهێنێتە دی.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی سیاسی:**

1.کاراکردنی جێبەجێکردنی یاسایژمارە (27)ی ساڵی2009کە پەیوەندیدارە بە پاراستنی ژینگەو چاککردنی و لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەرچووە،
2.دانانی ئەو یاسایانەی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەکارهێنانی مادده کیمیایی و پلاستیکیەکان.
3.دانانی یاسای خێرا کە ڕێگریبێت لەوەی ناوچە کشتوکاڵیەکان بگۆڕدرێن بۆ کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون.
4.قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گۆڕەپانە سەوزەکان بەمەبەستی دروستکردنی باڵەخانەو مەبەستی بازرگانی لەناو شارەکان.
5.چارەسەرکردنی کێشەی پیسبونی ئاوی خواردنەوە .
6.چاککردنی زەوی کشتوکاڵی و پوختکردنەوەی بەکارهێنانی ئاو بۆ مەبەستی کشتوکاڵ بە بەکارهێنانەکی زانستیانەی نوێ، هەروەها ڕاکێشانی ڕووبارەکان و پاککردنەوەیان.
7.تەرخانکردنی سەعاتەکانی پرۆگرامی خوێندن بۆ هۆشیاری ژینگەپارێزی.
8.سوودوەرگرتن لە شارەزایی و بیانی لە دەورانی بەکارهێنانەوەی زبڵ و پاشماوەکان.

**چارەسەری پێشنیازکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:**

1.بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتیبە پارێزگاریکردن لە سەلامەتی ژینگە و پێشکەشکردنی ڕێنمایی زانستی بۆ ئەم مەبەستە.
2.کەمکردنەوەی بەکارهێنانی مادده پلاستیکیەکان.
3.بەشدارپێکردنی کۆمەڵگا بەتایبەتی دامەزراوە مەدنیە حکومیەکان و فێرکارییەکان لە پاککردنەوەی ژینگە.

**میکانیزم و ڕێکارەکانی جێبەجێکردن:**

1.ڕێنماییکردنێکی پەروەردەیی بۆ میدیا.
2.هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان.
3.کاراکردنی ڕۆڵی دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ پاراستنی ژینگە.

**لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردن:**

1.وەزارەتی ژینگ، وەزارەتی نەوت ، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دیکە.
2.ئەنجومەنی پاراستنی ژینگەو چاککردنی لە پارێزگاکان.
3.لایەنی پەیوەندیدار بە پارێزگاریکردنی ناوچە کەلەپووریە سروشتی و ڕۆشنبیریەکان.

**دەرامەتی بەردەست:**

1. لیژنە تایبەتمەنداکانی پاراستنی ژینگەو چاککردنی.
2. زانکۆکان و دامەزراوە پەروەردەیی و میدیاییەکان.
3. تەرخانکردنی پارە لە بودجەی گشتی.
4. کادیرە عێراقیە ڕاهێندراوو ئامادەکراوەکان بۆ گرتنەدەستی ئەم ئەرکە.
5. دەستەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

**زیانەکانی چارەسەر نەکردن:**

1. زیادبوونی نەخۆشیەکان بەتایبەتی ئەو نەخۆشیە ترسناکانەی لە ئەنجامی ئەو وێرانکاریەوە دێت کە دژی ژینگە ئەنجامدەدرێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی ماددەی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەماوەی جەنگەکانی ڕابردوو.
2. کۆچی ناوخۆیی بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکان.
3. شێواندنی خاک بەهۆی لەدەستدانی تایبەتمەندیە سروشتیەکانی کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەر تواناکانی بەرهەمهێنان.
4. تەنگژەی ئاو.
5. گۆڕانکاری لە پلەی گەرمی و کەموکورتیە لە ئاووهەوا.
6. شێواندنی دیمەنی سروشتی.

**بەرهەمی گۆڕانی چاوەڕوانکراوو سوودەکانی:**

1. هاتنەکایەی ژینگەیەکی تەندروست کە هاوکاردەبێت بۆ دروستبوونی مرۆڤێکی ساغ و تەندروست.
2. دروستکردنی پەیوەندیەکی دروست لە نێوان مرۆڤ و ژینگە.
3. ژینگەیەکی سەوزو تەندروست کە بەرهەمی ئابوری هەبێت
4. پاراستنی ئاو لە پیسبوون.
5. پێشخستنی کشتوکاڵ و کەمکردنەوەی بەبیابانبوون، پاراستنی چڕی پلانی نیشتەجێکردن.

**پلانی کارکردن:**

1. دەستکەتنی سیاسەتێکی ژینگەیی نیشتمانی گشتگیر بە پرۆگرامێک کە هەموان تیایدا بەشدار بن.
2. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی بەردەوام کە ئەو زیانەی بە ژینگە دەگەیەندرێت لە خۆبگرێت، هەروەها پێشکەشکردنی ڕێنمایی زانستی لە پێناوی چاککردنی بە سەرپەرشتی کادیری زانستی تایبەتمەند.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتێکی نیشتمانی گشتگیر کە ئامانجی زیادکردنی هۆشیاری ژینگەیی و دیاریکردنی ئەو مەترسیانە بێت کە بەهۆی پاشەکشەی ئەو هۆشیاریەوە دێت.
4. چاودێری جێبەجێکردنی کارای بەرنامە ژینگەییەکان.

# پاشکۆی یەکەم

## بەشداربوانی گفتوگۆکە

خاتو ئەمەل فەرەج

شێخ ئەنەس مەحمود عیساوی

خاتو ئەیهان تەلعەت

راوێژکار د. جابر جابری

بەرێز جەمال جەواهیری

شێخ جیهاد ئەلئەسەدی

وەزیر د.حەسەن نازم

سەید زەید تالقانی

سەید زەید بەحر ئەلعلوم

د.سەعد سەلوم

پەرلەمانتار سائیب خدر

د.زیا ئەلئەسەدی

بەڕێز عارف کامل هەباش

د.عەباس کازم

شێخ عەبدولوەهاب سامەرائی

د.عەقیل خاقانی

پەرلەمانتار د.عەلی شوکری

د.عەلی حاتەم ئەلحەسەن

د.عەلی حاکم ساڵح

بەرێز عومەر ئەلشاهر

د.فارس کەمال نەزمی

راوێژکار فەرهاد عەلائەدین

وەزیر د.قوسەی سهێل

وەزیر د.لوئەی خەتیب

بەڕێز مەریوان نەقشبەندی

دکتۆرە مونا یوحەنا یاقو

خاتو نادیە فازڵ

دادوەر هادی عەزیز عەلی

(کۆچکردو) هشام ئەلهاشمی

خاتو هەنا ئەدوەر

پەرلەمانتار هۆشیار عەبدوڵا

پەرلەمانتار خاتو هەیفا ئەمین

مەتران د. یوسف تۆما

# پاشکۆی دووەم

## دەزگا رێکخەرەکان

**سەنتەری رەشاد بۆ بەرێوەبری رۆشنبیری**

**ئەدیان:** دەزگایەکە بۆ فرەیی و هەماهەنگی و کەرامەتی مرۆڤایەتی «کە دەزگایەکی سەربەخۆی نا سیاسی و قازانج نەویستە و بارەگاکەی لە لوبنانە .

## ئەم پرۆژەیە جێبەجێ کراوە بەهاوبەشی لەگەڵ

**کورسی یۆنسکۆ لەزانکۆی کوفە بۆ لێکۆڵینەوەی**
گفتوگۆی ئاینەکان لەجیهانی ئیسلامی «کە گرنگی دەدات بەپێشکەشکردنی زانیاری ئەکادیمی لەبواری مرۆڤایەتیدا و بەتایبەتیش لێکۆڵینەوە پەیوەندیدارەکان بە ئاین و مەزهەبەکان و هاندانی رۆشنبیری گفتوگۆ و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و رێزگرتنی مافەکان

**کۆمەڵەی هیوای عیراق**
کاردەکات بۆ بەشداری لەپێگەیاندن و بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەپێناو مسۆگەرکردنی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی بەردەوام لەعیراقدا

**دەزگای مەسارات بۆ گەشەپێدانی رۆشنبیری و راگەیاندن**
کاردەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەکەمینەکان و هۆشیاری کۆمەڵ و گفتوگۆی ئاینەکان لەپێناو پەرەپێدانی رۆشنبیری لەعیراق و جیهانی عەرەبی.

## هاوکاری پارەدارکردنی پرۆژەکە

**دەزگای کاربکە - کەنیسەی سوید**
کاردەکات لەپێناو کەرامەتی هەمو خەڵك و دەستەبەرکردنی مافەکانیان بەبێ جیاوازی و هۆکاری ئاین یان رەچەڵەك «ئەم دامەزراوەیە هەوڵ دەدات بۆ قوڵکردنەوەی گەشەپێدانی بەردەوام بەهاوکاری چەند دازگایەکی هاوبەش.

ئەم ڕاپۆرتە بەرهەمی گفتوگۆی ئاراستەی دووەمە لەنێوان ئەو کەسایەتیە عیراقیانەی بەشداریان تێدا کرد بۆیە ناوەرۆکەکەی تەعبیر لەو دامەزراوە و شوێنانە ناکات کە کاری تێدا دەکەن هەروەها هەڵوێستەکانیشیان لەم ڕاپۆرتەدا مانای ئەوە نیە کە هەموو وردەکاری و تێگەیشتنەکانی ناو ڕاپۆرتەکەیان تەبەنی کردبێ هەروەها ڕاپۆرتەکە بەمانای ئەوە نیە کە تەعبیر لە بۆچونی سەنتەری ڕەشاد و هاوبەش و هاوکار و پشتیوانانی ئەم پرۆژەیە بێت.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن پرۆفیسۆر فادی زو ئیدارە درا و سەرپەرشتی نوسینەوەی ڕاپۆرتەکەی کرا .

ئاسانکاری گفتوگۆی بەشداربوانیش لەلایەن د.ئەنتوان حەداد کرا.

هەمو مافێکی بۆ دەزگای ئەدیان و سەنتەری ڕەشاد بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیری پارێزراوە - 2021
www.adyanfoundation.org
contact@adyanfoundation.org

